IX ٩نیشانەکان

Why Trust the Bible?

# بۆچی متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین؟

گرێگ گیلبرت

وەرگێڕان: نەریمان تاهیر

ئەندازیار سروش

«باوەڕدارانـی ئـەم سـەردەمە، زیاتـر لـە هـەر سـەردەمێکی دیکـە، پێویسـتە بزانـن چـۆن بەرگـری لـە ڕاسـتیی «وشـەی خـودا» دەکـەن لەنێـو جیهانێکـدا کـە هەتـا دێـت دژایەتـی تێیـدا زیـاد دەکات. گیڵبـەرت لـەم کتێبـەدا بەڵگـەی بەهێـز ئاراسـتەی بـاوەڕداران و بێبـاوەڕان دەکات و پاڵپشـتی ڕاسـتگۆیی کتێبـی پیـرۆز دەکات، بـەوە بـاوەڕداران چەکـدار دەکات بـە کەرەسـتەی گرنـگ بـۆ ئـەوەی لـەم جیهانـە پـڕ لـە گومـان و دوودڵییـەدا چـالاک بـن.»

**جۆش مکداوڵ، نووسەر و وتاربێژ**

«ئـەم کتێبـە پێویسـتییەکی گـەورە دابیـن دەکات لـە سـەردەمێک کـە خەڵکـی هەمـوو جـۆرە پرسـیارێک دەکـەن لەبـارەی کتێبـی پیـرۆز و ڕادەی ڕاسـتگۆییەکەی بـەر لـەوەی تەنانـەت تەماشـای بکـەن و بیخوێننـەوە. ئـەم بەرهەمـەی گرێـگ گیڵـبرت، «بۆچـی متمانـە بـە کتێبـی پیرۆز بکـەم؟»، وەڵامـی ئـەو پرسیارە دەداتـەوە بـە لێکۆڵینـەوە لـە کۆمەڵێـک بابـەت کـە خەڵکـی زۆر جـار دەیوروژێنـن بـۆ ئـەوەی مەزنتریـن کتێـب نەخوێننـەوە کـە کتێبـی پیـرۆزە. بـە زمانێکـی سـادە پێـمان دەڵێـت کـە بۆچـی دەتوانیـن متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بکەیـن و سـەرنجێکی ورد بخەینـە سـەر ئـەوەی کـە دەربـارەی ژیـان دەیڵێـت.»

**دارڵ ئێڵ. بۆک**

بەڕێوەبـەری جێبەجێکاریـی ڕێکخـراوی چالاکیـی کەلتوریـی هـاورد. جـی. هێندرکـس، مامۆسـتای توێـژەر لـە بەشـی لێکۆڵینـەوە لـە پەیمانـی نـوێ لـە کۆلیـژی یەزدانناسـیی دالاس

«ئایـا بەڕاسـتی دەتوانیـن متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بکەیـن؟ پرسـیارێکی زۆر گرنگـە کـە شـایانی بیـر لـێ کردنەوەیـە، بـە تایبەتـی لـە بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو گومانانـەی کـە باڵادەسـتە لەسـەر کەلتوورەکەمـان. گرێـگ گیڵـبرت ڕاسـتەوخۆ دەچێتـە سـەر ئـەو پرسـیارە، وەڵامـی ڕوون و باوەڕپێکـەر پێشـکەش دەکات کـە یارمەتـی خوێنـەر دەدات متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بـکات. ئـەم کتێبـە بـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ دادەنرێـت بـۆ ئامادەکردنـی بـاوەڕداران بـۆ ئـەوەی بـە دڵگەرمییـەوە بەرگـری لـە کتێبـی پیـرۆز بکـەن، هەروەهـا ئالنـگاری گومانکـەران دەکات بـۆ ئـەوەی چـاو بخشـێننەوە بـە هەڵوێسـتەکانیان. بـە ڕادەیەکـی زۆر سـوودم لـەم کتێبـە بینـی.»

**کرسچن وێگەرت**

قەشـەی گـەورەی کڵێسـای ئارشـە گێماینـدە، هامبـۆرگ، ئەڵـمان

«ئـەم کتێبـە ناوازەیـە پوختەیەکـی بێوێنـە لـە بەڵگـە پێشـکەش دەکات بـۆ پاڵپشـتیی لایەنـی مێژوویـی کتێبـی پیـرۆز. هەروەهـا دەتوانـرێ بگوتـرێ، پوختەیەکـی گشـتگیر و پـڕ لـە بەڵگەیـە؛ بـە وردی چووەتـە نێـو بابەتەکـە و ئاسـانە بـۆ خوێندنـەوە و قایلکـەرە. مـن نـە تەنهـا هانتـان دەدەم بـۆ خوێندنـەوەی، بەڵکـو هـەوڵ دەدەم بیـدەم بـە چەندیـن هـاوڕێ و نـاسراوم، لـە بـاوەڕدار و بـێ بـاوەڕ.»

**وڵیام تەیلەر**
ڕاگری زانکۆی سەینت هێلین بیشەپسگەیت لە لەندەن
نووسەری (کتێبی تێگەیشتن لە سەردەمەکان و هاوبەشی)

«زۆرێـک لـەو قوتابییانـەی کـە مـن دەیاننسـام، دەزانـن کـە پێویسـتە متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بکـەن، بـەڵام هۆکارەکـەی نازانـن، بۆیـە زۆر جـار متمانـەی پـێ ناکـەن. ئـەم کتێبـە بـە ڕوونـی و ئاسـانی وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە کـە بۆچـی دەبێـت متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بکەیـن. لەبـەر ئـەوەی بـە ڕێگایەکـی زۆر ئاسـان نـووسراوە و پشـت بـە لێکۆڵینەوەیەکـی زۆر دەبەسـتێت، یەکێکـە لـەو سـەرچاوە نوێیانـەی کـە لێکۆڵـەران و باوەڕدارانـی نـوێ دەبێـت بیخوێننـەوە».

**جەی. دی. گریر**
قەشـەی گـەورەی کڵێسـای سـەمیت لـە دورهامـی ویلایەتـی کارۆلینـای باکـوور
نووسـەری کتێبـی (عیسـا بەردەوامـی بـە وتەکانـی دا... بۆچـی ئـەو ڕۆحـەی لـە دەروونـی تۆدایـە باشـترە لـەوەی کـە عیسـا لـە تەنیشـتت بـێ)

«گرێـگ گیڵـبرت ڕێنماییەکـی برایانـە و قایلکەرمـان دەخاتـە بەردەسـت، هەروەهـا ڕێڕەوێکـی گرنـگ بـۆ متمانەپێکـردن بـە کتێبـی پیرۆزمـان پـێ دەناسـێنێت. هەروەهـا لـە ڕێگـەی چەندیـن بەڵگـەی ئاڵـۆزەوە پێـمان دەڵێـت کـە دەتوانیـن بـاوەڕ بە کتێبـی پیرۆز بکەیـن کـە بەڵگەنامەیەکی مێژوویـی ڕاسـت و دروسـتە. بـۆ ئەوانـەی کـە لێکۆڵینـەوە لـە کتێبـی پیـرۆز دەکـەن و ئەوانـەی کـە حـەز دەکـەن مزگێنیـی بـدەن، ئـەم کتێبـە ڕێـگا ڕۆشـن دەکاتـەوە، نـەک تەنهـا بـۆ ئـەوەی باشـتر لـە کتێبـی پیـرۆز بڕوانـن، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی چاویـان بـە مەسـیحی هەسـتاوەش بکەوێـت.»

**کاتلین بی. نیلسۆن**
بەڕێوەبـەری دەستپێشـخەری ژیـان، لـە تـۆڕی کڵێسـاکانی هاوپەیمانـی کتێبـی پیـرۆز

٩نیشانەکان

# بۆچی متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین؟

## گرێگ گیڵبرت


Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم بەرهەمە وەرگێڕانێکە لە کتێبی:

Why Trust the Bible?
Copyright © 2015 by Gregory D. Gilbert
Published by Crossway
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187

9Marks ISBN: 978-1-955768-07-8

- ناوی کتێب: بۆچی متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین؟
- نووسەر: گرێگ گیڵبرت
- وەرگێڕانی: نەریمان تاهیر & ئەندازیار سروش eng.srush@gmail.com
- چاپی یەکەم، ٢٠٢١
- چاپخانە:
- تیراژ:
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

بۆچی متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین؟
مافی بڵاوکردنەوەی لەلایەن گرێگ دی. گیڵبرت
(کرۆسوەی) هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.
ناونیشان:
Crescent Street 1300
Wheaton, Illinois 60186
هەموو مافەکانی پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێتەوە، یان بە هەر ڕێگەیەک و بە هەر شێوەیەک ببەخشرێت، ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی، مەگەر ئەوەی کە لەگەڵ یاسای مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بگونجێت.

دیزاینی بەرگ: ماتیۆ واڵ
چاپی یەکەم، 2015
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ کراوە.
ئایەتەکان لە وەشانی ئێن ئای ڤی (وەشانی نێودەوڵەتی نوێ)وە وەرگیراوە.
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی کاغەزی: 978-1-4335-4346-3
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی پی دی ئێف: 978-1-4335-4347-0
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی مۆبیپاکێت: 978-1-4335-4348-7
ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی: 978-1-4335-4349-4

کتێبخانەی کۆنگرێس، کەتەلۆگی داتا و زانیاری بڵاوکراوە
گیڵبرت، گرێگ. 1977
بۆچی متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین؟ / گیڵبرت، گرێگ. (کتێبەکانی 9نیشانەکان)
ژمارەی ستاندەردی نێودەوڵەتی 978-1-4335-4346-3 (hc)
dc23 - 220.1

2015007181
کرۆسوەی خزمەتێکی بڵاوکردنەوەیە بۆ هەواڵی خۆش.
LB 24 23 22 21 20 19
18 17 16 15
14 13 12 11 10 9 8 7 6 5
4 3 2 1

**پێشکەشە بە دایک و باوکم.**

ئێوە یەکەم کەس بوون کە فێرتان کردم کتێبی پیرۆز و
ئەو ڕزگارکارەی کە تێیدا باسکراوە شایانی متمانەپێکردنن.

# ناوەڕۆک

| | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: باوەڕ بە هەموو شتێک مەکە کە دەیخوێنیتەوە | ١ |
| بەشی دووەم: نازانیت کام وەشانی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنیت؟ | ١٥ |
| بەشی سێیەم: لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوە؟ | ٢٥ |
| بەشی چوارەم: ئایا ئەم سیپارانە بەڕاستی ئەوانەن کە بەدوایاندا دەگەڕێیت؟ | ٣٩ |
| بەشی پێنجەم: ئایا دەتوانم متمانەت پێ بکەم؟ | ٥٥ |
| بەشی شەشەم: کەواتە، ڕوویدا؟ | ٧٧ |
| بەشی حەوتەم: پشت بە قسەی ئەو پیاوە ببەستە کە زیندوو بووەوە | ٩٥ |
| وتەی کۆتایی: پرسیاری دواتر | ١٠٩ |

# بەشی یەکەم

## باوەڕ بە هەموو شتێک مەکە کە دەیخوێنیتەوە

هەموومـان ئـەوە دەزانیـن کـە نابێـت بـاوەڕ بـە هەمـوو شـتێک بکەیـن کـە دەیخوێنینـەوە.

بـە تایبەتـی لـەم سـەردەمی ئینتەرنێتـەدا، تەنهـا گومـڕاکان بـاوەڕ بـە هەمـوو شـتێک دەکـەن. کاتێـک تەماشـای ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ئاژانسـەکانی هـەواڵ دەکەیـن کـە لـە ئەنتەرنێت وەریدەگریـن، یەکێـک لـەو شـتە گرنگانـەی کـە دەتوانیـن فێـری ببیـن ئەوەیـە کـە جیـاوازی لەنیـوان ڕاسـتی و خەیـاڵ، ڕاسـتی و دروسـتکراودا بکەیـن. نابێـت گەمـژە بیـن و دەبێـت شـوێن ڕاسـتی بکەویـن.

لەنێـو خێزانەکـەی خۆمـدا، مـن و هاوسـەرەکەم ئەوپـەڕی هەوڵـی خۆمـان دەخەینـە گەڕ بـۆ ئـەوەی منداڵەکانمـان ڕێـک فێـری ئـەوە بکەیـن: خوێندنـەوەی دروسـت و گوێگرتنـی ورد؛ وە قبوڵنەکردنـی هەمـوو ئـەوەی کـە دەیخوێننـەوە یـان گوێیـان لێی دەبێـت هەتاوەکو هەمـوو شـتێک تاقـی دەکەنـەوە و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر دەکـەن. تەنانـەت لەگـەڵ کچـە تەمـەن پێنـج ساڵانەکەمان کار دەکەیـن لەسـەر ئـەوەی کـە فێـری بکەیـن چـۆن جیـاکاری بـکات لـە نێـوان شـتە ڕاستەقینەکان و ئـەو شـتانەی کـە جگـە لـە چیـرۆک، هیچـی دیکـە نیـن. هەتـا ئێسـتا زۆر بـاش بـووە:

- جۆرج واشنتن یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو.

  «ئەوە ڕاستییە، باوکە».

- مامە ماتیو کارێکی نوێی دەستکەوت و ماڵی چووە شارێکی دیکە.

  «ئەمەش ڕاستییە».

- باتمان بەدوای جۆکەر کەوت، گرتی و خستییە بەندیخانە.

  «نەخێر، ئەوە تەنها چیرۆکە.»

- ئەلیسا بە بەکارهێنانی هێزی بەسەهۆڵکردن، قەڵایەکی لە سەهۆڵ دروستکرد.

  «تەنها چیرۆکە.»

• سوپەرمان فڕی.

«چیرۆک».

• هەبوو، نەبوو، جارێکیان کەسێک لە هەسارەیەکی زۆر دوور...

«چیرۆک!»

بـەڵام بیهێنـە پێـش چـاوی خـۆت کـە بابەتێکـی بەهێـزی وەکـو ئەمـەی بخەمـە بەردەسـت: پیاوێـک نـاوی عیسـا بـوو، نزیکـەی دوو هـەزار سـاڵ لەمەوپێـش لـە کچێکـی پاکیـزە لەدایـک بـوو. ئـەو بانگەشـەی خودایەتیـی دەکـرد و پەرجـوی دەکـرد. لەوانـە ڕۆیشـتن لەسـەر ئـاو و هەسـتاندنەوەی خەڵـک لـەدوای مـردن. عیسـا ڕۆمانییـەکان لـە خاچیـان درا، ئینجـا لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە و بەرزبـووەوە بـۆ ئاسـمان. ئێسـتاش وا لـەوێ وەکـو پاشـای گـەردوون حوکـم دەکات.

پێویستە کاردانەوەی چۆن بێ بۆ ئەو چیرۆکە؟

”ئایا ڕاستەقینەیە؟“

ئەگـەر بـاوەڕت بـە مەسـیح هەیـە، ئـەوا مـن دڵنیـام کـە تـۆ بـە مکوڕبوونـەوە وەڵام دەدەیتـەوە: «ئەمـە ڕاسـتەقینەیە». بـەڵام بـا ڕاسـتگۆ بیـن. زۆربـەی خەڵکـی پێیـان وایـە کـە زۆر نامۆیـە بـۆ کەسـانی ئاسـایی بـە ڕژدی تەماشـای ئـەو چیرۆکـە بکـەن. ئەگـەر دەرفەتیان بـۆ گونجـا، ڕەنگـە بـە ڕێـزەوە پێبکەنـن و پرسـیارت لـێ بکـەن: «باشـە، ئایـا لۆژیکـی نییـە - ئایـا کەمتر بایـەی پێکەنیـن نییـە - ئەگـەر هەمـوان دانـی پێـدا بنێـن کـە هەمـوو ئـەو چیرۆکـە خەیاڵییانـە لەسـەر عیسـا هـەن تەنهـا چیرۆکـن و هیچـی دیکـە؟ ئایـا نائاسـایی نییـە کـە ئـەم چیرۆکانـە بـە ڕژدی وەربگیرێـن، وەک ئـەوەی ڕاسـتی بـن؟“

بەپێـی ئـەو ئەزموونـەی لـە بـاوەڕ و شـوانیەتیدا هەمـە، مکوڕیـی بـاوەڕداران و زۆریـی متمانەیـان بـە کتێبـی پیـرۆز بەڕاسـتی مایـەی هانـدان و دڵخۆشـییە. ئـەوان باوەڕیـان پێـی هەیـە، وە بـە ژیانیـان گـرەوی لەسـەر دەکـەن، هەروەهـا هـەوڵ دەدەن گوێڕایەڵیشـی بـن. کاتێـک شـتێک لەنێـو کتێبـی پیـرۆزدا دەخوێننـەوە کـە ئالنـگاری بیروبـاوەڕ و هەڵسـوکەوتیان دەکات، هـەوڵ دەدەن ملکەچـی بـن. بـە کورتـی، ڕێ دەدەن بـە کتێبـی پیـرۆز کـە ببێتـە بناغـەی ژیـان و باوەڕیـان. بـەڵام سـەرباری هەمـوو ئـەو ئامـاژە هاندەرانە، لـە ئەزموونمـەوە دەبینـم کـە زۆرێـک لـە بـاوەڕداران ناتوانـن هـۆکاری متمانەیـان بـە کتێبـی پیـرۆز ڕوون بکەنـەوە. ئـەوان تەنهـا متمانـەی پـێ دەکـەن.

ڕەنگـە زۆر هـۆکارت پـێ بڵێـن. هەندێـک جـار دەڵێـن کـە ڕۆحـی پیـرۆز قەناعەتـی پـێ هێنـاون. هەندێـک جـاری دیکـەش ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە باشـترین بەڵگـە لەسـەر ڕاسـتیی کتێبـی پیـرۆز ئـەو کاریگەرییەیـە کـە لەسـەر ژیانیـان دروسـتی کـردووە. ڕەنگـە هەندێکیشـیان ئامـاژە بکـەن بـە دۆزینـەوەی ئاسـەوارە دێرینـەکان کـە هەندێـک وتـەی کتێبـی پیرۆزیـان دووپـات کردوەتـەوە. لـە کاتێکـدا ڕەنگـە هەندێـک کەسـیش هەبـن کـە ئەگـەر فشـاریان بـۆ بهێنیـت، بڵێـن: ”تەنهـا پێویسـتە بـە بـاوەڕ قبوڵـی بکەیـت.»

هەمـوو ئـەو خاڵانـەی کـە باسـمان کـرد هـۆکاری دروسـتن بـۆ ئـەوەی بـاوەڕداران متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بکـەن. بـەڵام گرنـگ نییـە چەنـدە لـەو چەشـنە وەڵامانـە بدەینـەوە، کەسێک کـە متمانـەی بـە کتێبـی پیـرۆز نەبێـت، ئـەم هۆکارانـە پاڵـی نانێـن بـۆ متمانەکردن پێـی. بەڵکـو تـەواو بـە پێچەوانـەوە، کاتێـک بـاوەڕدار وەڵامـی هێرشـێک دەداتـەوە لـە دژی کتێبـی پیـرۆز بـە وەڵامێکـی وەکـو، «پێویسـتە تەنهـا بـە بـاوەڕ قبوڵـی بکەیـت»، ئـەوا زۆربـەی کات لایەنـی دووەمـی هێرشـبەر بـە جۆرێـک ئـەو وەڵامـە لێکدەداتـەوە کـە گوایـە دوپاتکردنـەوەی تـەواوی گومانەکانیەتـی؛ بۆیـە دوور دەکەوێتـەوە و سـەرکەوتنی خـۆی ڕادەگەیەنێـت. تاکـە شـتێک کـە بیـری لـێ دەکاتـەوە ئەوەیـە تـۆ هیـچ هۆکارێکـت نییـە بـۆ باوەڕبـوون بـە کتێبـی پیـرۆز. تـۆ تەنهـا بـە هـۆی بـاوەڕ متمانـەی پـێ دەکەیـت.

کەواتـە، ئەگـەر تـۆ باوەڕداریـت، بـا بـە ڕاشـکاوی لێـت بپرسـم: ”بۆچـی متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز دەکەیـت؟ چـۆن هـۆکاری متمانـەت پێـی بـۆ کەسـێک شرۆڤـە دەکەیـت کـە بـاوەڕی بـە کتێبـی پیـرۆز نییـە؟ هیـوادارم لـەدوای خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە، بتوانیـت وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەیتـەوە. نـەک تەنهـا وەڵامێـک کـە وا بـکات هەسـت بـە حەسـانەوە بکەیـت لـە کاتێکـدا کەسـی بەرامبـەر هەسـت بـە سـەرکەوتن بـکات لـە گفتوگۆکـە، بەڵکـو وەڵامێـک کـە قەناعەتـی پـێ بهێنێـت بـە لانـی کەمـەوە پێویسـتە هەندێـک زیاتـر بیـری لـێ بکاتـەوە. پۆڵسـی نێـردراو لـە (یەکـەم پەتـرۆس ٣: ١٥)دا دەڵێـت کە پێویسـتە لەسـەرمان وەک بـاوەڕدار هـەردەم ئامادەبـن بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیاری هـەر یەکێـک سـەبارەت بـەم هیوایـەی لـە ئێمەدایـە. لـەم سـەردەمەدا، دەبێـت ئـەم بەرگرییـە بەسـەر پرسـیاری یەکەمـدا جێبەجـێ بکەیـن، چونکـە بـەر لـە گەیشـتنە پرسـیاری وەک عیسـا کێیـە؟ یـان مزگێنیـی مەسـیح چییـە؟ پرسـیارێک هەیـە زۆر کەسـی دەوروبەرمـان تـووڕە دەکات، پرسـیارێک حـەز دەکەیـن بیکـەن بـەڵام ئەگـەر لەگـەڵ خۆمانـدا ڕاسـتگۆ بیـن، ئـەوا ئـەوان گومـان دەکـەن کـە بتوانیـن وەڵامـی بدەینـەوە؛ پرسـیارەکەش ئەمەیـە: «لـە بنەڕەتـدا بۆچـی متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز دەکەیـت؟“

## کیسەڵەکان لەسەر یەکتر کەوتوون

ڕێم پێ بدەن بەر لەوەی لە قسەکردنم بەردەوام بم، دان بە شتێکدا بنێم کە لەوانەیە بە هیچ شێوەیەک سەرسامت نەکات. من شوێنکەوتوویەکی سەرسەختی مەسیحم. باوەڕم هەیە بەوەی کتێبی پیرۆز ڕاستەقینەیە، باوەڕم هەیە کە دەریای سوور بووە دوو بەش، وە شوراکانی ئەریحا ڕووخاون. باوەڕم هەیە بەوەی عیسا لەسەر ئاو ڕۆیشتووە، وە چەندین کەسی نەخۆشی چاک کردەوە و ڕۆحی پیسی لە جەستەی هەندێکیان دەرکرد. باوەڕم هەیە کە خودا جیهانی نقووم کرد بە لافاو و نوحی ڕزگار کرد، وە بەوەی ماسییەکی گەورە یونسی قوت دا، هەروەها باوەڕم هەیە بەوەی کە عیسا لە کچێکی پاکیزە لەدایک بوو. سەرباری هەموو ئەوانە، باوەڕم هەیە کە عیسا مرد و لەنێو مردووان هەستایەوە، نەک بە واتای ڕۆحی یان مەجازی، بەڵکو بە واتای جەستەیی و مێژووەکەی تۆمار کراوە. باوەڕم بە هەموو ئەوانە هەیە.

لە ڕاستیدا، هیچ سوودی نییە کە خۆم وا دەربخەم باوەڕم بەو شتانە نییە. هۆکاری سەرەکی کە وام لێدەکات باوەڕم بە کتێبی پیرۆز هەبێت، بە دیاریکراوی هەستانەوەی عیسایە لە نێو مردووان. ئێستا، جا ئەگەر لەگەڵم هاوڕا بیت لەسەر ڕاستیی هەستانەوەی عیسا یان نا، ئەوا دەتوانیت ببینیت بۆچی باوەڕم بەو ڕاستییە بە خێرایی بەرەو متمانە بە کتێبی پیرۆزم دەبات. ئەگەر عیسا لەنێو مردووان هەستابێتەوە، ئەوا تاکە دەرەنجامی ڕاستگۆیانە کە دەکرێ پێی بگەیت، ئەوەیە کە عیسا بەڕاستی هەموو ئەو شتانەیە کە لەبارەی خۆیەوە فەرموویەتی. ئەگەر عیسا لەناو گۆڕدا هەستابێتەوە بەو ڕێگایەی کە کتێبی پیرۆز باسی کردووە، کەواتە بە ڕاستی ئەو کوڕی خودایە؛ پاشای پاشایان و خودای خوداوەندەکانە، ڕێگا و ڕاستی و ژیانە، ئەو دانایی خودایە. وە ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، ئەوا بەڵنیاییەوە دەزانێت باسی چی دەکات و وتەکانی ڕاستن؛ کەواتە پێویستە گوێی لێ بگرین.

هۆکارێک هەیە کە لە سەرووی هەموو جۆرە گومانێکی لۆژیکییەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە عیسا باوەڕی بە کتێبی پیرۆز کردووە. زۆر ڕوونە کە باوەڕی بە پەیمانی کۆن کردووە، چونکە بەردەوام لە فێرکردنەکانیدا باسی دەکرد. عیسا باوەڕی پێ کرد و دانی پێدا نا کە وشەی خودایە. بەڵام پەیمانی نوێ، لەگەڵ ئەوەی پاش چەند ساڵێک لە ژیانی لەسەر زەوی نووسراوە، لە کۆتاییدا بە تەواوی باسی دەسەڵاتی خودی عیسا دەکات؛ باوەڕدارە سەرەتاییەکان ئەوەیان زانیوە. لە ڕاستیدا، دوو پێوەری

سـەرەکییان بەکارهێنـاوە بـۆ ئـەوەی متمانـە بـە نـووسراوەکان بکـەن: ١) پشتڕاسـتکردنەوەی لـە لایـەن یەکێـک لـە نێردراوەکانـی عیسـا، ٢) بەراوردکردنـی بـە فێرکردنەکانـی خـودی عیسـا. دواتـر باسـی ئـەو بابەتـە دەکەیـن، بـەڵام مەبەسـتەکەم زۆر ڕوونـە. دوای ئـەوەی کـە بـاوەڕ هەسـتاوەتەوەی عیسـا دەکەیـت، هـەر زوو ڕاسـتەوخۆ بـاوەڕ بـەوە ڕاسـتی و دەسـەڵاتی کتێبـی پیـرۆز دەکەیـت.

مـن دەزانـم کـە ئـەم بابەتـە قـووڵ و سەرنجڕاکێشـە، بـەڵام پرسـیارێکت لـێ دەکـەم: چـۆن دەسـت پێدەکەیـت؟ بـە دەربڕینێکـی دیکـە، چـۆن دەتوانیـت بگەیتـە ئـەو قەناعـەت و بـاوەڕەی کـە عیسـا بەڕاسـتی لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە؟ ناکرێـت بڵێـی بـاوەڕت بـە هەسـتانەوەی عیسـا هەیـە تەنهـا لەبـەر ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز وا دەڵێـت؛ وە بـاوەڕت هەیە بـەوەی کتێبـی پیـرۆز دەیڵێـت تەنهـا لەبـەر ئـەوەی عیسـا لەنێـو مـردووان هەسـتاوەتەوە، وە بـاوەڕت بـە کتێبـی پیـرۆز هەیـە تەنهـا لەبـەر ئـەوەی... لـە مەبەسـتم تێدەگـەی، مەگـەر نـە؟ تـەواوی بابەتەکـە دەبێتـە بازنەیەکـی بەتاڵـی گاڵتەجـاڕی و بێهیوایـی. ئـەم بابەتـە ئـەوەم بەبیـر دەهێنێتـەوە کـە مامۆسـتایەک لـە منداڵێکـی بچووکـی پرسـی: «بۆچـی زەوی لـە بۆشـایی ئاسـمان ناکەوێـت؟» منداڵەکـە وەڵامـی دایـەوە: «لەبـەر ئـەوەی لەسـەر پشـتی کیسـەڵ وەسـتاوە“.

مامۆسـتاکە لێـی پرسـی: «ئـەی بۆچـی کیسـەڵەکە ناکەوێـت؟» منداڵەکـە مکـوڕ بـوو و گوتـی: «چونکـە لەسـەر پشـتی کیسـەڵێکی دیکەیـە». مامۆسـتاکە جارێکـی دیکـە پرسـیاری لـێ کـرد: «ئـەی بۆچـی ئـەو کیسـەڵە ناکەوێـت؟» منداڵەکـە پـاش بیرکردنەوەیەکـی قـووڵ گوتـی: «ڕوونـە، چونکـە هەتـا کۆتایـی لەسـەر یەکـترن.“

بـەر لـەوەی باسـی بابەتـی دیکـە بکەیـن، پێویسـتە دانـی پێـدا بنێیـن کـە بابەتەکـە بـۆ هەمووەمـان بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان وا دیـارە کیسـەڵن لەسـەر یەکـتر کۆبوونەتـەوە، بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی ئـەو سـەرچاوەیەی کـە پشـتی پـێ دەبەسـتیت. ئـەو بابەتـە کاریگەری لەسـەر هەمـووان هەیـە، نـەک تەنهـا لەسـەر باوەڕدارانـی مەسـیح. ئەگـەر پرسـیار لـە کەسـێکی مەنتقگـەرا بکەیـت کـە بۆچـی بـاوەڕی بـە مەنتـق و لۆژیـک هەیـە، لـە وەڵامـدا دەڵێـت چونکـە مەنتقـی و لۆژیکییـە. وە ئەگـەر پرسـیار لـە کەسـێکی نەریتگـەرا بکەیـت کـە بۆچـی بـاوەڕی بـە دابونەریـت هەیـە، وەڵام دەداتـەوە و دەڵێـت: «لەبـەر ئـەوەی هەمـووان متمانەیـان بـە نەریـت هەبـووە». لـە هەمـوو ئـەو بارودۆخانـەدا، داوای زانیـاری زیاتـر دەکەیـن؛ بۆچـی سـەرەتا مـرۆڤ متمانـە بـە لۆژیـک یـان نەریـت دەکات؟ ڕەنگـە

هەندێـک بڵێـن کـە لۆژیـک زیاتـر جێـی بـاوەڕە لـە شرۆڤـە ڕۆحییـەکان، لەبـەر ئـەوەی دەتوانیـت بـە بەڵگـە بۆچوونەکانـت بسـەلمێنیت. بـەڵام تەنانـەت ئـەم بووچەنـە لەسـەر ئەگـەری دیاریکـراو دادەمەزرێـت دەربـارەی جـۆری بەڵگەکـە و بـڕی شـەرعیەتبوونی. لـە مەبەسـتم تێدەگـەی؟ بتەوێـت نەتەوێـت، لـە کۆتاییـدا بابەتەکـە دەگاتـەوە سـەر کیسـەڵەکان. لـە ڕاسـتیدا، پێـم وایـە ئـەوە یەکێکـە لـەو ڕێگایانـەی کـە خـودا بەبیرمـان دەهێنێتـەوە ئێمـە سـنووردارین – ئەمـە وەبیرمـان دێنێتـەوە کـە ئێمـەی مـرۆڤ ناتوانیـن لـە هەمـوو شـتێک تێبگەیـن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە ڕادەسـت ببیـن و واز لـە زانسـت و زانیـاری بهێنیـن. وە ئەگـەر تەنانـەت لـە ڕوانگـەی فەلسـەفی و لۆژیکییـەوە ئـەوە ڕاسـت بێـت کـە هەموومـان بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان لـە بازنەیەکـی دیاریکـراو و داخـراودا بیـر دەکەینـەوە، بـەڵام ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە ناتوانیـن بگەینـە چەنـد دەرەنجامێکـی متمانەپێکـراو لەسـەر سروشـتی ڕاسـتی و حەقیقـەت. بێگومـان چەنـد فەیلەسـوفێکی تونـدڕەو هەبـوون کـە دەسـتیان ڕاوەشـاندووە و گوتوویانـە «باشـە، کەواتـە، تـەواو! هیـچ شـتێک نازانیـن!“ بـەڵام ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە دەتباتـە نێـو زیندانێکـی تاکەکەسـییەوە. زۆرێـک لـە ئێمـە بـە چەنـد گریمانەیەکـی پێشـوەختە بڕیـار لەسـەردراو دەسـت پـێ دەکەیـن - بـۆ نموونـە لۆژیـک لۆژیکییـە، هەسـتەکانمان شـایانی متمانەپێکردنـە، ئێمـە و جیهـان بەڕاسـتی هەیـن – ئینجـا لـەو گریمانانـەوە دەگەینـە کۆمەڵێـک دەرەنجـام لەسـەر خۆمـان، سـەبارەت بـە مێـژوو، جیهانـی دەوروبەرمـان، وە شـتە جیاوازەکانـی دیکـە.

بـەڵام سـاتێک ڕاوەسـتە، ئـەو ڕاسـتییەی کـە دەبێـت گریمانـەی چەنـد شـتێک لەبەرچـاو بگریـن، واتـای ئـەوە نییـە دەتوانیـن گریمانـەی هـەر شـتێک بکەیـن کـە دەمانەوێـت. بـۆ نموونـە، ناکـرێ گریمانـەی ئـەوە بکەیـت کـە تـۆ سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریکایـت و بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت بکەیـت. وە ناتوانیـت گریمانـەی ئـەوە بکەیـت کـە تـۆ خوداوەندێکـی و هەمـوو ئـەوەی تـۆ پێـت وایـە لـە ڕاسـتیدا وایـە. هـەروەک ناتوانیـت گریمانـەی ئـەوە بکەیـت کـە وشـەکانی گۆڤارێکـی بەناوبانـگ وشـەی خودایـە و وێنەیەکـی ڕوونـی ڕاسـتیت پـێ دەبەخشـێت. هەرگیـز هیـچ پاسـاوێک نییـە بـۆ ئـەو گریمانانـە، ئەگـەر بـاوەڕی پـێ بکـەی خەڵکـی گاڵتـەت پـێ دەکـەن، وە ڕەنگـە لێشـت دوور بکەونـەوە! بـەڵام زۆر کـەس هـەن کـە دەڵێـن بـاوەڕداران بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ کتێبـی پیـرۆزدا دەکـەن. واتـە، گریمانـەی ئەوەمـان کـردووە کـە ئەمـە وشـەی

خودایە، بەبێ هەبوونی هیچ هۆکارێکی دیاریکراو، هەر بۆیە هەموو ئەوەی تێیدا نووسراوە ڕاستەقینەیە، کەواتە عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە.

بەڵام ئەی ئەگەر ئەو بەناو هەڵەیە هێندەش خراپ نەبێت چی؟ ئەی ئەگەر ڕێگایەک هەبێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی باش و جێی متمانە سەبارەت بەوەی کە عیسا بەڕاستی لەنێو مردووان هەستایەوە، بەبێ ئەوەی کە پێشوەخت بڕیار بدەین کە کتێبی پیرۆز وشەی خودایە؟ ئەگەر توانیمان ئەوە بکەین، دەتوانین خۆمان لە هەموو جۆرە تۆمەتێک بەدوور بگرین. ئینجا دەتوانین بڵێین، تەنانەت بەر لە سەلماندنی ئەوەی کتێبی پیرۆز وشەی خودایە، دەگەینە ئەنجامی یەکلاکەرەوەی ئەوەی کە عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە. پاشان لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامە جێ متمانەیە، شوێن عیسا دەکەوین و قبوڵی دەکەین کە کتێبی پیرۆز وشەی خودایە. ئەم جۆرە باوەڕە، جیاوازە لەوەی کە خۆت بە تەمای باوەڕ بەجێبهێڵیت. ئەوە تەنها بەرگرییەک نییە لە بەرامبەر ڕەخنەی گومانکەران، بەڵام ئالنگاری گومانکەرانیش دەکات لە بێ باوەڕییان. هەروەک پەترۆسی نێردراو دەڵێت ئەوە دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ ئەو هیوایەی کە لە ئێمەدایە (یەکەم پەترۆس ٣: ١٥).

## مەسیحییەت لە ڕوانگەی مێژووییەوە

لێرەدا دەبێت بپرسین ئاخۆ بەڕاستی ڕێگایەک هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەمە. بە کورتی، بە ڕای من ڕێگایەک هەیە، ئەویش بە پشتبەستن بە مێژوو. بە دەربڕینێکی دیکە، با بچینە سەر ئەو بەڵگانەی کە پەیمانی نوێ پێکدەهێنن، نەک بەو پێیەی وشەی خودایە بەڵام بە سادەیی بەو پێیەی تەنها بەڵگەنامەیەکی مێژووییە؛ لەسەر ئەو بنەمایە، با بزانین دەتوانین بگەینە دەرەنجامێکی متمانەپێکراو کە هەستانەوەی عیسا لەنێو مردووان پشتڕاست بکاتەوە. تەنانەت ئەوەی باوەڕیشی بە مەسیح نییە، ناتوانێت ڕەخنە لەمە بگرێت. لە کۆتاییدا، خوێندنی پەیمانی نوێ وەک بەڵگەنامەی مێژوویی پێویستی بە بارودۆخێکی تایبەت یان بانگەشەی تایبەتی ڕاستی نییە. با ئەو بەڵگەنامانە وەکو هەمیشە لە ”دادگای بۆچوونی مێژوویی» قسەی خۆیان بکەن.

سەرباری ئەمە، خوێندنی کتێبی پیرۆز وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، پێویستە ڕەخنە لەنێو باوەڕداران بە مەسیح نەوروژێنێت. لە کۆتاییدا، بەو جۆرەی کە شایانیەتی، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. پەیمانی نوێ خۆی دەریدەخات کە

بەڵگەنامەی مێژووییە؛ نووسەرانی ویستوویانە ببێتە تۆمارێکی مێژوویی. بۆ نموونە، با لۆقای مزگێنیدەر وەربگرین، ئینجیلەکەی بەوە دەستپێدەکات کە ئامانجی ئەوەیە چیرۆکێکی ڕێکوپێک دەربارەی ژیانی عیسا و فێرکردنەکانی پێشکەش بکات: ”من لە سەرەتاوە پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێک کرد، ئێستاش بە باشم زانی بە ڕیزبەندی بۆت بنووسم“ (لۆقا ١: ٣). هەر جۆرێک ئەم بابەتە لێک دەدەیتەوە، یان هەر جۆرێک بیر لە کارەکانی لۆقا دەکەیتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو مێژووی تۆمار کردووە. بێگومان، شێوازی نووسینی مێژوو لە سەردەمی کۆندا جیاوازە لە سەردەمی ئێستامان، بەڵام هێشتا بیرۆکە سەرەکییەکە هەمان شتە - نووسەران ئەو ڕووداوانەیان دەنووسییەوە کە پێیان وابووە بەڕاستی ڕوویانداوە. وە بەو پێیەی لۆقا و نووسەرانی دیکە ئەم جۆرە کارەیان کردووە، لۆژیکییە کە گوێبگرین لەو کتێبەی ئەو و کەسانی دیکەش نووسیویانە بەو ڕێگایەی ویستوویانە بە درێژایی مێژوو بە ئێمەی بگەیەنن.

لەوەش زیاتر، مەسیحییەت لە هەموو ئایینێکی دیکە زیاتر خۆی وەکو مێژوو پێشکەش دەکات. تەنها لە کۆمەڵێک ئامۆژگاری لەمەڕ ئاکار و ڕەفتارەوە پێک نەهاتووە، یان کۆمەڵێک لە ڕامانی فەلسەفی یان «ڕاستی» سۆفیگەری، یان تەنانەت پوختەیەک لە چیرۆکی ئەندێشەیی و خەیاڵی نییە. بەڵام مەسیحیبوون لە کرۆکیدا، ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی ناوازەیە کە لە کاتێکی دیاریکراوی مێژووییدا ڕوویدا - بابەتێکی ڕوون و ڕاستەقینە و مێژوویی.

## زنجیرەی ڕاستی و حەقیقەت

تەنانەت ئەگەر ئەوهاش بێت، بەڵام لەم کاتەدا پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە کە ئێمە هەوڵ دەدەین لەم کتێبەدا وەڵامی بدەینەوە: ئایا بەڵگەنامەکانی پەیمانی نوێ، بە تایبەتی چوار ئینجیلەکە، بەڕاستی جێی متمانەیە وەک شایەتی مێژوویی؟ یان ئایا دەتوانین متمانەی پێ بکەین بۆ ئەوەی زانیاری سوودبەخش و بڕواپێکراومان پێ بدات دەربارەی ڕووداوەکانی ژیانی عیسا، بە تایبەتی ئەوەی سەبارەت بە هەستانەوەیە، تاکو بتوانین لە کۆتاییدا بڵێین: «بەڵێ، من تەواو دڵنیام لەوەی کە ئەو هەستاوەتەوە»؟ من متمانەم بە پەیمانی نوێ هەیە، بەڵام گەیشتن بە دەرەنجامی کۆتایی پێویستی بە هەندێکی کۆشش هەیە، چونکە وەکو هەر تۆمارێکی مێژوویی دیکە، دەتوانین چەندین پرسیار سەبارەت بە دروستی و ڕاستییەکەی بوروژێنین.

بـۆ ئـەوەی لـە مەبەسـتەکەم تێبگەیـت، بـەو شـێوەیە بیـر لـە بابەتەکـە بکـەوە: بـۆ نموونـە، ئینجیلـی مەتـا دەخوێنیتـەوە، وە ڕووداوێکـی دیاریکـراوت لەسـەر ژیانـی عیسـا دەخوێنیتـەوە، دەتوانیـت بـەلای کـەم سێ کەسـی جیـاواز بژمێریـت کـە دەسـتیان خسـتۆتە سـەر هەمـان چیـرۆک، واتـە بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان کەریگەرییـان لەسـەر هەبـووە. یەکـەم و لـە هەموویـان ڕوونـتر نووسـەرە، کـە بەسـەرهاتەکەی تۆمـار کـردووە. دووەم، ئـەو کەسـەیە کـە نووسـینە ڕەسـەنەکەی لەبەرگرتووەتـەوەa، بێگومـان زیاتـر لـە یـەک کـەس هەیـە، بـەو شـێوەیە گواسـتراوەتەوە، بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە بـۆ ئـەوەی ئەمـڕۆ لەبەردەسـتمان ببینیـن. سـێیەم، کەسـێک یـان دەسـتە و کۆمەڵێـک ئـەو نووسـینەی لـە زمانـی ڕەسـەنەوە وەرگێـڕاوە بـۆ زمانـی تـۆ، بـۆ ئـەوەی ئەمـڕۆ تـۆ بتوانیـت بیخوێنیتـەوە. هـەر هەنگاوێکـی ئـەم کارەدا، چەنـد پرسـیارێک سـەرهەڵدەدات کـە چڕدەبێتـەوە لەسـەر توانـای متمانـە ێکـردن بـەو چیرۆکـەی کـە دەیخوێنیتـەوە بـۆ ئـەوەی گێڕانەوەیەکـی متمانەپێکـراو پێشـکەش بـکات لەسـەر ئـەوەی ڕوویـداوە. وە بـە گەڕانـەوە بـۆ هەمـان ڕووداو، بابەتەکـە دەتگەیەنێتـە زنجیرەیەکـی پێنـج پرسـیاری:

١. ئایـا دەتوانیـن دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە وەرگێڕانـی کتێبـی پیـرۆز لـە زمانـی ڕەسـەنەوە بـۆ زمانـی ئێمـە، بـە وردی نووسـینە ڕەسـەنەکەمان پێدەگەیەنێـت، یـان ئـەو بابەتانـە دەگێڕێتـەوە کـە لـە نووسـینە ڕەسـەنەکەدا نـووسراوە؟

٢. ئایـا دەتوانیـن دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە ئەوانـەی نووسـینەکانیان لەبەرگرتووەتـەوە بـە وردی نووسـینە ڕەسـەنەکانیان بـۆ ئێمـە گواسـتوەتەوە، یـان زیادەیان خسـتووەتە سـەر (جـا ئەگـەر بـە مەبەسـت بێـت یـان نـا)، یـان لێیـان بڕیـوە یانیـش زۆر شـتی دیکـە، لەبـەر ئـەوە ئـەوەی ئێسـتا هەمانـە وەک دەقـی ڕەسـەن نەمـاوە؟

٣. ئایـا دەتوانیـن دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە ئێمـە سیپارە ڕاسـتەکانمان لەبەردەسـتە، وە ئێمە کۆمەڵێـک سـیپارەمان ون نەکـردووە کـە تێگەیشـتنێکی جیـاواز و باوەڕپێهێنەرمـان پێـدەدات سـەبارەت بـە عیسـا؟ واتـا، ئایـا دەتوانیـن متمانـە بکەیـن بـەوەی ئێمـە ڕاسـتین لـەوەی پێـمان وایـە ئـەو سـیپارانە ڕاسـتن بـە بـەراورد بـەو سـیپارانەی ڕەتکراونەتـەوە؟

---

a لەبەرگرتنەوە، کۆپی کردن - وەرگێڕ.

٤. ئایا دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە نووسەرە ڕەسەنەکان خۆیان شایانی متمانەن؟ واتا، ئایا بە ڕاستی ویستوویانە کە ڕوداوەکانمان بە ڕاست و دروستی پێشکەش بکەن، یان ئامانجی دیکەیان هەبووە؟ بۆ نموونە، نووسینەوەی چیرۆکێکی خەیاڵی، یان تەنانەت ویستوویانە هەڵمانبخەڵەتێنن؟

٥. لە کۆتاییدا، ئەگەر توانیمان لەوە دڵنیا بین کە نووسەرەکان بەڕاستی ویستوویانە ڕووداوەکان بەوردی و وەکو خۆیان تۆمار بکەن، ئایا دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە باسیان کردووە بەڕاستی ڕوویداوە؟ بە دەربڕینێکی دیکە، ئایا دەتوانین لە ڕاستیی نوسینەکانیان دڵنیا بین؟ یان هۆکاری باشتر هەیە پاڵمان دەنێت بۆ بیرکردنەوە لەوەی بە شێوەیەک هەڵە بوونە؟

لە مەبەستەکەم تێدەگەیت؟ ئەگەر بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە - وەرگێڕان؟ گواستنەوەی سیپارەکان؟ پشتبەستن بە یاساییبوونی ئەو سیپارانەی لەبەردەستمانن؟ ڕاستگۆیی نووسەرەکان؟ چەندێتی ڕاستەقینەیی سیپارەکان؟ - بە سەرنجدان و وردبوونەوەیەکی قووڵ، ئەو کاتە زنجیرەیەکی بەهێزمان دەبێت لەو شتانەی متمانەمان پێی هەیە سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لەبارەیەوە پرسیار دەکەین.ئینجا بە تەواوی متمانەوە دەڵێین:

١. ئێمە وەرگێڕانی باشمان بۆ نووسراوەکانی کتێبی پیرۆز هەیە.

٢. ئەم نووسراوانە بەوردی تۆمارە ڕەسەنەکانیان وەرگێڕاوە.

٣. ئەو سیپارانەی ئێستا دەیخوێنینەوە ڕاستن و باشترین کتێبن.

٤. نووسەرانی ئەو تۆمارانە ویستوویانە ئەوەمان پێ ڕابگەیەنن کە بەڕاستی ڕوویانداوە.

٥. هیچ هۆکارێکی باشمان نییە کە هانمان بدات بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوان هەڵە بوونە لەوەی بینیویانە و تۆماریان کردووە.

هەر چۆنێک چاوی لێ بکەیت، ئەم دووپاتکردنەوەیە بناغەیەکی باش دادەنێت بۆ شێوازی بیرکردنەوە کە وامان لێدەکات کتێبی پیرۆز وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی

ڕاستەقینە و دروست قبوڵ بکەین. وە ئەگەر بتوانین ئەو کارە بکەین، ئینجا دەتوانین سەرنجی بەسەرهاتی هەستانەوەی عیسا بدەین و بڵێین: «بەڵێ، من باوەڕم هەیە بەوەی کە ئەو شتە ڕوویداوە. وە چەندە باوەڕم بە ڕووداوە مێژووییەکانی دیکە هەیە، هێندەش باوەڕم بەوە هەیە کە عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە».

## چەند بیرۆکەیەکی گرنگ

ئێستاش با سێ شتی دیکە بڵێم، بەر لە هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لەو جۆرە دۆسیە مێژووییە. یەکەم، لەبیرت نەچێت کە بەدوای ئەو شتەدا ناگەڕێین کە پێی دەگوترێت "دڵنیایی بیرکاری". ئەو جۆرە لە دڵنیایی لۆژیکی دەبێت لە بیرکاری و هەندێک جار لە زانست، بەڵام لەگەڵ مێژوودا ناگونجێت. لە هەر ڕووداوێکی مێژووییدا، هەمیشە کەسێک لە شوێنێک دەتوانێت جێگرەوە بۆ چیرۆکە قبوڵکراوەکە بهێنێتەوە و شتێکی دیکە بخاتە جێگەی. ڕەنگە کەسێک بڵێت: "لەوانەیە قەیسەر لە ڕووباری ڕۆبیکۆن نەپەڕیبێتەوە، ڕەنگە یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی جلی قەیسەری لەبەرکردبێت و توانیبێتی هەمووان هەڵبخەڵەتێنێ. بێگومان من دەزانم هۆکارێکی دیاریکراو نییە بۆ بیرکردنەوە لەوە، بەڵام هێشتا دەکرێ بابەتەکە ئاوا بێ، لەبەر ئەوە ناتوانیت دڵنیا بیت لەوەی کە قەیسەر لە ڕووباری ڕۆبیکۆن پەڕیوەتەوە». باشە، با کەمێک بیر بکەینەوە! ئەگەر ئەو جۆرە ڕەخنانە بەس بێت بۆ ڕێگریکردن لێمان لە گەیشتن بە دەرەنجامی یەکلاکەرەوەی مێژوویی، ئەوا هەرگیز باوەڕ بە ڕووداوە مێژووییەکان ناکەین.

سوپاسی خودا دەکەین ئێمە لێرە لە دڵنیایی بیرکاری ناگەڕێین، بەڵکو لە متمانەی مێژوویی دەگەڕێین. نامانەوێت بڵێین: «پەڕینەوەی قەیسەر لە ڕوباری ڕۆبیکۆن لۆژیکێکی بیرکارییە»، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین: «هەندێک کەس بە دڵنیاییەوە ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە قەیسەر لە ڕووباری ڕۆبیکۆن پەڕیوەتەوە. وە پێمان وایە ئەوان ڕووداوەکانیان وەکو خۆی گێڕاوەتەوە (نەیانویستووە هەڵمانبخەڵەتێنن یان چیرۆکێکی بێ بنەما دابڕێژن)، وە هۆکارێکی دیاریکراو نییە هانمان بدات بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئەوان هەڵەیان کردووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بەو شێوەیە، دەتوانین لە لایەنی مێژووییەوە دڵنیا بین لەوەی کە قەیسەر لە ڕووباری ڕۆبیکۆن پەڕیوەتەوە». ئەم جۆرە «دڵنیاییە» کە لە مێژوودا بە شوێنیدا دەگەڕێین، لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا هیچ شتێکمان لەوە زیاتر ناوێت.

دووەم، لەبیرت نەچێت کە دڵنیایی مێژوویی بناغەی پێویست بۆ کردارەکانمان فەراهەم دەکات. ناوبەناو تووشی ئەو کەسانە دەبم کە دەڵێن باوەڕ بە شتێک ناکەین کە نەتوانین ئەزموونی بکەین. دەڵێن ئەگەر ئەوان نەیبینن یان ئەزموونی نەکەن ئەوا گومانێکی گەورەیان بەرامبەری دەبێت. ئێستا، لە یەکەم ڕوانیندا، وا دیارە کە ئەم هەڵوێستە لە بیر و هزرێکی فرە و فراوانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەڵوێستێکی ورد و داڕێژراوە. بەڵام کاتێک زیاتر لە بابەتەکە ورد دەبیتەوە، دەزانیت کە هیچ کەسێک بەو شێوازە ناژییت، ئەمە شتێکی ناڕاستە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە هەموومان متمانە بەو شتانە دەکەین کە زانیارییەکی ڕاستەوخۆمان لەبارەوە نییە یان بە شێوەیەکی بەردەوام ئەزموونمان نەکردووە.

بیر لێ بکەوە. من لەوێ ئامادە نەبووم کە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەسەند و قبوڵ کرا. بەڵام وەک هاوڵاتییەکی ئەمریکی، متمانەی تەواوم پێیان هەیە و بەگوێرەی ئەو متمانەیە هەڵسوکەوت دەکەم. من مافی دەنگدان ڕەت ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی دڵنیایی بیرکارییانەم نییە بەوەی ئێمە بەگوێرەی ئەو دەستورە پەسەندکراوە دەژین. با باسی نمونەیەکی باشتر بکەم: من زانیاری ڕاستەوخۆم نییە دووپاتی بکاتەوە کە دایک و باوکم بەڕاستی دایک و باوکی منن، من لەدایکبوونی خۆمم بیر نایەت، وە تاقیکردنەوەی (دی ئێن ئەی)م نەکردووە؛ هەمیشە ئەگەرێک دەمێنێتەوە بۆ ڕوودانی هەندێک هەڵە و ساختەکردنی بەڵگەنامەی لەدایکبوونم! دەزانم ئەم شتە بە دەگمەن ڕوودەدات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەو بەڵگانەی هەمە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە دایک و باوکم دایک و باوکی ڕاستەقینەی منن، لەبەر ئەوە بە درێژایی کات بەگوێرەی ئەم دڵنیاییە دەژیم و هەڵسوکەوت دەکەم.

ئەمە ئەو جۆرە دڵنیاییەیە کە دەکرێ مێژوو پێمان ببەخشێت، وە ئەمە ئەو جۆرە دڵناییەیە کە هیواخوازم لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەدا پێی بگەین - دڵنیاییەکی مێژوویی کە ڕێمان پێدەدات، تەنانەت ناچارمان دەکات بڵێین: «بەڵێ، پێم وایە هەستانەوەی عیسا بەڕاستی ڕوویداوە. شرۆڤەیەکی لەمە باشترم بۆ ڕاستییەکان نییە. وە ئێستا کردەوەکانم لەسەر بنەمای ئەو دڵنیاییە دەبێت».

سێیەم، هیوادارم کە لەبیرت نەچێت ئەمە کتێبێکی ئەکادیمی نییە، مەبەستیش لێی ئەوە نەبووە ئاوا بێت. باسی هەموو ئەگەر و نموونە جیاوازەکان ناکات. بەو

هۆیەوە، هیوادارم بەراوردی نەکەیت بەو کتێبە نایابانەی کە باوەڕداران لەم بوارانەدا بە درێژایی چەندین ساڵ نووسیویانە. ئەگەر ئەم کتێبە لە پاڵ ئەو کتێبانەدا دابنێیت، دەبینیت کە ئەمە وەک ئەوان گشتگیر نییە، هەروەها وەک ئەوان گەورە نییە. ئامانجی ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە پردێک بۆ ئەو بەڵگە و بابەتانە دروست بکات کە بەپێی تێبەڕبوونی کات قەناعەتی بە من و چەندین کەسی دیکە هێناوە کە کتێبی پیرۆز ڕاست و دروستە.

شتێکی دیکە هەیە کە دەبێت باسی بکەم. ئەگەر سەرنجت دابێت من لەم کتێبەدا بە دیاریکراوی تیشکم خستووەتە سەر کتێبی پیرۆز، وە لەنێو پەیمانی نوێ بە دیاریکراوی سەرنجم خستۆتە سەر چوار ئینجیلەکە. ئەمە واتای ئەوەیە کە سەرنجی هەموو لایەنەکانی کتێبی پیرۆز نادەم، تەنانەت باسی سیپارەکانی دیکەی پەیمانی نوێ ناکەم. ڕەنگە بپرسیت، ئایا ئەم کتێبە دەربارەی تەواوی کتێبی پیرۆز نییە؟ بەڵێ، بەڵام لەبیرت نەچێت کە دۆزینەوەی بەڵگەی پەیمانی نوێ، بە تایبەتی چوار ئینجیلەکە، لەگەڵ ئەو پێنج پرسیارەی باسمان کرد، بیرۆکەیەکی باشمان سەبارەت بە کێشەکان و بەڵگەی مێژوویی پەیوەست بە سیپارەکانی دیکە پێدەدات. وە گرنگتر لەوە، لەبیرت بێت ئەوەی لە کۆتاییدا ئامانجمانە، دڵنیایی مێژووییە بۆ ئەوەی کە عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە. ئەگەر بتوانین بگەینە ئەو خاڵە، ئەو کاتە هۆکارێکی زۆر دیاریکراومان دەبێت بۆ متمانەکردن بە ڕاستیی پەیمانی کۆنیش. کەواتە، چۆن دەگەینە ئەو دڵنیاییە مێژووییەی کە عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە؟ لە ڕێگەی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چوار ئینجیلەکە، شایەتی مێژوویی متمانەپێکراون. ئەوە ئامانجمانە.

دیسان دەیڵێمەوە، لە کاتێکدا کتێبەکانی دیکە بە وردی باسی هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە ڕاستیی کتێبی پیرۆز دەکەن، ئەم کتێبە ڕوانگەیەکی گشتیمان سەبارەت بەو بابەتە پێ دەبەخشێت کە من و چەندین کەسی دیکەی هێناوەتە ئەو باوەڕەی کە کتێبی پیرۆز ڕاست و دروستە - ئەم بابەتە بە تەواوی پشت بە هەستانەوەی عیسا لەنێو مردووان دەبەستیت. خۆشحاڵ دەبم کە ئەم بابەتە سوودبەخش و ڕازیکەر بێت بۆ تۆ. ئەگەر وا نەبوو، هانت دەدەم بۆ بەردەوامی لە خوێندنەوەی کتێبی دیکەی گەورەتر و باشتر.

## هەنگاوی یەکەم

ئەگەر تۆ باوەڕت بە مەسیح نییە و ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، دەمەوێت سەرەتا سوپاست بکەم بۆ ئەوەی ئەم کتێبەت هەڵبژاردووە و هەتا ئێستا بەردەوامیت لەسەری. ئەگەر هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبێت بۆت، لانی کەم هیوادارم کە شتێکی تێدا ببینیت ئالنگاریت بکات بۆ ئەوەی جیاواز لە پێشتر بیر لە مەسیح و باوەڕی مەسیحییەت و کتێبی پیرۆز بکەیتەوە. هیوادارم درک بەوە بکەیت ئێمەی باوەڕدارانی مەسیح، باوەڕمان بەبێ هۆکار نییە. ڕەنگە ئەو بابەتەی کە لێرەدا باسی دەکەم جێگەی سەرنجی تۆ نەبێت، بەڵام هیواخوازم بە لانی کەم بتوانیت بڵێیت ڕەنگە شتی زیاتر هەبێت لە باوەڕی مەسیحییەتدا کە دەبێت درکی پێ بکەم. لەوانەیە بتوانیت زیاتر لەوە بڵێیت. ڕەنگە بگەیتە ئەنجامێک بتوانیت متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەیت. ئەو کاتە، دەچیتە ناو ئەزموونێکی خۆش، لەبەر ئەوەی تۆ بە متمانەوە دەستدەکەیت بە بیرکردنەوە لەوەی کتێبی پیرۆز چییە و باسی چی دەکات - عیسای مەسیح و ئەوەی ئەو دەربارەی خۆی پێی گوتین.

بەڵام ئەگەر باوەڕداریت، ئەوا هیوادارم ئەم کتێبە یارمەتیت بدات بۆ بنیادنانی تێگەیشتنێکی باشتر لەو هۆکارەی کە پاڵت دەنێت بۆ متمانەکردن بە کتێبی پیرۆز، وە پاشان یارمەتیت بدات کە باسی بکەیت و بەرگری لێ بکەیت لە بەرامبەر ڕەخنەکانی ئەو کەسانەی متمانەی پێ ناکەن. لە ڕاستیدا، سەرباری تۆمەتبارکردنمان لەلایەن زۆر کەسەوە، مەسیحییەت داوا لە خەڵک ناکات «کوێرانە باوەڕ» بکەن و دژ بە لۆژیک و ئاوزیان بوەستنەوە، یان پاڵیان بنێت بۆ ئەوەی بەبێ بەڵگە باوەڕ بە شتی گەمژانە بکەن. باوەڕی ئێمە پشت دەبەستێت بە عیسا بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە گوناهەکانمان، لەبەر ئەوەی دەتوانین متمانەی پێ بکەین.

باشە، چۆن ئەوە بزانین؟

دەزانیت چی، لەبەر ئەوەی کتێبی پیرۆز ئەوەمان پێ دەڵێت؛ مەگەر نە؟

# بەشی دووەم

## نازانیت کام وەشانی کتێبی پیرۆز بەکاربهێنیت؟

چەند ساڵێک پێش ئێستا، شانازی ئەوەمان پێ بەخشرا کە سەردانی شاری شەنگهای لە چین بکەم. بەر لە گەشتەکەم، هەندێک هاوڕێم کە لەوێ ژیابوون پێشتر ئاگاداریان کردمەوە کە زۆر پشت بەو نوسراوە ئینگلیزییانە نەبەستم کە لەسەر شەقام لە ژێر نوسراوە چینییەکان نوسراوە. بۆ ماوەی چەندین ساڵ، وەرگێڕە چینییەکان ناوبانگیان بە خراپ دەرکردبوو لە وەرگێڕانی ڕاگەیاندن و هێماکانی هاتوچۆ بۆ زمانی ئینگلیزی. شتێک کە دەرەنجامی خراپی هەیە و هەندێک جاریش پێکەنیناوی.

بەر لە گەشتەکەم لە تۆڕی ئەنتەرنێت بەدوای هەندێک نموونەدا گەڕام، هەندێک لەو وەرگێڕانە هەڵانەی کە خەڵکی بینیبوویان پێکەنیناوی بوون. بۆ نموونە، تابلۆیەک لەسەر دەرگای چێشتخانەیەک هەڵواسرابوو لەسەری نوسرابوو «ئێستا بارەکەمان کراوەتەوە، چونکە دانەخراوە"؛ یان لە مێنوی چێشتخانەیەک نوسراوبوو: "داپیرەی بەلەزەت و تیژ"؛ یان لەسەر تابلۆیەکی ڕاگەیاندن لەبەردەم باخێکی گشتی لەسەر نووسرابوو: "چیمەن دڵگیرە، بەڵام شایانی بەزەییە لە ژێر پێیەکانت". ڕاستییەکەت دەوێت، کەس مەبەستی ڕاستەقینەی پشت ئەو دەربڕینانە نازانێت!

پاش ئەوەی ئەمانەم بینی، من پەرۆش بووم کە خۆم هەندێک لەو وەرگێڕانە هەڵە پێکەنیناوییانە بدۆزمەوە. بە داخەوە، ئەو کاتەی گەیشتمە شەنگهای تازە ئۆڵۆمپیادی هاوینە کۆتایی پێ هاتبوو، وا دیاربوو کە چینییەکان بەر لە دەستپێکی یارییەکان دەستیان بە پڕۆژەیەک کردبوو بۆ چاککردنەوەی هەموو ئەو هەڵانەی لە وەرگێڕاندا کردبوویان. بۆیە هیچ یەکێک لەو نموونانەم نەبینی. لە کاتی نانخواردن داپیرەی بەلەزەت و تیژی نەدیت، هەروەها قاچم نەخستە سەر چیمەنی دڵگیر کە شایانی بەزەیی بێت بەر لەوەی لەسەری بڕۆم!

بەڵام ئێستا، بۆ ساتێک بیری لێ بکەوە. بۆچی وڵاتی چین ویستی زمانی بێگانە لە وڵاتەکەی ڕاست بکاتەوە؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی سەرنجیان دەخەنە سەر خەڵکەکەی لە کاتی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد، ئەوانیش دەیانویست بە

وردی پەیوەنـدی لەگـەڵ جیهـان دروسـت بکـەن. هەروەهـا دەیانویسـت کـە واتـای ڕاستەقینەی قسـەکانیان بـە خەڵـک بگەیەنـن. لـە کۆتاییـدا ئەمـە تـەوەری وەرگێڕانـە، جا ئەگـەر وەرگێڕانـی تابلۆیەکـی ڕاگەیانـدن بێـت یـان لیسـتێک، یـان وەرگێڕانـی کتێبـی پیـرۆز. ئایـا دەتوانیـن دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە ئـەوەی بـە زمانـی خۆمـان دەیخوێنینـەوە بـە وردی مەبەسـتی نوسـەرەکەیە لـە زمانـە ڕەسـەنەکە؟

## ئایا لە بنەڕەتدا کتێبی پیرۆز بۆ وەرگێڕان دەشێت؟

کاری دڵنیابوونـەوە لـەوەی کـە کتێبـی پیـرۆز لـە لایەنـی مێژووییـەوە دەکرێـت پشـتی پـێ ببەسـترێت زۆر ئاسـانتر دەبێـت ئەگـەر بتوانیـن بـە زمانـی عیـبری و ئارامـی و یۆنانـی بدوێیـن. بـەڵام زۆرینەمـان ناتوانیـن. ئەمـە واتـا ئێمـە نابێـت تەنهـا پرسـیاری ئـەوە بکەیـن ئاخـۆ نوسـەرانی کتێبـی پیـرۆز جێـی متمانـەن و ئەوانەشـی لەبەریـان گرتووەتـەوە نوسـینەکانیان بـە وردی بـووە، بەڵکـو دەبێـت پرسـیاری ئـەوەش بکەیـن ئاخـۆ ئـەو کتێبـە پیـرۆزەی کـە ئێمـە بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی (یـان عیـبری) هەمانـە بـە وردی وەرگێڕانـی ئـەو لەبەرگیراوانەیـە.

ڕەنگـە یەکـەم پرسـیار کـە دەبێـت ڕووبـەڕووی ببینـەوە ئەوەیـە ئاخـۆ شـتێک بـە نـاو وەرگێڕانـی کتێبـی پیـرۆز ڕێـی تـێ دەچێـت یـان نـە.

| | |
|---|---|
| ”لەسـەر زەوی سامان بـۆ خۆتـان کۆمەکەنـەوە کـە مۆرانـە و ژەنگ لێـی دەدەن و دز دەیبڕێـت و دەیدزێـت. بەڵکـو سـامان بـۆ خۆتـان لـە ئاسـمان کۆبکەنـەوە کـە مۆرانـە و ژەنـگ لێـی نـادەن و دزیـش نایبڕێـت و نایدزێـت، چونکـە سـامانت لەکـوێ بێـت، دڵیشـت لـەوێ دەبێـت“ (مەتـا ٦: ١٩- ٢١). | Μὴ θησαυρίζετε ὑμῖν θησαυροῦς ἐπὶ τῆς γῆς, ὅπου σὴς καὶ βρῶσις ἀφανίζει, καὶ ὅπου κλέπται διορύσσουσιν καὶ κλέπτουσιν· θησαυρίζετε δὲ ὑμιν θησαυροὺς ἐν οὐρανῷ, ὅπου οὔτε σὴς οὔτε βρῶσις ἀφανίζει, καὶ ὅπου κλέπται οὐ διορύσσουσιν οὐδὲ κλέπτουσιν· ὅπου γάρ ἐστιν ὁ θησαυρός σου, ἐκεῖ ἔσται καὶ ἡ καρδία σου, |

ئەم وەرگێڕانە گونجاو و پەسەندە؟ «بەڵێ، بەڵام پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە»؛ هەر پڕۆژەیەکی وەرگێڕان پێویستی بە چەندین ساڵ لە ڕەنج و تێکۆشان هەیە، سەرەتا لە تێگەیشتنی واتا و پێکهاتەی هەر دوو زمانەکە، ئینجا دۆزینەوەی واتا و پێکهاتەی تەواو بۆ دەربڕینی هەمان پەیامی زمانە سەرەکییەکە بۆ زمانی ئامانج بۆ ئەوەی بە وردی واتای مەبەست بگەیەنێت. وەرگێڕان لە لایەنی تەکنیکییەوە بابەتی تێگەیشتنی واتای وشە یان دەربڕینە، ئینجا کارکردن لەسەر گوتنی هەمان شت بە زمانێکی جیاواز، بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە لێی تێبگات.

ڕەنگە قورس بێت، بەڵام ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە، تەنانەت لە زمانی خۆشمان، زۆربەی کات ئەو شتە ئەنجام دەدەین. بۆ نموونە، دوو کوڕی هەرزەکارم هەیە کە باوکم زۆر حەزدەکات پەیوەندی لەگەڵیان دروست بکات. هەندێک کات زۆر زەحمەتترە لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە! ئەوان سێ کەس نین کە هەر یەکێکیان بە زمانێکی جیاواز قسە بکات، هەر سێکیان بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر جار ناچارم قسەکانیان بۆ وەربگێڕم.

بۆ نموونە، کاتێک کوڕەکەم قسەیەک دەکات کە پێکهاتووە لە دەستەواژەی نوێی کورتتکراوە، باوکم بە شێوەیەک تەماشام دەکات وەک بڵێی کوڕەکە بە زمانی میسری کۆن یان شتێک لەو بابەتە قسە دەکات؛ لەبەر ئەوەی باوکم جگە لە ڕاناوەکان لە واتای زۆربەی وشەکان تێناگات. لەو قۆناغەدا، دەبێت دەست بکەم بە ئەرکی خۆم کە کاری وەرگێڕانە - بیرکردنەوە لە واتای ئەو وشانەی کە کوڕەکەم گوتی، وە هەوڵدان بۆ گەیاندنی واتەکەی بە چەند وشەیەکی دیکە کە باوکم لێی تێبگات.

زۆربەی کات ڕستەکە بە یەک جار وەردەگێڕم، بۆ نموونە، دەڵێم: ”باوکە، مەبەستی ئەوەیە کە هەموو شتێک باشە و ئەو دڵخۆشە». بەڵام ئەگەر بمەوێت وریا بم، ئەوا دەبێت تاک بە تاکی وشەکان وەربگێڕم، بەم شێوەیە:

١. کاتێک سڵاو دەکات، دەڵێت: (یەو)، بۆ باوکم ڕوونی دەکەمەوە و دەڵێم: ئەمە سڵاوکردنێکی بەربڵاوە بە زمانی منداڵان، بەڵام فەرمی نییە کە بەرامبەرە بە وشەی «سڵاو.

٢. وشەی (چیڵ) لەنێو گەنجە ئەمریکاییەکانی ئێستا بۆ سڵاوکردن بەکاردێت،

بـەم شـێوەیە بـۆ باوکـم ڕوونـی دەکەمـەوە: ئەمـە بـە واتـای سـارد نایـەت، بەڵکـو دەربڕینێکـە کـە بارودۆخـی کەسـێک یـان شـتێ دەردەخـات کـە لـە بارودۆخێکـی زۆر باشـدایە و دڵخۆشـە. لـە ڕاسـتیدا وشـەیەکی نوێیـە وەرگیـراوە لـە وشـەی (کـووڵ) کـە بـە واتـای ئـارام، بـاش، جـوان دێـت.

٣. (بـرۆو) دەسـتەواژەیەکی دیکەیـە کـە بـۆ هاوڕێیەتـی بەکاردێـت و کورتکردنـەوەی وشـەی برایـە، بـەڵام بـۆ دوو کـەس نییـە کـە بـرای خوێنـی یەکـترن. باشـترین وەرگێڕان بـۆ ئەمـە بـرادەر یـان هاوڕێیـە.

کەواتـە، ئەگـەر هەمـوو ئـەو وشـانە پێکـەوە ببەسـتیتەوە بـۆ ئـەوەی بیکەیتە ڕسـتە (Yo, it's chill, bro)، دەکـرێ بـەم جـۆرە وەربگێڕدرێـت: "سـڵاو بـرا، هەمـوو شـتێک باشـە». کاتێـک باوکـم دەیبیسـتێت، چاوەکانـی ئامـاژەی تێگەیشـتن دەدەن، زەردەخەنەیـەک بـۆ کوڕەکـەم دەکات و ئـەو کاتـە دەتوانـن کاتێکـی ڕاسـتەقینە و لێـک تێگەیشـتن بەڕێبکـەن - هەرچەنـدە گفتوگۆکـە وەرگێـڕدراوە. باوکـم دەڵێـت: "هـەی ڕێـوی هـەی!" (منداڵەکـەم لـە مەبەسـتی تـەواوی باوکـم تێنـاگات، بۆیـە دووبـارە دەگەڕێمـەوە بـۆ کاری وەرگێـڕان!

بێگومـان مـن دەزانـم، کـە ئـەو وەرگێڕانـەی مـن کردوومـە بـۆ باوکـم و کوڕەکـەم لـە چـاو وەرگێڕانـە ڕەسـمییەکانی وەکـو کتێبـی پیـرۆز و شـاکارە ئەدەبییـەکان شـتێکی زۆر سـادە و گاڵتەئامێـزە. ئـەوەی کـە دەمەوێـت لـە ڕێگـەی ئـەو نموونەیـەوە بیڵێـم، ئـەوە نییـە کـە وەرگێـڕان کارێکـی سـادە و ئاسـانە، بەڵکـو دەمەوێـت ئـەوە بسـەلمێنم کـە وەرگێـڕان ڕێـی تـێ دەچێـت و دەشـێت بکرێـت. دەکرێـت لـە ڕێگـەی وەرگێڕانـەوە پەیوەندییەکـی ڕەسـەن و ڕاسـتەقینە و ورد دابمەزرێـت.

ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە کـەس ناتوانێـت ڕەخنـە لـە ڕاسـتگۆیی مێژوویـی کتێبـی پیـرۆز بگرێـت، تەنهـا لەبـەر ئـەوەی وەرگێڕانـی کتێبـی پیـرۆز بـە زمانـی ئینگلیـزی یـان کـوردی دەخوێنینـەوە. چەندیـن سـەدە زانایـان زمانەکانـی یۆنانـی و عیـبری و ئارامـی و ئینگلیزییـان خوێنـدووە، وە دەتوانـن بـە شـێوەیەکی ورد و تـەواو وەرگێـڕان بکـەن لەنێـوان ئـەو زمانانـە.

## بۆچی ئەو هەموو چاپ و وەشانەی کتێبی پیرۆز هەیە؟

بچیتـە هـەر کتێبخانەیەکـی مەسـیحی، هەندێـک جـار ڕەفەیەکـی تـەواو، هەندێـک جـار بەشـێکی تـەواو کـە پێکهاتـووە لـە وەرگێـڕدراوی جیـاوازی کتێبـی پیـرۆز دەبینیـت. وەشـانی

پاشـا جەیمـس (KJV)، وەشـانی نوێـی پاشـا جەیمـس (NKJV)، وەشـانی ئینگلیزیـی سـتاندەر (ESV)، وەشـانی نوێـی نێودەوڵەتـی (NIV). هەروەهـا سـەرەڕای ئەمانـەش، چاپـی تایبـەت بـە پیـاوان، ئافرەتـان، هـەرزەکاران، فێرخـوازان و بازرگانـان هەیـە. بۆچـی؟

ئایـا لەبـەر ئەوەیـە کـە ئەوانـەی کاریـان لەسـەر وەشـانی سـتاندەر کـردووە پێیـان وابـووە کـە ئـەو کەسانە هەڵەیـان کـردووە کـە کاریـان لەسـەر وەشـانی نوێـی نێودەوڵەتـی کـردووە؟ یـان لەبـەر ئـەوەی گروپـی وەشـانی پاشـا جەیمـس بـە شـێوەیەکی خـراپ وەریانگێـڕاوە، بۆیـە گرووپـی نوێـی پاشـا جەیمـس دەبێـت چاکـی بکەنـەوە؟ پرسـیارەکە لێرەدایـە: ئایـا سـیپارەی یۆحەنـا دەگۆڕێـت کاتێـک بەتایبەتـی بـۆ ژنان، پیـاوان، وەرزشـوانان یـان سـەربازان چـاپ دەکرێـت؟

بـە کورتـی، وەڵامـی هەمـوو ئـەو پرسـیارانە ئەمەیـە: "نەخێـر". کاتێـک دێینـە سـەر چاپە جیاوازەکانـی پیـاوان، ئافرەتـان، فێرخـوازان، سـەربازان، هەمـوو ئەوانـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی زیاتـرە و نـوسراوی نێـو کتێبـی پیـرۆز وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە. تەنهـا پێشـەکیی سـیپارەکان، تێبینیـی لێکۆڵـەران، وتـارەکان، هەروەهـا هەندێـک شـتی دیکـە جیـاوازە؛ واتـە دەقـە ڕەسـەنەکە وەکـو خـۆی دانـراوە و هیـچ نەگـۆڕاوە.

بـەڵام ئـەی دەربـارەی وەرگێڕانـە جیـاوازەکان چـی دەڵێـی؟ ئایـا کتێبـی پیـرۆز بـە شـێوەیەکی جیـاواز وەرناگێـڕن بـە جۆرێـک کـە نەتوانیـن لـە واتـای دەقـی ڕەسـەن دڵنیـا بیـن؟ ئەمـە پرسـیارێکی باشـە. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، تەنانـەت ئەگـەر وەرگێڕانـە جیـاوازەکان وشـەی جیـاواز بەکاربهێنـن بـۆ داڕشـتنی دەربڕینێکـی یۆنانـی یان عیبری، هەرگیز پێویسـت نـاکات گومـان بکەیـن لـەوەی کـە ئەمـە جیـاوازە لـە دەقـی ڕەسـەن.

جارێکـی دیکـە بیـر لـە نموونـەی قسـەکردنی منداڵەکانـم بکـەوە. دەمتوانـی ئەو ڕسـتەیە بـە چەنـد شـێوەیەک بـۆ باوکـم وەربگێڕم:

- "سڵاو برام، هەموو شتێک باشە."
- " هاوڕێکەم گوێ بگرە، هەموو شتێک باشە."
- "دەزانی چی؟ بارودۆخەکە زۆر باشە، ئازیزم."

وشـەکانی ئـەو وەرگێڕانانـە جیـاوازن. بـەڵام ئایا هیـچ گومانێـک هەیـە لـە گواستنەوەی واتـای ڕسـتە ڕەسـەنەکە؟ لێـرەدا کامـە وەرگێـڕان بەکاردەهێنـی؟ ئـەوەی لـەم دەربڕینـە

مەبەستییەتی کوڕەکـەم دەیەوێـت لەگـەڵ ئـەو کەسـەی کـە قسـە دەکات و پەیوەنـدی لەگەڵـی هەیـە پێـی بڵێـت کـە ئـەو لـە بارودۆخێکـی باشـدایە و لێـی ڕازییـە.

دەتوانیـت بـە هەمـان شـێوە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئایەتەکانـی کتێبـی پیـرۆزدا بکەیـت. بـا ئایەتێـک هەڵبژێریـن، وە ببینیـن چـۆن وەرگێڕانـە جیـاوازەکان پێشکەشـی دەکـەن. داوام لـە هاوسـەرەکەم کـرد نـاوی یەکێـک لـە چـوار ئینجیلەکـەم پـێ بڵێـت.

گوتی: «مەرقۆس».

«ئێستا ژمارەیەک لەنێوان ١ هەتا ١٥ هەڵبژێرە.»

«٥».

«ژمارەیەکی دیکەش لەنێوان ١ هەتا ٥٢».

«پەنجا».

بـا (مەرقـۆس ١٠: ٥٠) بخوێنینـەوە و ببینیـن کـە لـە چاپـە کوردییـەکان[a] چـۆن وەرگێـڕدراوە.

| وەرگێڕانە کوردییەکان | دەقی ڕەسەنی یۆنانی |
| --- | --- |
| ”کەواکەی بەری فڕێدا و ڕۆیشت بەرەو لای عیسا“ (چاپی ١٩٩٨).<br>”کەوایەکـەی فڕێـدا و ڕاپـەڕی، هاتـەلای عیسـا» (کـوردی سـۆرانی سـتاندەر ٢٠١٠).<br>”کەواکـەی فڕێـدا و هەسـتا و هاتـە لای عیسـا“ (کـوردی سـۆرانی سـتاندەر ٢٠١٧).<br>”ئـەوی ژی کراسـێ خـۆ هاڤێـت و ب لـەز رابـوو و هاتـە نك عیسـای“ (وەرگێڕانـی بادینی، ٢٠١٩).<br>”کراسـەکەی فڕێـدا و هەسـتا، هاتـەلای ئیشـۆع“ (وەرگێڕانـی پەیمانـی نـوێ و پەسـنییەکان). | ὁ δὲ άποβαλῶν τὸ ἱμάτιον αὐτοῦ ἀναπηδήσας πρὸς τὸν ἦλθεν Ἰησοῦν. |

a نووسـەر بەراوردەکـەی لەنێـوان وەرگێڕانـە ئینگلیزییـەکان کـردووە، بـەڵام ئێمـە پێـمان باشـە کـە ئـەم بـەراوردە لەنێـوان وەرگێڕانـە کوردییـەکان بکەیـن - وەرگێـڕ.

ئایا شتێکی سەرسامکەر نییە؟ چۆن بە تەواوی لە مەبەستی مەرقۆس لە (مەرقۆس ١٠: ٥٠) تێبگەین؟ هەمووان هاوڕان کە پیاوێک هاتۆتە لای عیسا، بەڵام دوای فڕیدانی کەواکەی، ئایا هەستا یان ڕاپەڕی؟ ئایا کەوای لەبەر بوو یان کراس؟ یان بە چ شێوەیەک چووە لای عیسا؟

باشە، جیاوازییەکانی نێوان وەرگێڕانەکان زۆر ڕوونن. پیاوەکە ئەو پارچە جلەی داکەند کە لە سەرەوە پۆشیبووی، وە هەستایەوە و بەرەو لای عیسا چوو. ئەو خاڵەی کە من دەمەوێ سەرنجی بخەمە سەر ئەوەیە کە وەرگێڕانە جیاوازەکان نابنە هۆی شێواندنی واتا ڕەسەنەکە، بەڵکو خوێندنەوەی زیاتر لە وەرگێڕانێک دەبێتە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

دەبێت زیاتر قووڵ ببینەوە، بێگومان هەموو ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز وەکو مەرقۆس (١٠: ٥٠) ڕوون نییە. لە ڕاستیدا وەرگێڕانی هەندێک وشە و دەستەواژە زۆر زەحمەتن، لەم بارودۆخانەدا زۆر جار وەرگێڕانە جیاوازەکان بۆچوون و پێشنیاری جیاوازیان هەیە. بەڵام لەو بارودۆخانەشدا، هەندێک خاڵ هەن پێویستە لەبەرچاو بگیردرێن:

١. شارەزا و زانایان بە شێوەیەکی بەرچاو ناکۆکن دەربارەی وەرگێڕانی ڕێژەیەکی زۆر کەم لە وشە و دەستەواژەکانی نێو کتێبی پیرۆز. ئەمەش چەند بەشێکی زۆر کەم لە کتێبی پیرۆز دەگرێتەوە.

٢. کاتێک ئەو ناکۆکی و گومانە لە وەرگێڕاندا هەیە، باشترین وەرگێڕانەکانی کتێبی پیرۆز درک بەوە دەکەن و لە ڕێگەی دانانی پەراوێزەوە بۆ خوێنەری ڕوون دەکەنەوە کە ئەو دەستەواژانە دەکرێت واتای دیکەشیان هەبێت. مەبەستەکە ئەوەیە کەس هەوڵنادات هیچ شتێک تێبپەڕێنێت بەبێ ئەوەی بە ئێمەی بە بڵێت، تەنانەت ئەگەر بشیانەوێ ناتوانن ئەمە بکەن.

٣. ئەم ژمارە زۆرەی وەرگێڕانە زانستییە یارمەتیمان دەدەن لە دیاریکردنی وەرگێڕانە هەڵەکان و خۆبەدوورگرتن لێیان. بۆ نموونە، کاتێک شاهیدانی یەهوا[a] وەرگێڕان بۆ (یۆحەنا ١: ١) دەکەن لە وەرگێڕانەکەیان بە ناوی چاپی جیهانی نوێ

---

a شاهیدانی یەهوا: ئایینزایەکی چەواشەکاری بەناو مەسیحین کە لە ساڵی (١٨٧٠) لەسەر دەستی چاڵز ڕەسڵ لە ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکا سەری هەڵداوە.

(TWN)، نووسـیویانە: «وشـەکە خوداوەندێـک بـوو»؛ بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هەمـوو وەرگێڕانــە ســەرەکییەکانی دیکــە دەڵێــن: ”وشــەکە خــۆی خــودا بــوو“. کەواتــە ڕوونــە کــە وەرگێڕانەکــەی ئــەوان لێــرەدا کارێکیــان کــردووە کــە وەرگێڕانەکانــی دیکـە ڕەتـی دەکەنـەوە. وە ئەگـەر بـۆ ماوەیـەک زمانـی یۆنانیـت خوێندبێـت و لـە ئامـرازەکان تێبگەیـت (هەروەهـا، کـە، ەکـە)، دەگەیتـە هەمـان ئـەو دەرەنجامـەی کـە وەرگێڕانەکانـی دیکـە گەیشـتوون پێـی - وەرگێڕانـی جیهانـی نـوێ دەقەکەیـان گۆڕیـوە بـۆ ئـەوەی بیرباوەڕێکـی دیاریکـراوی ئایینزاکـەی خۆیـان بپارێـزن.

٤. تەنها بـە دیاریکـردن و ڕەتکردنـەوەی وەرگێڕانـە هەڵـەکان، وەک ئـەوەی لـە خاڵـی سـێیەم باسـمان کـرد، دەتوانیـن متمانـە بکەیـن بـەوەی هیـچ باوەڕدارێـک پشـت نابەسـتێت بـە وەرگێڕانێـک کـە پشتڕاسـت نەکرابێتـەوە؛ ئێمـە دەزانیـن کتێبـی پیـرۆز چـی دەڵێـت، هەروەهـا واتاکانیشـی دەزانیـن.

بـەڵام پرسـیارێکی دیکـە سـەر هەڵـدەدات. لـە بنەڕەتـدا بۆچـی وەرگێڕانـی جیـاوازی کتێبـی پیـرۆز هەیـە؟ ئەگـەر ناکۆکـی لەسـەر بەشـێکی زۆر کـەم هەیـە و کاریگـەری لەسـەر بنەمـا بنەڕەتییەکانـی بـاوەڕ نییـە، بۆچـی خەڵکـی ئـەو هەمـوو هەوڵـە دەدەن بـۆ وەرگێڕانـی جیـاواز؟ ئـەوە پرسـیارێکی نایابـە، وە وەڵامەکـەی پەیوەنـدی هەیـە بـەوەی کـە خەڵکـی بـە چ ڕێگەیـەک فەرمانەکانـی کتێبـی پیـرۆز لـە ژیانیانـدا جێبەجـێ دەکـەن.

بیـری لـێ بکـەوە. خەڵکـی بـە تێڕامانێکـی زۆرەوە کتێبـی پیـرۆز دەخوێننەوە، ئامـۆژگاری لـێ وەردەگـرن، دەیخوێننـەوە و لێکۆڵینـەوە و گفتوگـۆی لەبـارەوە دەکـەن. بـۆ بەرگریکـردن لـە باوەڕەکەیـان بەکاریدەهێنـن. هەوەهـا بـۆ زۆربـەی ئـەو چالاکییانـە، وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـەی عیـبری و یۆنانـی زۆر سـوودبەخش نابێـت، لـە ڕاسـتیدا، هەندێـک جـار زۆر بێهیواکـەر دەبێـت. بـا جارێکـی دیکـە بیـر لـە مەرقـۆس (١٠: ٥٠) بکەینـەوە. ئەگـەر وشـە بـە وشـەی لـە یۆنانییـەوە وەربگێڕیـن، ئـەوا شـتێکی لـەم شـێوەیەی لـێ دەردەچێـت:

بەڵام عەبایەکەی فڕێ دا هی خۆی و پازی دا و هاتە لای عیسا.

بـە دڵنیاییـەوە هـەر چۆنێـک بێـت دەتوانیـن لـەو ئایەتـە تێبگەیـن، هەروەهـا ڕەنگـە وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە زۆر سـوودبەخش بێـت ئەگـەر بـە وریاییـەوە لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئایەتـەکان بکەیـن. بـەڵام کـێ دەیەوێـت کتێبـی پیـرۆز بـەو شـێوەیە بخوێنێتـەوە، بـە

تایبەتـی بەیانیـان لەگـەڵ خواردنـەوەی کوپێـک قـاوە؟

ئەمـە هۆکارێکـی سـەرەکییە بـۆ بوونـی وەرگێڕانـی هەمەچەشـن - بەکارهێنانـی بـۆ مەبەسـتی جیـاواز. هەندێـک کات پێویسـتمان بـە وەرگێڕانێکـی چـڕ و پـڕ دەبێـت؛ زیاتـر وشـە بـە وشـە بێـت. بـەڵام هەندێـک کات، پێویسـتت بەوەیـە ئاسـانتر بێـت بـۆ خوێندنـەوە و تێگەیشـتن، بۆیـە هەندێـک لـە وەشـانەکان وەرگێڕانـی دەسـتەواژە بـۆ دەسـتەواژە پەیـڕەو دەکـەن (یـان تەنانـەت وەرگێڕانـی بیرۆکـە بـۆ بیرۆکـە)؛ لـەم حاڵەتەدا ڕێکخسـتنی وشـەکان ئاسـان دادەڕێژرێـت، پێکهاتـەی ڕسـتەکان بەگوێـرەی ئـەو زمانـەی بـۆ وەرگێـڕدراوە زیاتـر گرنگـی پـێ دراوە لـە زمانـە ڕەسـەنەکە کـە عیـبری و یۆنانییـە، وە کارئاسـانی بـۆ خوێنـەر دەکرێـت. هەمـوو وەرگێڕانێکـی کتێبـی پیـرۆز پێویسـتە دوو ئامانـج بپێکێـت: دەقیقـی و ئاسـانی خوێندنـەوە. هەندێـک لـە تیمەکانـی وەرگێـڕان ڕەوانیـی دەق دەکەنـە قوربانیـی دەقیقـی و وردیـی دەق (هـەروەک لـە مەرقـۆس ١٠: ٥٠ بینیـمان). بـەڵام هەندێـک تیمـی دیکـەی وەرگێـڕان تیشـک دەخەنـە سـەر ئاسـانی و ڕەوانیـی خوێندنـەوە؛ بـەم هۆیـەوە پێویسـتە وەرگێـڕەکان پـاش و پێشـی هەندێـک وشـە بکـەن لـە زمانـە ڕەسـەنەکە بـۆ ئەوەی ببێتـە ڕسـتەیەکی «ڕاسـت و ڕەوان» بـۆ گوێگـر.

ئەگـەر بڕوانینـە کتێبـی پیـرۆز، ئـەوا ناتوانیـن بـە هیـچ شـێوەیەک گومانـی ئـەوە بکەیـن کـە ئـەو دەقـەی لەبەردەسـتمانە جیـاوازە لـەوەی کـە لـە بنەڕەتـدا نـووسراوە. لـە ڕاسـتیدا، ئێمـە دەزانیـن لـە دەقـی ڕەسـەن چـی نـووسراوە، هەروەهـا ئـەو شوێنانەشـی کـە لێکۆڵـەران ناکۆکـن لەسـەری زۆر کەمـە و دوورن لـە یەکـتر، لـە کۆتاییشـدا هێنـدە گرنـگ نیـن. کتێبـی پیـرۆز بـەردەوام و بەبـێ وەسـتان بەدروسـتی وەرگێڕانـی بـۆ دەکرێـت.

هەتـا ئێـرە دەتوانیـن باسـی ئـەوە بکەیـن ئاخـۆ کتێبـی پیـرۆز لـەڕووی مێژووییـەوە ڕاسـت و دروسـتە، یـان نـە. ئێسـتا دەبێـت پرسـیارێکی دیکـە بکەیـن: ئایـا ئێمـە ئـەو دەقانـە وەردەگێڕیـن کـە نووسـەرە لـە بنەڕەتـدا نووسـیویانە؟

بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئایا ئـەو خەڵکانـەی نـووسراوە ڕەسـەنەکانیان لەبەرگرتووەتـەوە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت کارەکەیـان کـردووە؟

# بەشی سێیەم

## لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوەی لەبەرگیراوە؟

کاتێک لە قوتابخانەی ئامادەیی و زانکۆ بووم، بەشداری هەندێک خولی زمانی بیانیم کرد. هەتا ئێستاش حەزم لە زمانی ئیسپانییە؛ چوار ساڵی تەواوی ئەکادیمیم لە خوێندنی ئەو زمانە بەسەر برد؛ هەرچەندە دەزانم باسکردنی ئەوە شتێکی هێندە گرنگ و کاریگەر نییە بۆ ئەو خوێنەرانەی کە شارەزای زمانەکەن. ئێستا، پاش ئەوەی ماوەی پازدە ساڵ لێی دوورکەوتوومەتەوە، چیتر لە زمانی ئیسپانی باش نیم. بەڵام ئەو ڕۆژانەی زۆر بە ڕژدی کارم لەسەری دەکرد، زۆر باش بووم لە وەرگێڕانی ئیسپانی بۆ ئینگلیزی و بە پێچەوانەشەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی مامۆستای زمانی ئیسپانی بۆ هەموو شەوێک ئەرکی ماڵەوەی پێدەداین. ئایا خشتەی وانەکانی زانکۆت لەبیرە؟ بۆ نموونە، ڕۆژانی دووشەمە و چوارشەمە و هەینی، یان سێشەمە و پێنجشەمە یەک وانەی دیاریکراوت هەیە. بەڵام بۆ وانەی زمانی ئیسپانی نەبوو، هەموو ڕۆژێک هەمانبوو، واتا هەموو شەوێک دەبووایە پەرەگرافێک وەربگێڕم، یان دەقی ئینگلیزی وەربگێڕم بۆ ئیسپانی یانیش بە پێچەوانەوە، وە دەبوا خۆم ئامادە بکەم بۆ ئەوەی ڕۆژی داهاتوو لەگەڵ هاوڕێکانم قسەی لەسەر بکەم.

لەوەشدا باش بووم. لە دوایین ساڵی زانکۆم دەمتوانی سەدان وشە لە ماوەی چەند کاتژمێرێک وەربگێڕم، وە ئامادەیی ئەوەم تێدابوو لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕوونکردنەوە لەسەر تاک بە تاکی وشە و ڕستەکان بدەم. بەڵام یەک دوو جار، لە کاتی گەیشتنم بە پۆلەکەم، فێری وانەیەکی ئازاربەخش و قورس بووم: هەرچەندە وەرگێڕانەکەم باش بێت، بەڵام هیچ گرنگییەکی نابێت ئەگەر دەقی داواکراوم وەرنەگێڕابێت. واتە، ئەگەر ئەو شتەم وەرنەگێڕابا کە مامۆستا داوای دەکرد.

هەندێک جار خەڵکی هەمان تۆمەت سەبارەت بە کتێبی پیرۆز هەڵدەبەستن - ئەوەی کە تەنانەت ئەگەر بڵێین ئێمە بە وردی کتێبی پیرۆزمان وەرگێڕاوە، ناتوانین دڵنیا بین لەوەی ئێمە دەقە ڕاستەکەمان وەرگێڕاوە؛ لەبەر ئەوە کارەکە بێ سوود دیارە. ئەم تۆمەتە لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە بەڵگەنامەی هەڵەمان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەستوونی خودی نووسەرە ڕەسەنەکانمان نییە. وە ئەو دەقە لەبەرگیراوانەی

کـە هەمانـە تێکچـوون و شـێوێنراون. لەبـەر ئـەوە نازانیـن کـە نووسـەرە ڕەسـەنەکە چـی نووسـیوە. وە ئەگـەر ئەمـە ڕاسـت بێـت، چیـتر پێویسـت بـە چەلەحانـێ نـاکات.

گۆڤارێکی ئەمریکی ئەم بابەتەی بەجوانی باسکردووە:

> هەتـا ئێسـتا هیـچ یەکێـک لـەو وتاربێژانـەی لـە تەلەفزیـۆن دەردەکـەون کتێبـی پیرۆزیـان نەخوێندووەتـەوە، وە تەنانـەت پاپـای ڤاتیکانیـش نەیخوێندووەتـەوە. وە منیـش نەمخوێندووەتـەوە، هەروەهـا تـۆش. هەموومـان لـە باشـترین بارودۆخمانـدا، وەرگێڕامـان خوێندووەتـەوە - وەرگێڕانـی وەرگێڕدراوێـک کـە وەرگێـڕدراوی وێنەیەکـی وەرگیـراوە و لـە دەستنووسـێکی دیکـەوە هاتـووە - لەبەرگیـراوەی لەبەرگیـراوەی لەبەرگیـراوەی لەبەرگیـراوە.

پێشـوەخت باسـی تۆمەتـی "وەرگێڕانـی خراپ"مـان کـرد؛ ئەم تۆمەتە ڕاسـت نییـە، ئەگەر بـەلای تـۆوە ڕوون نییـە، پێـم وایـە باشـترە بگەڕێیتـەوە و دیسـان بەشـی دووەم بخوێنیتەوە. سـەرباری ئـەوە، ئەمـە ڕاسـت نییـە کـە ئـەوەی هەمانـە «وەرگێـڕدراوی وەرگێڕدراوێکـە کـە لـە وەرگێڕانێکـی دیکـەوە هاتـووە»، وەک ئـەوەی دەقـە ڕەسـەنە یۆنانییەکـە سـەرەتا کرابێتـە چینـی، پاشـان وەرگێڕدرابێـت بـۆ زمانـی ئەڵمانـی، ئینجـا بـۆ پۆڵەنـدی و لـە کۆتاییشـدا وەرگێـڕدراوە بـۆ زمانـی ئینگلیـزی. نەخێـر، ئێمـە دەتوانیـن ڕاستەوخۆ لـە زمانـە ڕەسـەنەکەی خۆیـەوە وەریبگێڕیـن کـە یۆنانـی و عیبرییـە بـۆ هـەر زمانێکـی دیکـە. بـەم شـێوەیە، تەنانـەت لـە خراپتریـن بارودۆخیشـدا ئێمـە تەنها وەرگێڕدراوێکمان لەبەردەستە. بـەڵام ئـەی لەسـەر کۆتـا قسـە چیـمان هەیـە: ئـەو تۆمەتـەی کـە دەڵێـت ئـەوە کتێبـەی لەبەردەسـتمانە "بـە دەسـت نووسراوەتـەوە لەسـەر ئـەو لەبەرگیـراوەی لەبەریگیراوەتـەوە و ئەویـش هـەر لەبەرگیـراوەی لەبەرگیراوێکـی دیکەیـە؟»

"ئەم قسەیە بێ واتایە"، پێویستە ئەوە بڵێین.

## ئێمە نووسراوە ڕەسەنەکەمان نییە - چی بکەین؟

بـا بیـر بکەینـەوە لـە بابەتـی گواسـتنەوەی دەستنووسـەکان - ئایـا دەتوانیـن دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە نوسراوەکانـی کتێبـی پیـرۆز بـە وردی گواسـتراونەتەوە؟ کاتێـک ئێمـە بیـر لـەو پرسـیارە دەکەینـەوە، پێویسـتە دان بـەو بابەتـە

ئاشـكرایەدا بنێیـن کـە ئێمـە دەستنووسـە بنەڕەتییـە ڕەسـەنەکەمان نییـە.

ئـەو کاغەزانـەی کـە لۆقـا و یۆحەنـا و پۆڵـس بـۆ نووسـینی ئینجیلـی لۆقـا و ئینجیلـی یۆحەنـا و نامـەی ڕۆمـا بەکاریـان هێنـاوە، بەپێـی تێپەڕبوونـی کات ون بـوون. هەروەهـا زەحمەتـە بتوانیـن دەستنوسـێک بدۆزینـەوە و بڵێیـن: «ئێمـە لـە سـەدا سـەد دڵنیایـن کـە ئەمـە دەستنووسـی بنەڕەتیـی نووسـەرەکەیە".

بـەڵام بـەر لـەوەی ئێمـە بێهیـوا بیـن و کـۆڵ بدەیـن، بـا خولەکێـک بیـر لەمـە بکەینـەوە. لـە ڕاسـتیدا، چەنـدە گرنگـە دەستنووسـە ڕەسـەنەکانمان لـەلا بێـت؟ بـە دڵنیاییـەوە شـتێکی بـاش دەبێـت. چەنـد سـاڵێک بـەر لـە ئێسـتا کاتێـک سـەردانی لەندەنـم کـرد، چوومـە پێشـانگای گەنجینـەی کتێبخانـەی بەریتانـی، کـە لـەوێ کۆمەڵێـک دەسـتکردی بەهـاداری کەلتورەکانـی جیهانـی تێـدا نمایـش کرابـوو، زۆرتریـن شـوێنەوارە پیـرۆز و بەهادارەکانـی کتێبخانـەی بەریتانیـای تێدابـوو کـە لـە تۆمـارە پیـرۆزەکان بـوون. کۆکراوەیەکـی زۆر نایـاب بـوو. لەبەردەمـم (ماگنـا کارتـا) نمایـش کرابـوو؛ وە وەشـانی (گوتنبێـرگ)ی کتێبـی پیـرۆز، کـە لـە سـاڵی ١٤٥٥ چـاپ کرابـوو؛ وە سرودە ناوازەکـەی مەسـایا کـە (فرێـدرک هانـدڵ) بـە دەسـتەکانی خـۆی نوسـیبووی؛ دەستنووسـی سـینایی، کـە کۆنتریـن دەستنووسـی پەیمانـی نوێیـە؛ دەفتـەری ڕۆژانـەی تایبەتـی لیۆنـاردۆ داڤنچـی، هتـد.

بـەڵام، ئایـا پارچـە کاغـەزە ڕەسـەنەکان تاکـە ڕێگایـە تاوەکـو دڵنیابیـن لـەوەی کـە ئـەو نـووسراوەی ئێسـتا هەمانـە نووسـەرەکان خۆیـان نووسـیویانە؟ مەبەسـتم ئەوەیـە کـە ئایـا دەبێـت بـۆ هەتاهەتایـە بڵێیـن کـە هیـچ شـێک دەربـارەی ئـەوەی کـە هۆمـەر و ئەفلاتـون نووسـیویانە نازانیـن، چونکـە ئێمـە ئـەو پارچـە کاغەزەمـان نییـە کـە (ئۆدیسـی) یـان (کۆمـاری ئەفلاتون)یـان لەسـەری نووسـیوە؟ بـە دڵنیاییـەوە نەخێـر! بەڵکـو قسـەی لـەم شـێوەیە زۆر گاڵتەجاڕانەیـە. ئـەی دەستنووسـەکانی کتێبـی پیـرۆز؟ ئایـا بـەم ئاسـانییە کـۆڵ دەدەیـن و دان بـەوەدا دەنێیـن و دەڵێیـن ئـەوەی هەمانـە تەنهـا چەنـد لەبەرگیراوەیەکـی بـێ سـوودی لەبەرگیـراوەی لەبەرگیراوەکانـی دیکەیـە، ئەمـە هەرگیـز وا نـاکات کـە دڵنیـا بیـن لـەوەی ئـەو دەستنووسـە لەبەرگیراوانـەی کـە لەبەردەسـتمان ماوەتـەوە تـەواو ئەوەیـە کـە نووسـەرەکە نووسـیویەتی؟

باشـە، نەخێـر، هەرگیـز ناگەینـە دەرەنجامێکـی لـەو چەشـنە. لـە ڕاسـتیدا، هەرچەنـدە ئێمـە لاپـەڕە ڕەسـەنەکانی کتێبـی پیرۆزمـان لـەلا نییـە، بـەڵام دەتوانیـن تـەواو دڵنیـا بیـن و

باوەڕمان بەوە هەبێت کە دەزانین لەو لاپەڕە ڕەسەنانە چی نووسراوە. بەڵام ئەمە چۆن دەبێت؟

کلیلی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لەنێو ئەو ڕاستییەدایە کە ئێمە هەرچەندە نووسراوە ڕەسەنەکەمان نییە، بەڵام هەزاران پارچە کاغەزی هەمەچەشنی دیکەمان هەیە؛ ئەوانەی کە بە زمانە ڕەسەنەکە هەموو سیپارەیەکی کتێبی پیرۆزی تێدا نووسراوە - نزیکەی ٥٤٠٠ پارچە لە پەیمانی نوێمان هەیە. هەروەها دەربارەی پارچە کاغەزی چاپکراوی ئەم سەردەمە قسە ناکەین؛ بەڵکو باسی ئەو دەستنووسانە دەکەین کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکەم و دووەم و سێیەمی زایینی. هەندێک لەو دەستنووسانە تەواوی سیپارەکانی کتێبی پیرۆزیان تێدا نووسراوەتەوە؛ هەندێکیان چەند بەشێکیان تێکچووە و تەنها چەند بەشێک لەو سیپارانەیان لێ ماوەتەوە. وە هەندێکیان تەنها چەند پارچەیەکە لەوەی کە بە دەستنووسە گەورەکان دادەنران. جارێکی دیکە، هیچ کام لەو دەستنووسانە دەستنووسە ڕەسەنەکەی کتێبی پیرۆز نین؛ هەموویان لەبەرگیراوی دەستنووسی کۆنترن لە خۆیان. بەڵام ئەوانەمان بە پەرشوبڵاوی لە سەرتاپای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دۆزیوەتەوە، لە ئەشکەوت شاردرابوونەوە، یان لەگەڵ ئاسەوارە وێرانە کۆنەکان شاردرابوونەوە؛ یان تەنانەت - ئەگەر باوەڕ دەکەین یان نا - هەندێکیان لە زبڵدانی شوێنە چۆڵەکانی شارەکانی میسر دۆزراونەتەوە! سەرباری ئەوە، شارەزایان لێکۆڵینەوەیان لە پاشماوەی نوسراوەکان کردووە و دەڵێن کە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی دووەم و سێیەمی زایینی.

ئەوەی کە وا دەکات ئەو دەستنووسانە شایانی گرنگی بن، یان ببنە کێشە بۆ کەسانێک، بەگوێرەی شێوازی بیرکردنەوەیان، ئەوەیە کە هەندێکیان لەگەڵ یەکتر جیاوازن لە هەندێک بابەتدا، تەنانەت ئەو کاتەی لەبەرگیراوەی دەقێکی دیاریکراوی کتێبی پیرۆزن. بۆ نموونە، یەکێک لە دەستنووسەکانی ئینجیلی مەتای مزگێنیدەر لە وتەکەی پۆنتیۆس پیلاتۆس دەڵێت: «لە خوێنی ئەمە بێتاوانم» (مەتا ٢٧: ٢٤)، لە کاتێکدا دەستنووسێکی دیکە لە هەمان سیپارە و لە شوێنێکی دیکە یان لە دەستنووسی سەدەیەکی دیکە، پیلاتوس دەڵێت: «لەم خوێنە ڕاستودروستە بێتاوانم»، لە کاتێکدا لە شوێنێکی دیکە دەڵێت: «من لە خوێنی ئەم پیاوە ڕاستودروستە بێتاوانم". ئەوە واتای چییە؟ ڕوونە کە کەسێک هەیە، ڕەنگە زیاتر لە کەسێک هەبێت، بە وردی ئەوەی نەنووسیوەتەوە کە مەتای مزگێنیدەر نووسیویەتی.

هەندێک کەس تەماشای هەموو ئەو ٥٤٠٠ دەستنووسانە و پاشماوەی دەستنووسەکانی دیکە دەکەن بە جیاوازییەکانیانەوە، ئینجا دەڵێن: «ئەمە مەحاڵە، مەحاڵە بزانین دەقە بنەڕەتییەکە چۆن بووە. وە ئەو دەستنووسانەی ماونەتەوە زۆر کۆنن و هەندێکیان بە ڕادەیەک تێکچوون کە ئێمە ناتوانین دڵنیا بین لەوەی نووسەرە ڕەسەنەکان چییان نووسیوە». بەڵام ئەم لێکدانەوەیە زۆر دوور دەمانبات، پێت دەڵێم لەبەر چی. لە لایەک، ئەو کێشەیەی بەهۆی گومانکەرەکان ئاماژەی پێ دەکەن – ئەوەی کە ئەو دەستنووسانەی هەمانە زۆر دوورن لەو سەردەمەی کە دەستنووسە ڕەسەنەکان نووسراون وە بێگومان پڕن لە جیاوازی - ئەوەندەش خراپ نین کە هەندێک خەڵکی پێیان وایە. لە لایەکی دیکەوە، وا دیارە ئەو هەزاران لەبەرگیراوەیە، لە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا هەبوون و بە هەموو جیاوازییەکییەوە، ئەمە ڕێگەمان پێدەدات دیسان هەتا ڕادەیەکی زۆر متمانە بکەین بەوەی کە لە دەستنووسە ڕەسەنەکاندا هاتووە.

هەموو ئەوانە هەنگاو بە هەنگاو ڕوون دەکەمەوە.

## سەرنجی کەلێنە زەمەنییەکە بدە!

بەر لە هەموو شتێک، بەردەوام ڕەخنە لە دەستنووسەکان دەگیردرێت کە گوایە ئێمە بێهیوا بووین لە هەوڵی زانینی نووسراوە ڕەسەنەکان و خەریکە کۆڵ دەدەین لە دۆزینەوەی ئەوەی ئاخۆ نوسراوە ڕەسەنەکان چییان گوتووە. سەرباری ئەوەش، هەموو نووسراوەکانی پەیمانی نوێ لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی زایینی نووسراوەتەوە، هەروەها کۆنترین نوسراو کە لەبەردەستمان بێت دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سالآنی ١٢٥، ١٥٠ و ٢٠٠ ی زایینی. ئەمە واتای وایە کەلێنێکی مێژوویی هەیە لە نێوان کۆنترین دەستنووسی لەبەرگیراوە لەگەڵ دەستنووسە ڕەسەنەکان کە ماوەی ٤٥ بۆ ٧٥ ساڵە. هەتا ڕادەیەک ئەوە بۆ هەندێکمان وەکو کێشەیەک دەردەکەوێت؛ لەبەر هەندێک هۆکار، ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە ٧٥ ساڵ کاتێکی زۆرە، کاتەکە بەسە بۆ ئەوەی چەند لەبەر گیراوەیەک لەسەر یەکتر پاش ئەمە ون بووبێت، بەو هۆیەوە هیچ بیرۆکەیەکمان نابێت بۆ دەستنووسە ڕەسەنەکە. بەڵام ئەوە گریمانەیەکی دادپەروەرانە نییە، بە تایبەتی کاتێک دەزانیت لەو سەردەمەدا کتێبەکان زۆر بەهادارتر بوون لەوەی خەڵکی ئێستا بەها بۆ کتێبەکان دادەنێن، بۆیە، ئەوان باشتر لە ئێمە کتێبەکانیان پاراستووە.

تەنانـەت ئێسـتاش، کاتێـک ئێمـە دەتوانیـن سـاڵانە ملیۆنـان کتێـب چـاپ بکەیـن، دەتوانیت بچیتـە هـەر کتێبخانەیـەک و ئـەو کتێبانـە بدۆزیتـەوە کـە تەمەنیـان سـەد یـان دوو سـەد یـان سـێ سـەد سـاڵ دەبێـت. خەڵکـی کتێبەکانیـان دەپارێـزن! خەڵکـی سـەردەمی کۆنیـش ئەوەیـان کـردووە و باشـتریش پاراسـتوویانە، لـە کاتێکـدا نووسـینیەوە و لەبەرگرتنـەوەی بـەک کتێـب پێویسـتی بـە چەندیـن هەفتـە کار و ماندووبـوون بـووە. لێکۆڵـەران لـە کتێبـە کۆنـەکان زانیویانـە کـە خەڵکـی بـۆ مـاوەی ١٠٠-١٥٠ سـاڵ کتێبەکانیـان بەکارهێنـاوە بـەر لـەوەی وێنەیەکـی دیکـەی لـێ لەبەربگرنـەوە.

ئێسـتا نموونەیەکـی سـەرنجڕاکێش دەبینیـن لـەو شـتەی کـە پێـی دەڵێیـن (کۆدێکـس ڤاتیکانـوس)، لەبەرگیراوەیەکـی پەیمانـی نوێیـە کـە لە بنەڕەتدا لە سـەدەی چوارەمـی زایینی نـووسراوە، بـەڵام لـە سـەدەی دەیەمـی زایینییـدا بـە سـەریدا چوونەتـەوە و نووسـینەکەیان تـۆخ کردووەتـەوە. دەبینـی ئـەوە واتـای چییـە؟ دەستنووسـەکەی کۆدێکـس ڤاتیکانـوس شـەش سـەد سـاڵ بەکارهێـنرا ئینجـا نووسـینەکە تـۆخ کرایـەوە! لێـرەدا مەبەسـتێکم هەیـە: کاتێـک کتێبێـک بـۆ مـاوەی سـەدان سـاڵ بـە ڕێکوپێکـی بەکاردەهێنرێت، ئـەوە واتـا کەلێنی ئـەو ٤٥ بـۆ ٧٥ سـاڵە لـە نێـوان دەستنووسـەکانی پەیمانـی نوێـی ڕەسـەن و ئـەو چاپـەی ئێمـە هەمانـە (واتـا ئـەوەی کـە ماوەتـەوە) بـە ماوەیەکـی زۆر دانانرێـت. لـە ڕاسـتیدا، ڕەنگـە بـەر لـە لەناوچوونـی دەستنووسـە ڕەسـەنەکان کـە نووسـەرەکان خۆیان نووسـیویانە، بەکارهاتبێـتن بـۆ لەبەرگرتنـەوە و نووسـینەوەی ژمارەیەکـی زۆری دەستنووسـی دیکـە. بـەم شـێوەیە ئـەم بانگەشـە بکـوژەی دەڵێـت ئێمـە تەنهـا ئەوەمـان هەیـە کـە "لەبەرگیـراوەی لەبەرگیـراوەی لەبەرگیراوەیەکـی دیکەیـە" شـتێکە زێدەڕۆیـی تێـدا کـراوە. لـە ڕاسـتیدا، ئەمـڕۆ لـە مۆزەخانەکانمانـدا لەبەرگیـراوەی دەستنووسـە ڕەسـەنەکانمان هەیـە!

هەروەهـا، کاتێـک ڕەچـاوی ئـەو ماوەیـە دەکەیـن کـە لەنێـوان چاپـە ڕەسـەنەکە و چاپـە مۆدێرنەکـەدا هەیـە، دەتوانیـن زۆر بـە خێرایـی سـەرنجی ئـەوە بدەیـن کـە « ماوەکـەی» چەنـدە کورتـە بـۆ پەیمانـی نـوێ. بـۆ نموونـە، (توسـیدیدێس)ی مێژوونـووس لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (جەنگـی پێلۆپۆنییـەکان)، ئێمـە نزیکـەی هەشـت دەستنووسـمان هەیـە، نوێترینیـان نزیکـەی ١٣٠٠ سـاڵ لـە چاپـە ڕەسـەنەکەی دوورە! بـۆ (جەنگەکانـی گالیـک) ی (یۆلیـۆس قەیسـەر)، ئێمـە ٩ بـۆ ١٠ لەبەرگیراومـان هەیـە (دەکەوێتـە سـەر خـۆت کـە کامیـان دەخوێنیتـەوە)، نوێتریـن چاپـی ٩٠٠ سـاڵی نێوانـە لەگـەڵ چاپـە ڕەسـەنەکە. لێـرەدا دەتوانـی زۆر بـە ئاسـانی لـە مەبەسـتەکە بگەیـت: کاتێـک دێتـە سـەر ئەدەبـی کـۆن، کـەس

هـاوار نـاکات «سـەرنجی کەلێنـە زەمەنییەکـە بـدە!» تەنهـا پەیمانـی نـوێ بـەم شـێوەیە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت.

## چوارسەد هەزار چەشن؟

لەسـەر رەخنـەی دووەم، ئـەو دەستنووسـانەی هەمانـە بەهـۆی جیاوازییەکانـەوە زۆر سەرلێشـێوێنەرن، بـە جۆرێـک کـە هەرگیـز ناتوانیـن لـەوە دڵنیـا بیـن ئاخـۆ دەقـە بنەڕەتییەکـە چـی دەڵێـت. یەکێـک لـە لێکۆڵـەرەکان دووپاتـی کـردەوە کـە ئـەو دەقـی پەیمانـی نوێیـەی لەبەردەسـتی ئێمەیـە، سەرسـوڕهێنەرە و زیاتـر لـە چوارسـەد هـەزار چەشـن لەخـۆ دەگرێـت! (هـۆکاری ئـەوەی دەبێـت بڵێیـن «زیاتـر»، لەبـەر ئەوەیـە کـە کـەس دانەنیشـتووە بـۆ ئـەوەی بیانژمێرێـت. بۆیـە خـودی لێکۆڵەرەکـە دەڵێـت: «هەندێـک دەڵێـن دووسـەد هـەزار، هەندێکـی دیکـە دەڵێـن سێسـەد هـەزار و هەندێکیـش دەڵێـن چوارسـەد هـەزار یـان بگـرە زیاتـر»). هـەر چۆنێـک بێـت، پێویسـتە هەندێـک تێبینـی لەبەر چـاو بگریـن دەربـارەی ئـەم تۆمەتانـە:

١. نـوسراوەکان بەهـۆی هەمەچەشـنییەکەیانەوە نابنـە هـۆی سەرلێشـێواندن؛ هەروەهـا ئـەو چوارسـەد هـەزارە مایـەی نیگەرانـی نییـە، تەنانـەت ئەگـەر ڕێـک ئەوەنـدەش بێـت، چونکـە ئـەو لێکۆڵـەرەی ئـەم ژمـارە زۆرەی بەکارهێنـاوە تەنهـا سـەیری پێنـج هـەزار دەستنووسـە یۆنانییەکـەی نەکـردووە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش سـەردەمی هاتنـی چاپەمەنـی، بەڵکـو سـەرنجی دە هـەزار نـوسراوی زمانەکانـی دیکەشـی داوە. هەروەهـا لەسـەرووی هەمـوو ئەوانـەوە، تیشـکی خسـتووەتە سـەر دە هـەزار وتـەی دیکـە کـە بـاوەڕداران لـە مـاوەی شـەش سـەدەدا ئاماژەیـان پـێ کـردووە! هەمـوو ئەوانـە بەیەکـەوە ببەسـتەوە، ئینجـا دەکاتـە چوارسـەد هـەزار چەشـن (لەوانەیـە دووسـەد یـان سێسـەد هەزاریـش بێـت) کـە بەسـەر بیسـت و پێنج هـەزار دەسـتنووس و وتـەدا دابـەش کـراون و شـەش سـەد سـاڵ لەخـۆ دەگـرن؛ واتـە، هـەر دەقێـک شـازدە چەشـنی هەیـە. لەڕاسـتیدا ئەگـەر بیـری لـێ بکەینـەوە، ئـەوە هێنـدە زۆر نییـە.

٢. ئـەوەت لەبیـر بێـت کـە چوارسـەد هـەزار چەشـن، بـە واتـای چوارسـەد هـەزار دەقـی جیـاواز نایـەت. مانـای ئەوەیـە ئەگـەر یەکێـک لـە نـوسراوەکان بڵێـت: «مـن بـێ تاوانـم لـە خوێنـی ئـەم پیـاوە»، وە دەی دیکـە بڵێـت: «مـن لـەم خوێنە ڕاستودروسـتە بێتاوانـم»؛ ئـەو کاتـە تـۆ هـەر یـازدە نووسراوەکـە وەک «چەشـن» هەژمـار دەکەیـت.

ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگرین، ئەو ژمارە زۆرە دەبێتە شتێکی بێ واتا.

٣. لە کۆتایی دا، وەک ئەوە نییە کە جیاوازییەکانی نێو ئەو بیست و پێنج هەزار نوسراوەیە لە هەموو شوێنێکی کتێبی پیرۆزدا هەیە: بەڵکو، ئەوان بە کۆمەڵ لە چەند شوێنێکی نوسراوەکە دووبارە و دووبارە بوونەتەوە؛ واتە چەند دەقێکی کەم کێشە و گرفتیان هەیە.

بێگومان کاتێک بیر لەمە دەکەینەوە، ئەوە نییە کە بە بەرزیی چاپیەک دەقی هەمەچەشن ببینین و سەروبنی لە یەکتر جودا ناکەینەوە، بە پێچەوانەوە، لە پەیمانی نوێدا مێژوویەکی گواستراوەی جێگری مەزن دەبینیت، هەروەها هەندێک گومان لەسەر چەند دەقێکی ڕەسەن هەیە کە بوونەتە مایەی وەرگێڕانی هەمەچەشن.

بە کورتی، نووسەرەکان کارێکی باشیان ئەنجام داوە.

## وەک هەڵهێنانی مەتەڵێک

لێرەدا دەبێت لەسەر شتێکی دیکەی زۆر گرنگ گفتوگۆ بکەین: لەو شوێنەی کە ڕووبەڕووی دەقە هەمەچەشنەکان دەبینەوە لە پەیمانی نوێدا، باوەڕبکەی یان نا، ئەو جیاوازییانەیە کە بە وردی یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی بزانین دەقە ڕەسەنەکان چیان گوتووە. با نیشانتانی بدەم مەبەستم چییە.

بەکارهێنانی دەقە هەمەچەشنەکان بۆ ئەوەی بزانی چاپە ڕەسەنەکان چییان گوتووە وەکو هەڵهێنانی مەتەڵ وایە. هەروەها هەموو بابەتەکە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەوەستێت کە ئەگەر دەقێکی هەمەچەشنم بەرچاو کەوت، ئەوا نە تەنها دەتوانین دەقە جیاوازەکە دیاری بکەین، بەڵکو دەتوانین لە مەبەستی بەکارهێنانی لەلایەن نووسەرەوە تێبگەین. نووسەر بە چەندین هۆکار ئەو کارە دەکات. دەکرێت بە ڕێکەوت ئەوە ڕوویدابێت. بۆ نموونە، دەکرێت نامە هاوشێوەکان گۆڕدرابێتن؛ یەک وشە لەوانەیە گۆڕابێت بۆ یەکێکی دیکە کە هەمان خوێندنەوەی هەبووبێت؛ لەوانەیە هەندێک وشە پشتگوێ خرابێت؛ لەوانەیە وشە یان پیتەکان دووپات کرابێتنەوە؛ تەنانەت هەموو بەشەکە لەوانەیە تێپەڕێندرێت کاتێک هەمان وشە لە چەند ڕستەیەکی جیاوازی بەدوای یەکداهاتوو بەکاردێت.

لە کاتی دیکەدا، گۆڕانەکان بە ئەنقەست خۆیان دەردەخەن. لەوانەیە نووسەرەکە بڕیار بدات کە ئەو وشە یان ناوە ڕاست بکاتەوە کە بە هەڵە نووسراوە؛ لەوانەیە شتێک لە دەقێک بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا یەک بگرێتەوە یان وشەیەک یان دوان چاک بکات بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چاک بکاتە کە هەستی پێدەکات؛ یان لەوانەیە شتێک لە نوسراوەکە زیاد بکات بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە تاکو خوێنەرەکە چۆن لێی تێبگات.

شتی خۆش لێرەوە دەست پێدەکات، چونکە هەرکە زانیت لەبەرچی نووسەرەکە ئەو گۆڕانکارییەی لە کاتی لەبەرگرتنەوەی دەقەکە ئەنجام داوە، دەتوانیت بزانیت دەقە ڕەسەنەکە چی گوتوە بەر لەوەی دەستکاری بکرێت. با نموونەیەکی سادە بهێنمەوە: بیهێنە بەرچاوت بەشێکی کەمت لە نوسراوێکی لەبەرگیراوەی کۆن هەیە کە نووسراوە: «گوڵە باخ خوێنرایەوە، وەنەوشە شینە».[a] ئەوەندە قورس نیە لە چاپە لەبەرگیراوەکەوە بزانیت دەقە ڕەسەنەکە چۆن بووە؛ مەگەر نە؟ ئەگەر بێتو وای دانەنێین کە نووسەر هێندە نەزان بووە بەڕاستی نووسیویەتی «گوڵە باخ خوێنرایەوە»، ئەو کاتە بە دڵنیاییەکی تەواوەوە دەڵێین کە ئەو نوسراوەی کە لەبەری گیراوەتەوە وشەیەکی لێ هەڵەکراوە و ڕەسەنەکە گوتوویەتی: « گوڵەباخ سوورە، وەنەوشە شینە».

نموونەیەکی کەمێک ئاڵۆزترتان دەدەمێ. با بڵێین کە تۆ دوو دەقی کۆنت لەبەردەستە کە ماوەیەکی زۆرە نووسراون و دەقە ڕەسەنەکە دیار نەماوە.

دەقی یەکەم بەم جۆرەیە:

> ئێستا ئێمە تووشی جەنگێکی گەورەی ناوخۆیی هاتووین. هاتووین تاکو بەشێک لەو خاکە دابین بکەین، وەک کۆتا مەنزڵگای ئەو کەسانەی ژیانی خۆیان بەخت کرد تاکو تاکو نەتەوەکەیان بژی.

دەقی دووەم بەم جۆرەیە:

> ئێستا ئێمە تووشی جەنگێکی گەورەی ناوخۆیی هاتووین. تاکو ئەو

---

a ئەمە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕوونترە: Roses are read, violets are blue. وەکو دەزانین وشەی خوێندنەوە و سوور لە زمانی ئینگلیزی زۆر لەیەکەوە نزیکن (وەرگێڕ).

نەتەوەیە یان هەر نەتەوەیەکی دیکە تاقی بکەینەوە، ئاخۆ ماوەیەکی زۆر خۆی دەگرێت و بەرگە دەگرێت. ئێمە لە مەیدانێکی جەنگی گەورە ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە. هاتووین تاکو بەشێک لەو خاکە دابین بکەین، وەک کۆتا مەنزڵگای ئەو کەسانەی ژیانی خۆیان بەخت کرد تاکو ئەو نەتەوەیەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین بژی.

باشە. یەک دوو خولەک بیر لە جیاوازی و کێشەکە بکەوە. دوو نوسراو هەیە. دواتر بەردەوام بە لە خوێندنەوە.

باشە، جیاوازییەکانت بینی؟ ئەوانەی زۆر هەستیان پێ دەکەیت، نوسراوی یەکەم کورتترە. ڕستەیەکی تەواوی بەجێهێشتووە: «تاکو ئەو نەتەوەیە یان هەر نەتەوەیەکی دیکە تاقی بکەینەوە، ئاخۆ ماوەیەکی زۆر خۆی دەگرێت و بەرگە دەگرێت. ئێمە لە مەیدانێکی جەنگی گەورە ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە». هەروەها، هەردوو نوسراوەکە ناکۆکن لەسەر ڕستەی کۆتایی. ئایا دەقی ڕەسەن مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی خۆیان بەختکردووە تاکو تاکو نەتەوەکەیان بژی، یان «تاکو ئەو نەتەوەیە بژی کە ئێمە باسمان کردووە؟»

با لە یەکەم جیاوازییەوە دەستپێبکەین، ئەو ڕستە لابراوەی کە دەڵێت: «ئێمە لە مەیدانێکی جەنگی گەورە ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە». ئایا هیچ هۆکارێک هەیە کە لەبەرگرەوەکە ئەو وشانەی زیاد کردبێت کە لە نوسراوە ڕەسەنەکەدا نییە؟ نەخێر؛ بەلایەنی کەم من ناتوانم بیر لە هیچ هۆکارێک بکەمەوە. ئەگەر نا، ئایا هیچ ڕوونکردنەوەیەک هەیە کە بۆچی ئەوانەی زیاد کردووە؟ بەڵێ. دەبینی کە وشەی جەنگ دوو جار لە نوسراوی دووەمدا دەردەکەوێت؟ لەڕاستیدا، ئەو دوو ڕووداوانە جۆرێکن لە کۆڵەکەی ئەو وشانەی کە لە نوسراوەکەدا زیاد کراون. ئەگەر وشەی جەنگ دوو جار لە نوسراوە ڕەسەنەکە هاتبایە (بەتایبەتی ئەگەر هەر دوو جارەکە لە کۆتایی یان لە سەرەتای دەقەکە بهاتبا)، ئەو کاتە دەکرا یەکیان بە ڕێکەوت تێبپەڕێنێت، وە ئەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئەو وشانەی زیاد کردووە لەنێوانیان. بەپێی ئەم لۆژیک و لێکدانەوەیە، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە دەقە درێژەکە، نوسراوی دووەم، لە دەقی ڕەسەن دەچێت.

ئەی جیاوازی دووەم؟ ئایا هیچ هۆکارێک هەیە لەپیشت ئەوەی کە لەبەرگرەوەکە چاپە ڕەسەنەکەی گۆڕیوە کە دەڵێت: «تاکو ئەو نەتەوەیەی ئێمە قسەی لەسەر

دەکەیـن بـژی» و گۆڕیویەتـی بـۆ «تاکـو تاکـو نەتەوەکەیـان بـژی»؟ نەخێـر. هـەر چۆنێـک بێـت، دەسـتەواژەی «تاکـو تاکـو نەتەوەکەیـان» نامۆیـە. لەبەرگرەوەکـە پێـش ئـەوە دەبـوو «تاکـو» بگـۆڕێـت و دەسـتەواژەیەک بەکاربێنێـت کـە هەندێـک ڕوونـتر بێـت. هـەر بۆیـە، دەتوانیـن بڵێیـن دەقـە زەحمەتەکـەی نـوسراوی یەکـەم لـە چاپـە ڕەسـەنەکە نزیکـترە.

بـە لەبەرچاوگرتنـی هەمـوو ئەوانـە، دەتوانیـن بڵێیـن کـە لـە جیاوازیـی یەکەمـدا، نـوسراوی دووەم زیاتـر ڕەنگدانـەوەی دەقە ڕەسـەنەکەیە (چونکـە چـاوی لەبەرگرەوەکە ئەو وشـانەی لەنێـوان «جەنـگ» بـۆ «جەنگ»دایـە نەبینیـوە) هەروەهـا لـە جیـاوازی دووەمـدا نـــوسراوی یەکـــەم ڕەنگدانـــەوەی دەقـــە ڕەســـەنەکەیە (چونکـــە ناکرێـــت لەبەرگرەوەکـــە دەقەکـە بگۆڕێـت و بـە هەڵـە بنووسـێت «تاکـو تاکـو». بۆیـە دەتوانیـن نـوسراوە ڕەسـەنەکە بـەم شـێوەیە دابڕێژینـەوە:

> ئێسـتا ئێمـە تووشـی جەنگێکـی گـەورەی ناوخۆیـی هاتوویـن، ئـەوە تاقـی دەکەینـەوە بزانیـن ئاخـۆ ئـەو نەتەوەیـە یـان هـەر نەتەوەیەکـی دیکـە ماوەیەکـی زۆر خـۆی دەگرێـت و بەرگـە دەگرێـت. لـە مەیدانێکـی گەورەی ئـەو جەنگـەدا ڕووبەڕووبوومـان بوونـەوە. هاتوویـن تاکـو بەشـێک لـەو خاکـە دابیـن بکەیـن، وەک کۆتـا مەنزڵـگای ئـەو کەسـانەی ژیانـی خۆیـان بەخـت کـرد تاکـو ئـەو نەتەوەیـەی ئێمـە قسـەی لەسـەر دەکەیـن بـژی.

دەبینـی؟ تەنهـا لـە ڕێگـەی قسـەکردن لەسـەر هـۆکاری ئـەوەی بۆچـی لەبەرگیـراوەکان لەوانەیـە هەندێـک گۆڕانـکاری بکـەن، دەتوانیـن بەدڵنیاییـەوە بگەیـن بـە ئەنجامـی کۆتایی دەربـارەی دەقـە ڕەسـەنەکان، تەنانـەت ئەگـەر چاپـی کۆتاییـمان بەتـەواوی ڕەنگدانـەوەی ئـەو نوسراوانـە نەبێـت کـە هەمانـە. باشـمان ڕێکـمان خسـت، مەگـەر نـە؟

لەڕاسـتیدا ئـەوە ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە لێکۆڵـەران بـۆ مـاوەی سـەدان سـاڵ لەسـەر نـوسراو و دەقەکانـی پەیمانـی نـوێ کردوویانـە تاکـو بیگەیەننـە دەسـتی ئێمـە. زۆرێـک لـەو مەتەڵانەی ڕووبەڕوویـان دەبنـەوە، بەدڵنیاییـەوە، زۆر ئاڵۆزتـرن لەچـاو ئـەو نموونـە سـادانەی هێنامانـەوە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە لـە مەبەسـتم تێگەیشـتی. بـە بەراوردکردنـی ئـەو لەبەرگیـراوە کۆنانـەی ماونەتـەوە و بیرکردنـەوە دەربـارەی ئـەوەی بۆچـی لەبەرگیـراوەکان دەتوانـن جیاوازی و کێشـە دروسـتبکەن، لێکۆڵـەران دەتوانـن بزانـن نـوسراوە ڕەسـەنەکان چییـان گوتـووە. ئەمـە بابەتـی گریمانـە یـان جـادوو نییـە، بەڵکـو لێکدانـەوە و لۆژیکـی ورد و دروسـتە.

نموونەیەکی ڕاستەقینەی پەیمانی نوێ یارمەتیدەرێکی باش دەبێت لە تێگەیشتن لە بابەتەکە. لە (مەتا ٥: ٢٢) نووسراوی هەمەچەشنمان هەیە. یەکێک لەو دەقانە دەڵێت:

> بەڵام من پێتان دەڵێم هەرکەسێک لە براکەی توڕەبێت دەبێت بدرێتە دادگا.

ئەوەی دیکەیان دەڵێت:

> بەڵام من پێتان دەڵێم هەرکەسێک بەبێ هۆکار لە براکەی توڕەبێت دەبێت بدرێتە دادگا.

جیاوازییەکە زۆر ڕوونە، هەروەها چارەسەرەکە ڕوونە. چ نووسەرێک دەستەواژەی «بەبێ هۆکار» دەسڕێتەوە لە کاتێکدا هەبوونی لەنێو دەقەکەدا دەبێت مایەی ڕوونکردنەوەی زیاتری وتەکەی عیسا؟ بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بڵێین کە نووسەرەکە ویستوویەتی نەهێڵێت هەر کەسێک لە براکەی توورە بێت حوکم بدرێت و بە ڕوونکردنەوەی زیاتری وتەکەی عیسا، هاوکاری عیسا بکات؛ بەو هۆیەوە دەستەواژەی «بەبێ هۆکار»ی زیاد کردووە. لەبەر ئەوەی دەقی دووەمیان هەندێک درێژترە، پێدەچێت یەکەم هەڵبژاردە زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕەسەنەکە بێت. هەروەها بەو هۆیەوە، زۆربەی وەشانەکان دەستەواژەی «بەبێ هۆکار» نانووسن، تەنها لە پەراوێزدا بە سادەیی ئاماژەی پێ دەکەن.

## ئێمە دەزانین چییان نووسیوە

بەر لەوەی بگەینە دەرەنجامی ئەم کێشەیە، پێویستە باسی خاڵێک یان دوو خاڵی دیکە بکەین. یەکەمیان، شایانی باسە کە زۆربەی جیاوازییە دەقییەکانی نووسراوە لەبەرگیراوەکان کە لەبەردەستی ئێمەدان سەرنجڕاکێش و گەورە نین. زۆربەی باسی ڕاناوی تاک و کۆ دەکات، ڕیزبەندیی وشەکان و دەمەکانی فرمان دەکات. بەڕاستی بێزارکەرە! زۆربەی ئەو کێشانە کاریگەرییان لەسەر واتای بنەڕەتی کتێبی پیرۆز نییە و هیچ کێشەیەک بۆ لایەنی لاهوتیی دەق دروست ناکات.

دووەم، لێکۆڵەرە مەسیحییەکان بێ ئەندازە بایەخیان بە هەڵگرتن و پاراستنی دەقە هەمەچەشنەکان لەگەڵ شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەو دەقانە داوە. بەدڵنیاییەوە دەتوانیت

هاوڕایان نەبێت و دەرەنجامەکانیان ڕەت بکەیتەوە؛ باوەڕ دەکەیت یان نا، باوەڕداران حەز دەکەن لەسەر ئەم شتانە قسە و گفتوگۆ بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە هیچ پلانێکی نهێنی لە ئارادا نییە. باوەڕداران ئاگاداری دەقە هەمەچەشنەکانن و زۆر کراوەن دەربارەی ئەو بابەتانە، چونکە بڕوامان وایە ئەو جیاوازیانە و هۆکارەکانیان دەتوانێت یارمەتیمان بدات لە بڕیاردان لە دەرکەوتنی ئەوەی کە دەقە ڕەسەنەکانی پەیمانی نوێ چییان گوتووە.

لەکۆتاییدا، لە بابەتی وەرگێڕاندا، وا دەردەکەوێت کە هیچ بیروباوەڕێکی مەسیحییەت پشت نابەستێت بەو دەقانەی کە هەمەچەشنن و کێشەیان لەسەرە. ئەو بەشانەی کە کێشەیان هەیە یان ئەوەتا شتێکی گرنگی ئەوتۆ نییە، یاخود ئەگەر گرنگیش بێت ئەوا لە شوێنی دیکەی کتێبی پیرۆزدا بەڕوونی ئەو بابەتە جێگەی مشتومڕانە ڕوون کراونەتەوە.

ئێستا درک بە بابەتەکە دەکەیت؟ ئەو تۆمەتەی کە گوایە ئێمە نازانین دەقە ڕەسەنەکان چییان گوتووە بەتەواوی ناڕاست و بێ بنەمایە. بۆشایی نێوان نوسراوە ڕەسەنەکان و نوێترین لەبەرگیراوی سەردەمی ئێستا ئەوەندەش زۆر نییە. هەروەها نەک ئەوەی کە دەزانین نووسراوە ڕەسەنەکان چییان گوتووە، بەڵکو زۆری ژمارەی ئەو لەبەرگیراوانەی ئێستا هەن ڕێگامان پێدەدەن هۆکاری هەمەچەشنبوونیان بزانین، بەو شێوەیە لە ڕووە مێژووییەکەیەوە تەواو دڵنیا دەبین؛ بەم شێوەیە دەزانین کە لە بنەڕەتدا یۆحەنا و لۆقا و پۆڵس و هەموو نوسەرەکان لە پەیمانی نوێدا چییان نوسیوە.

## هەتا ئێستا گەیشتووینەتە کوێ

هەتا ئێستا لە لێکۆڵینەوەمان گەیشتووینەتە ئەو شوێنەی دەقەکانی پەیمانی نوێ دەتواندرێت لە ڕووی مێژووییەوە متمانەی پێ بکرێت. یەکەم، ئێمە بەڕاستی دڵنیایین لە ڕاستی و وردیی وەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە لەبەردەستماندان. دووەم، هەروەها دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە نووسەری ئەو دەقانە لە بنەڕەتدا چییان نووسیوە.

وەرگێڕانی دەقەکان؟ پشکێنراوە

گواستنەوەی دەست بە دەستی دەقەکان؟ پشکێنراوە

بـەڵام ئێمـە هێشـتا تـەواو نەبوویـن. تەنانـەت ئەگـەر لـە وەرگێـڕان و دروسـتیی دەقەکان دڵنیـا بیـن، ئایـا دڵنیایـن لـەوەی کە ئاخـۆ دەقی کۆکـراوەی دروسـتمان لەبەردەسـتە؟

بـە واتایەکـی دیکـە، بۆچـی پێـمان وایـە دەبێـت سـەیری ئـەم دەقانـە بکەیـن نـەک ئـەو دەقانــەی دیکە؟

# بەشی چوارەم

## ئایا ئەم سیپارانە بەڕاستی ئەوانەن کە بەدوایاندا دەگەڕێیت؟

کتێبی (کۆدەکەی داڤنچی)م خوێندووەتەوە و بەلامەوە کتێبێکی خۆش و سەرنجڕاکێش بوو. شەوان درەنگ دەنووستم و هەستم دەکرد منیش لەگەڵ پاڵەوانانی ڕۆمانەکەدا بەدوای سەرەداوادا دەگەڕێم و هەواڵی چارەسەرکردنی مەتەڵە کۆنەکانم دەدا و بە تەواوی ئەوروپادا گەشتم دەکرد. لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمەدا، نزیکەی هەشتا ملیۆن دانە لەو کتێبە فرۆشراوە. بەشێک لەم سەرکەوتنە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهرەیەی کە (دان براون)ی نووسەر لە گەڕانەوەی چیرۆکدا هەیەتی، بەڵام ئەوە تاکە هۆکار نییە. هەروەها ناتوانین بڵێین کە ئەو هەمووە فرۆشتنە بەهۆی لایەنی ئەدەبیی بەرهەمەکەوە بووە. نەخێر، ئەوەی کە بووە هۆی فرۆشتنی ئەو هەمووە ژمارەیە ئەوەیە کە هەموو نووسەرێک خەونی پێوە دەبینێت – بەرهەمەکەی ئاگری بەرداوەتە بابەتێکی پڕ لە مشتومڕ و جێ ناکۆکی جیهانی.

زۆربەی ئەو چیرۆکە هەست بزوێنانەی کە (دان براون) پێشتر نووسیونی، پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ نەکراوە. ئەوەتا لە یەکەم لاپەڕی ڕۆمانەکەدا نووسراوە «هەموو کەسایەتی و ڕووداوەکانی نێو ئەم کتێبە ئەندێشەییە و هەر لێکچوونێک بە زیندوو و مردووەوە تەنها ڕێکەوتە و بە ئەنقەست نەنووسراوە». بەڵام ناوبانگە زۆرەکەی ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە بانگەشەکانی کار بکاتە سەر بیر و هزرمان، تەنانەت کاریگەری لەسەر باوەڕدارانیش بەجێهێشتووە. یەکێک لەو بانگەشانەی کە نووسەر دەیکات ئەوەیە کە کتێبی پیرۆز کۆمەڵێک کتێبی دەستکرد و ساختەن و دەکرێت پیلان و هێزی نهێنی و فێڵی شەیتانی تێدا بەکارهاتبێت. یەکێک لە دەقەکانی نێو کتێبەکە بەم جۆرە باسی پیلانەکە دەکات:

(سۆفیا) پرسیاری کرد: ”کێ بڕیاری دا ئەو ئینجیلانە هەڵبژێردرێن؟“

(تیبینگ) بە گەرموگوڕییەوە گوتی: ”ئەمە لە بنەڕەتدا گاڵتەجاڕیی مەسیحییەت نیشان دەدات. ئەو کتێبە پیرۆزەی لەبەردەستمانە، لەڕاستیدا ئیمپراتۆر کۆنستەنتینی

مەزن کە کەسێکی بتپەرست بوو لە دووتوێی کتێبێکدا سیپارەکانی کۆ کردووەتەوە.«[a]

ڕاستە لێرەدا نووسەر هەموو شتێکی داوە بەسەر یەکتردا، بەڵام ئەم بابەتە ماوەیەکی زۆرە زانا و شارەزایان گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەوە دەکەن. بابەتەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات کە سێ سەدەی سەرەتای سەرهەڵدانی کڵێسا، کۆمەڵێک زۆر دەقی کتێبی پیرۆز ببوونە جێگەی سەرنج و تێڕامانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. بەو جۆرەی کە باسکراوە، لەو سەردەمەدا هەر کۆمەڵە باوەڕدارێک دەقێکیان لابووە کە بە وتە و فێرکردنی ڕاستەقینەی عیسایان زانیوە. گوایە، مەسیحییەت وەکو چێشتی مجێور بووە و شوێنی پێکدادانی بیرۆکە هەمە چەشنە جوانەکان بووە. ئینجا لە ڕۆژێکی پڕ تەم و مژاوی و تاریکی سەدەی چوارەمدا، کۆمەڵێک قەشەی تەقلە لەسەر و عەبا درێژ کە دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو لە شارێکی بچووک بە ناوی نیکایا (شاری ئیزنیک لە تورکیای ئەمڕۆ) کۆبوونەوە و بە پشت بەستن بە ئیمپراتۆرە خودانەناسەکەیان، کۆنستەنتین، کۆتاییان بە هەموو شتێک هێنا. ئینجا ئەو قەشانە کۆمەڵێک دەقی دیاریکراویان پەسەند کردو و ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەو دەقانە بوون کە خۆیان بەلایانەوە پوسەند بوو، کەم کەم لە تەواوی ئیمپراتۆریەتەکەدا لەناو برد. بەو هۆیەوە پەیمانی نوێ لە دووتوێی بەرگێکدا کۆ کرایەوە و جیهان پێی نایە نێو تاریکییەوە.

ئەو سیناریۆیەی سەرەوە لەوانەیە هەندێک ترش و خوێی پێدا کرابێت، بەڵام لەڕاستیدا زۆر کەس کە باسی کۆکردنەوەی پەیمانی نوێ دەکەیت، ئەو فیلمە لەنێو مێشکیاندا لێدەدرێت. ئەوەندەی من بزانم، زۆرێک لە باوەڕداران ناتوانن بە دڵنیاییەکی تەواوەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: «ئایا ئێوە دڵنیان لەوەی کە دەقە دروستەکان لەبەردەستە؟»

بێگومان ئەوەش پرسیارێکی گرنگە، چونکە ئەگەر بمانەوێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە کتێبی پیرۆز لە ڕووی مێژووییەوە ڕاستە و دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت، ئەوا دەبێت دڵنیا بین کە ئەو دەقەی لەبەردەستمانە دەقە دروستەکەیە. ئەگەر کەسێک کتێبێکی دیکە لەناوبات و بیشارێتەوە و بیسووتێنێت کە چیرۆکێکی جیاواز لەوەی نێو کتێبی پیرۆز باس دەکات، ئەوا متمانەیەکی ئەوتۆمان بەوە نامێنێت کە کتێبی پیرۆز لە ڕووی مێژووییەوە دروست و جێ متمانەیە.

---

a لە بەرهەمە ئینگلیزییەکەدا لە لاپەڕە ٢٣١دا هاتووە.

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لەم بەشەدا وەڵامی دەدەینەوە: ئایا بەڕاستی ئەم دەقانە دروستن کە لەبەردەستمانن؟ ئایا هیچ ئینجیلێکی دیکە هەبووە و هەیە کە دەبێت تەماشای بکەین و پشتی پێ ببەستین - یاخود بگرە لە جێگەی ئەم ئینجیلەی ئێستامان بەکاریبهێنین؟ چۆن دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئەوەی لەبەردەستمانە جێگەی متمانەن و ئەوانەی دیکە ڕاست نین و ناکرێت پشتیان پێ ببەستین؟

## پەسەندکردنی سیپارەکانی پەیمانی نوێ

کاتێک باسی پەسەندکردنی سیپارەکانی پەیمانی نوێ دەکەین، مەبەستمان پەسەندکردنی ئەو سیپارانەیە کە باوەڕداران وەکو تاکە سەرچاوەی دروستی ژیاننامەی عیسا قبوڵیان کردووە. بێگومان باوەڕداران بنەما و ڕێسایەکی دیاریکراویان هەیە بۆ قبوڵکردنی سیپارەکانی کتێبی پیرۆز. ئایا پڕۆسەی قبوڵکردنەکە بەسە بۆ ئەوەی کە تەواو لە دروستی زانیارییەکانی نێو کتێبی پیرۆز دڵنیا بین؟

لەم حاڵەتەی ئێمەدا دەبێت لەسەر ئەوە بدوێین ئاخۆ پەیمانی نوێ چۆن کۆکرایەوە و پەسەند کرا. ئەم بابەتە زۆر هەستیارە چونکە پشت بە بەڵگە مێژووییەکان دەبەستێت. ئێستا هەستیاربوونەکەی ڕوون دەکەمەوە. ئەگەر هاتوو کۆکردنەوەی پەیمانی نوێ لە ئەنجامی کاریگەریی نەرێنیی کۆمەڵێک کەسی گەورە و دەسەڵاتدارەوە سەری هەڵدابێت، لە کاتێک دەقی دیکەمان هەبووە کە دەکرا پشتی پێ ببەسترێت و قبوڵ بکرێت، ئەوا ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم کتێبی پیرۆزەی ئەمڕۆ لەبەردەستمانە لە ڕووی مێژووییەوە دروست و باوەڕپێکراوە. هەروەها ئەگەر ئەم سیپارانەی پەیمانی نوێیان هەڕەمەکی هەڵبژاردبێت، ئەوا ناتوانین بڵێین کە وێنەیەکی دروستی عیسامان نیشان دەدەن. هەمان شت دەتوانین بڵێین ئەگەر بێتو تەواوی پڕۆسەکە بە نهێنی ئەنجام درابێت و کەس نەزانێت چۆن کۆکراوەتەوە. بێگومان ئەمانە ڕاست دەبن ئەگەر بێتو بەپێی بەڵگەی مێژوویی کار نەکرابێت و تەنها هەست و سۆزیی کەسیی دەوری لە کۆکردنەوەکەدا هەبووبێت. ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی مێژووییەوە لە دروستیی پەیمانی نوێ دڵنیا بین، ئەوا دەبێت ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: «ئایا هۆکاری پشتبەستنمان بەم کتێبانە هۆکاری دروست و جێگەی متمانەن؟»

کورت و پوخت دەتوانم بڵێم، بەڵێ بێگومان. بەڵام بۆ گەیشتن بەم دەرەنجامە، پێویستە هەندێک لەسەری بدوێین. دەبێت دوو شت بکەین: یەکەم، پێویستە واز لەو

بیرۆکەیە بهێنین کەوا زۆر کەس لەدوای سەرهەڵدانی کتێبی کۆدەکەی داڤنچییەوە برەویان پێداوە، کەوا دەڵێت کۆکردنەوەی سیپارەکانی پەیمانی نوێ لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکی چاودێرە بەهێزەکانەوە بووە کە بە خراپە و ستەمکاری هەڵسوکەوتیان کردووە بۆ قەدەغەکردنی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بەهادار. وە دووەم، پێویستە بپرسین داخوا باوەڕدارە سەرەتاییەکان هۆکاری دیاریکراویان هەبووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی لە کۆتاییدا بڕیاریان لەسەر داوە. لە کاتێکدا پیلانگێڕی نەبووبێ بۆ قەدەغەکردنی بەڵگەنامەکانی دیکە؛ وە ئەگەر باوەڕدارە سەرەتاییەکان هۆکاری دیاریکراویان نەبووبێ بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە هەڵیان بژاردووە، ئەو کاتە دەتوانین بە دڵنیایی تەواوەوە بڵێین ئێمە سیپارە ڕاستەکانمان لەبەردەستدایە.

## دەریایەک لە ئینجیلەکان؟

سەرەتا با بەو بابەتە دەستپێبکەین کە گوایە پیلانگێڕییەک هەبووە بۆ قەدەغەکردنی نووسراوەکانی دیکە. هەر چۆنی دەیانەوێ شرۆڤەی بکەن، بەڵام، بە لانی کەم لەبەر دوو هۆکار، ئەم بیرۆکەیە تەنها قسەی پووچە.

بەر لە هەموو شتێک، ڕاست نییە کە کڵێسای یەکەمین نقووم بووە لەنێو دەریایەک لەو سیپارانەی کە چەندین جۆر بیروباوەڕی جیاوازیان هەبووە وەک ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە، (وەک ئەوەی کەسانێک دەڵێن) دەستیان کردووە بە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێکی زۆر باش لە سیپارەکان بە ئامانجی پاراستنی تەنها ئەو سیپارانەی خۆیان بەلایانەوە پەسەند بووە. ئەوان بیروباوەڕی هەمەچەشن و جیاوازییان نەبووە. لە ڕاستیدا، ئەو نووسراوانەی کە بە دڵنیاییەوە دەزانین مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم، ئەوانەن کە لە کۆتاییدا پەیمانی نوێیان پێکهێنا. نەک هەر ئەوە، سیپارە کۆنەکانی دوای ئەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی دووەم، لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە نووسراون کە پێیان دەڵێین باوکانی نێردراو، وە هەموو ئەو پیاوانە لە لایەنی باوەڕەوە هاوڕا بوون لەگەڵ ئەو سیپارانەی کە لە کۆتاییدا پەیمانی نوێیان پێکهێنا. بەڵام تەنها لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەم، پاش سەدان ساڵ لە نووسینەوەی زۆربەی ئەو سیپارانەی کە پەیمانی نوێی پێکهێناوە، چەند بەڵگەنامەیەک سەری هەڵدا کە تەواو دوور بوو لە سیپارەکانی سەرەتا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم نووسراوانەی پاشتر هاتنە ئاراوە، زانیارییان هەبوو لەسەر سیپارەکانی

پێشـتریان، کـە ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو نووسراوانـە تەنهـا چاولێکـەری نـووسراوە پەسـەندکراو و بەهێزەکانـن.

کەواتـە لێـرەدا چـی هەیـە؟ بیرۆکەی بوونـی دەریایەکـی وروژاو و ئاڵۆز لـە «ئینجیلەکان» و بەڵگەنامـەی دیکـە کـەوا لـە سـەدەی یەکـەم و دووەم لـە مێـژووی مەسـیحیی لێیـان هەڵبژێـردراوە، بـە سـادەیی بیرۆکەیەکـی هەڵەیـە. سـیپارەکانی پەیمانـی نـوێ پێشـتر هەبوونـە، ئینجـا، پـاش سـەدەیەک، ئـەو کتێبانـە دەرکەوتـن کـە هەوڵیـان دا بەرەنـگاری سـیپارەکانی سـەرەتا ببنـەوە.

دووەم، بیردۆزەکانـی پیلانگێـڕی پشـت دەبەسـتن بـە دەریایەکـی هەڵچـوو کـە چەنـد سـەدەیەک بـەردەوام بـوو بـەر لـە سـەدەی چـوارەم کـە لـەو کاتـە چاودێرەکانـی کڵێسـا ڕایانگـرت، بـەڵام وا دیـارە کڵێسـا بڕیـاری ڕاسـتی سـیپارەکانی پەیمانـی نوێـی داوە بـەو شـێوەیەی لەبەردەسـتمانە بـە ماوەیەکـی زۆر بـەر لـەوەی بیرۆدۆزەکانـی پیلانگێـڕی بچنـە نـاو ئـەو مێـژووەوە. زۆر جـار، ئەوانـەی گومـان دەکـەن دەڵێـن پەیمانـی نـوێ کۆنەکرابـووەوە هەتـا ئـەو کاتـەی ئەنجومـەن یـان کۆمەڵێـک قەشـە لـە سـەدەی چـوارەم کۆیـان کردووەتـەوە. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، بەڵگـەکان ئامـاژە دەکـەن بـەوەی سـەرباری ئـەوەی کڵێسـا لـە سـەدەی چـوارەم گفتوگـۆی کـردووە سـەبارەت بـە ژمارەیەکـی کـەم لـە سیپارەکانی پەیمانـی نـوێ، ئـەوا بـاوەڕداران و بـە فراوانـی بـەر لـە کۆتایـی سـەدەی دووەم بـە زۆرینـە دانیـان نـاوە بـەوەی کـە بـە پەیمانـی نـوێ دەیبینیـن وەک ئـەوەی سـیپارەی متمانـە پێکـراون. لـە ڕاسـتیدا، لـە کۆتایـی سـەدەی یەکـەم زۆرینەیـان دانیـان نـاوە بـە دەسـەڵاتی زۆربـەی ئـەم سـیپارانەدا (لەوانـەش زۆربـەی نووسـینەکانی پۆڵـس).

کاتێـک بابەتەکـە پەیوەسـتە بـە چـوار مزگێنییەکـە (مەتـا، مەرقـۆس، لۆقـا، یۆحەنـا) هـۆکاری دیاریکراومـان دەبێـت بـۆ بیرکردنـەوە لـەوەی کڵێسـا زۆر زوو و بـەر لـە سـەدەی چـوارەم پشتڕاسـتی کردووەتـەوە. یەکێـک لـە شـایەتەکان کـە شـایانی گرنگیپێدانـە بـۆ ئـەم گفتوگۆیـە، (ئیرینایـۆس)ە کـە قەشـەی گـەورەی شـاری لیۆنـی فەڕەنسـی بـوو؛ ئـەو لـە سـاڵی ١٨٠ی زایینـی نووسـیویەتی کـە خـودا دەیەوێـت چـوار ئینجیـل بداتـە کڵێسـا لەبـەر ئـەوەی چـوار گۆشـە و چـوار بـا هەیـە. ئێسـتا، بـە تێپەڕینـی چەندیـن سـاڵ، کەسـانێک واز لـە گاڵتەکـردن بـە قسـەکەی ئیرینایـۆس ناهێنـن؛ دەڵێـن ئەمـە چ جـۆرە گەمژەیەکـە دەڵێـت «چـوار بـا هەیـە، بۆیـە سروشـتییە کـە چـوار ئینجیـل هەبێـت»؟ پێـت وایـە چـۆن کەسـێک بـاوەڕ بـەم قسـەیە دەکات؟ بـەڵام بـا ڕاسـتگۆ بیـن! لێـرەدا ئیرینایـۆس نایەوێـت

بۆچوونێکی لۆژیکی دابڕێژێت، وە لە بنەڕەتدا هەوڵ نادات بەم لۆژیکە گومانکەران ڕازی بکات. نەخێر، هەموو ئەوەی کردوویەتی دارشتنی خاڵێکی جوانیناسییە سەبارەت بە بڕی جوانی و گونجاوی و ڕاستی بوونی چوار ئینجیلەکەیە لەلای مەسیحییەکان، خاڵێک کە لە پێگەی یەکەمدا دەنگدانەوەی هەیە لەلای ئەو کەسانەی لە بنەڕەتدا باوەڕیان هەیە و پێویستان بەوەیە باوەڕەکەیان دووپات بکرێتەوە. وە لێرەدا خاڵێکی مێژوویی هەیە. ئەوەی کە ئیرینایۆس ئەم شتە دەڵێت – لەڕاستیدا نایەوێت دوودڵ و گومانکەرەکان ڕازی بکات، وە نایەوێت باوەڕدارەکان قایل بکات – دەریدەخات کە زۆربەی خەڵکی لە ساڵی ١٨٠ ی زایینی قسەکەی ئەمیان بەلاوە پەسەند بووە و بەڕاستی چوار ئینجیلەکە لەو کاتەدا بەکارهاتووە؛ تەنها چوار ئینجیل بەکارهاتووە.

بەڵام بابەتەکە لێرەدا کۆتایی پێ نایەت. ئەگەر زیاتر بگەڕێینەوە دواوە، دیارە کە بەرگریکار و فەیلەسوفی مەسیحی (جەستن مارتەر) لە نزیکەی ساڵی ١٥٠ ی زایینی چوار ئینجیلەکەی پشتڕاست کردووەتەوە، هەروەک کەسێک بە ناوی (پاپیاس) لە سەرەتاکانی ساڵی ١١٠ ی زایینی باسی چوار ئینجیلی کردووە. سەرباری ئەوە، چەند بەڵگەیەکی گرنگ هەیە لەسەر ئەوەی پاپیاس ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی یۆحەنای نێردراو خودی خۆی سێ ئینجیلەکەی دیکەی قبووڵ کردووە لەپاڵ ئەو ئینجیلەی خۆی نووسیویەتی.[a]

بابەتەکە ئەمەیە؛ ئەو وێنە بەربڵاوەی لەسەر باوەڕدارانی سەرەتایی هەیە کە گوایە چەند کەسێکیان دەقی جۆراوجۆری ئینجیلەکان و نامەی نێردراوانیان نووسیوەتەوە، وە ئەو دەقانە ململانێدابوون هەتا ئەو کاتەی لە سەدەی چوارەم کۆمەڵێک لە قەشەکان بە سەرپەرشتی ئیمپراتۆرە بتپەرستەکەیان ڕایانگرتن و نەیانهێشتن، هیچ نییە جگە لە بیرۆکەیەکی پووچ بۆ بە بازاڕکردنی کتێبەکانیان. ڕاستی مێژوویی ئەوەیە کە زۆربەی بەڵگەنامەکانی پەیمانی نوێ، بە تایبەتی چوار ئینجیلەکە، زۆر زوو دیاری کراون و دانی پێدا نراوە وەک ئەوەی جێی متمانەن و ڕێک وەک ڕەسەنەکەن، ئینجا ئەو نووسراوانەی کە ”بۆ ئالنگاری“ ڕای گشتی سەبارەت بە ئینجیل هاتنە ئاراوە، لەڕاستیدا پاش چەند سەدەیەک نووسراون. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، پێویستە هەنگاوێکی گرنگ

---

a بۆ زانیاری زیاتر لەم بابەتە، بڕوانە:

Hill, *Who Chose the Gospels?*, 207–25.

بنێیـن بـۆ بنیادنانـی متمانەیەکـی مێژوویـی لـە کۆکردنـەوەی پەیمانـی نـوێ: بـە سـادەیی هیـچ پیلانگێڕییـەک نەبـووە بـۆ بـە باشـتر زانینـی ئـەم سـیپارانە و قەدەغەکردنـی ئەوانـەی دیکـە کـە گوایـە "لـە بنەڕەتـدا وەک یەکـن بـەڵام شـەرمەزارکەرن".

## هەڵیان نەبژارد - پێیان درا

لەگـەڵ ئەوەشـدا پرسـیارێکی دیکـە دەمێنێـت. تەنانـەت ئەگـەر دان نەنرێـت بـە کۆکردنـەوەی دەقەکانـی پەیمانـی نوێـدا لەژێـر بانگەشـەی سـاختە و خراپـەکاری، پێویسـتە بپرسـین لـەوەی داخـوا مەسـیحییەکانی سـەرەتایی هـۆکاری دیاریکراویـان هەبـووە لـە ڕووی مێژووییـەوە بـۆ قبووڵکردنـی ئـەو دەقانـەی کـە هەڵیـان بـژاردووە.

بـەڵام بـا کەمێـک ڕابوەسـتین. لـە پەرەگرافـی پێشـوودا هەڵـەم کـرد. باوەڕدارانـی سـەرەتایی هەرگیـز قسـەیان نەکـردووە سـەبارەت بـە خۆیـان کاتێـک بابەتەکـە پەیوەسـتە بـە «هەڵبـژاردن»ی ئـەو سـیپارانەی کـە دەبێـت لەنێـو کتێبـی پیـرۆزدا بێـت. پرسـیاری "بۆچـی ئـەو سـیپارانەتان هەڵبـژاردووە؟" وەک ئـەوە وایـە لێیـان بپرسـیت «بۆچـی ئێـوە ئـەو کەسـەتان بـە باوکـی خۆتـان هەڵبـژاردووە کـە باوکتانـە؟»

لـە ڕاسـتیدا و بـە سـادەیی، باوەڕدارانـی ئـەو سـەردەمە بـەو شـێوەیە بیریان لـە بابەتەکە نەکردووەتـەوە. بـەردەوام کاتێـک باسـی قبووڵکردنـی ئـەو کتێبانەیـان کـردووە کـە خراونەتە نـاو سـیپارەکانی پەیمانـی نوێـوە و ئەوانەشـی کـە تێیـدا نییـە، وتـەی لـەم چەشـنەیان بەکارهێنـاوە: «پێـمان دراوە»، «ئـەو سـیپارانەمان پێـدراوە». ئـەوان تێگەیشـتن کـە ڕۆڵـی ئـەوان لـەم کارەدا بڕیـاردان نەبـووە، وە ئاماژەکـردن نەبـووە بـە پەنجەیـان بـۆ هەڵبـژاردن، بەڵکـو دەسـتێکی کراوەیـە بـەرەو سـەرەوە بـۆ ئـەوەی پێشـوازی بـکات.

ئـاگادار بـە، ئەمـە تەنهـا خاڵێکـی زمانەوانـی نییـە، وە ڕۆحییـش نییـە (هەتـا ئێسـتا). خاڵێکـی مێژووییـە کـە کاریگـەری هەیـە لەسـەر وێنـەی دەروونمـان بـۆ چۆنیەتـی ڕوودانـی کـرداری کۆکردنـەوەی ئـەم سـیپارە پیرۆزانـە. بیرۆکـەی ئـەوەی کڵێسـای یەکـەم ئـەو سـیپارانەی «هەڵبـژاردووە» کـە ویسـتوویەتی وەک کتێبـی پیـرۆز دابنرێـن، واتـا بـە لسـتێکی بەتـاڵ و کۆمەڵێـک کتێـب دەسـتی پێکـردووە، ئینجـا کـرداری هەڵسـەنگاندنی ئـەم کتێبانـە و دیاریکردنـی ئـەوەی کامـە شـایانی هەڵبژاردنـە. بـەڵام ئەمـە هەرگیـز بـەو شـێوەیە نەبـووە؛ تەنانـەت بـۆ یـەک جاریـش لـە مێـژووی بـاوەڕدارە سـەرەتاییەکان شـتی

لـەم چەشـنە ڕووینـەداوە. لـە ڕاسـتیدا، هـەر یەکێکیـان - هـەر نەوەیـەک - نـەک بـە لیسـتێکی بەتـاڵ بەڵکـو بـە کۆمەڵێـک کتێبـی متمانەپێکـراو کـە لـە نـەوەی پێـش خۆیانـەوە بۆیـان ماوەتـەوە دەسـتیان پـێ کـردووە، ئـەم نەوەیـەش لـە نـەوەی پێـش خۆیـەوە بـۆی ماوەتـەوە، بـەم شـێوەیە هەتـا دەگەینـە خـودی نێـردراوەکان. ڕەنگـە هەندێـک جـار کەسـانێک بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان ڕەخنـە لـەو سـیپارانە بگـرن کـە نـەوە لـەدوای نـەوە گوازراونەتـەوە، بـەڵام ئـەم ڕاسـتییە وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە کـە ئـەوان دەسـەڵاتی هەڵبـژاردن و بڕیاردانیـان نەبـووە، بەڵکـو تەنهـا قسـەیان کـردووە لەسـەر وەرگرتنـی ئـەوەی پێیـان دراوە. لـە بنەڕەتـدا هەڵوێسـتێکی بێفیزانەیـان نوانـدووە. ئـەوەی کـە هەیـە پێیـان دراوە؛ واتـا هەڵیـان نەبـژاردووە.

## هۆکاری باشیان هەبووە

لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەتوانیـن بپرسـین کـە چـۆن ئـەم باوەڕدارانـەی سـەرەتا ئەوەنـدە متمانەیـان هەبـووە بـەوەی ئـەو کتێبانـەی دەیخوێننـەوە ڕاسـتەقینەیە؟ کاتێـک خەڵکـی ڕەخنەیـان لـەو کتێبانـە گـرت کـە دەسـت بـە دەسـت گواسـتراونەتەوە - هەندێکیـان دەیانگـوت ئـەو سـیپارەیە یـان ئەمەیـان یەکێـک نییـە لـە سـیپارە پیـرۆزەکان، وە هەندێکـی دیکـە پێچەوانەکەیـان دەگـوت - ئـەوان چـۆن وەڵامـی ئـەو ڕەخنانەیـان دایـەوە؟ ئایـا بـاوەڕداران پێوەرێکـی چەسـپاویان هەبـوو بـۆ ئـەوەی بتوانـن بڵێـن: «بەڵـێ، ئێمـە دڵنیایـن لـەوەی ئـەم کتێبـەی وەرمانگرتـووە لـە لیسـتی سـیپارە پیرۆزەکانـە، ئـەوەش هۆکارەکەیەتـی...»، یـان «نەخێـر، ئێمـە تـەواو دڵنیایـن لـەوەی کـە ئـەم کتێبانـە لەنێـو سـیپارە پیـرۆزەکان نیـن، ئەمـەش هۆکارەکەیەتـی...» بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئایا بـە کوێرانە ئـەوەی پێیـان دراوە وەریانگرتـووە، یـان هۆکارێکـی دیاریکـراو و ڕازیکەریـان هەبـووە بـۆ قبوڵکردنـی ئـەم سـیپارانە؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئەمەیـە: بەڵـێ، لـە ڕاسـتیدا هـۆکار و پێوەریـان هەبـووە - چـوار لەوانـە بـووە خاڵـی ئەزموونـی بنەڕەتییـان: نێردراوێتـی، کۆنیەتـی، بـاوەڕی ڕەسـەن، جیهانیـی.

ئەگـەر کات و بوارمـان هەبووایـە، بـە وردی گفتوگۆمـان دەکـرد سـەبارەت بـە هەمـوو ئـەو سـەرچاوانەی سـەرەتا کـە بـاوەڕداران گفتوگۆیـان کـردووە لەسـەر بنەمـای ئـەو هۆکارانـەی پاڵـی بـە کڵێسـاوە نـاوە بـۆ قبوڵکردنـی سـیپارە دیاریکـراوەکان بـەوەی کـە

متمانەپێکراوە یان ڕەت بکرێتەوە. وە بە هۆی ئەو لێکۆڵینەوەیە، دەکرێ سەرهەڵدانی ئەم چوار پێوەرە ببینین (وە پێوەری دیکەش). بەڵام کات و بواری پێویستمان نییە بۆ ئەمە؛ لە کۆتاییدا ئەمە کتێبێکی کورتە! خۆشبەختانە دەتوانم بڵێم کە دەقێکی کۆن هەیە کە لانی کەم سێ لەم پێوەرانە پیشان دەدات کە لە یەک شوێندا بەکارهاتووە. بەم دەقە دەگوترێت (یاسای مۆراتۆر) یان (بەشی مۆراتۆر)، کە وەرگێڕانێکی لاتینیی سەدەی حەوتەم یان هەشتەمی دەقێکە کە لە بنەڕەتدا لە سەدەی دووەم بە زمانی یۆنانی نووسراوە. ئێمە لێرەدا چەند دەربڕین و ڕستەیەکی لێ وەردەگرین کە چۆنیەتی دانانی پێوەرەکانی ئێمە ڕوون دەکاتەوە. با بە گرنگترینیان دەستپێبکەین: نێردراوێتی.

## هۆکاری یەکەم: نێردراوێتی

نێردراوێتی وشەیەکی ئاڵۆزە و واتایەکی سادەی هەیە. ئاماژەیە بۆ بەڵگەنامەیەک کە یەکێک لە نێردراوەکانی مەسیح نووسیویەتی یان پشتڕاستی کردووەتەوە. جار لەدوای جار، نووسەری (یاسای مۆراتۆر) بە دیاریکراوی پشت بەو ئەزموونە دەبەستێت بۆ بەرگریکردن لە یاساییبوونی سیپارەکان. بۆ نوونە دەڵێت: «ئینجیلی چوارەم لەسەر دەستی یۆحەنا نووسراوە، کە یەکێک بووە لە قوتابییان». وە سەبارەت بە ئینجیلی لۆقا دەڵێت کە «لەژێر دەسەڵاتی پۆڵسی نێردراو بە دەستی لۆقا» نووسراوە. وە بە هەمان شێوە سەبارەت بە نامەکانی پۆڵس دەڵێت «پۆڵس، نێردراوە پیرۆزەکە، خۆی نامە بۆ حەوت کڵێساکە دەنووسێت“.[a]

هەتا ئاستێکی زۆر نێردراوێتی گرنگترین پێوەر بوو کەوا کڵێسای یەکەمین بەکاریهێناوە بۆ دیاریکردنی سیپارە پیرۆزەکان و بەرگریکردن لێی. بیرۆکەیەکی سادە و بەهێز بوو: هەر کەسێک کتێبێک سەبارەت بە عیسا دەنووسێت پێشبینی ئەوە ناکات کڵێسا دانی پێدا بنێت وەک ئەوەی سیپارەیەکی پیرۆز بێت. نەخێر، ئەو ئاستەی دەسەڵات بەوانە بەخشراوە کە عیسا خۆی دیاریی کردبوون وەک نێردراو و ئەو کەمینەیەی لێیانەوە نزیک بوون.

---

a لەم کتێبەوە وەرگیراوە:

Wegner, *Journey*, 147, and in J. Stevenson, ed., *A New Eusebius: Documents Illustrating the History of the Church to AD 337*, 3rd ed., rev. W. H. C. Frend (Grand Rapids, MI: Baker Academic, 2013), 137–38.

ئەوەی لێرەدا شایانی تێبینی و گرنگپێدانە، ئەوەیە کە چۆن زۆر لەو فێڵبازانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەم بە فێڵ کتێبی پیرۆزیان نووسیوە، هەوڵیان داوە کڵێسا هەڵبخەڵەتێنن و ناوی نێردراوان و شوێنکەوتەکانی دیکەی عیسا و بەڵگەنامەکانیان لە سەدەی یەکەم بەکارهێناوە! بۆچی ئەمەیان کردووە؟ وەڵامەکەی ئاسانە، لەبەر ئەوەی زانیویانە کە خەڵکی باوەڕیان پێ ناکەن ئەگەر بەو شێوەیە بڵاوی نەکەنەوە کە کتێبەکانیان لەگەڵ نێردراوان یان یاوەرەکانیان بووە.

## هۆکاری دووەم: کۆنیەتی

کۆنیەتی دەق پێوەرێکی پەیوەست بە پێوەری نێردراوێتی بوو. بە پێگەی یەکەم بەکارهاتووە بۆ یارمەتیدان لە دیاریکردنی ئەوەی ئایا ئەم سیپارانە بەڕاستی هی نێردراوانن یان نە. بابەتەکە ئەوەیە بۆ ئەوەی دەقەکە دەسەڵاتێکی نێردراوێتی هەبێت، پێویستە کۆن بێت، وە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم. جا ئەم کتێبانەی لە مێژوویەکی نوێتر لەمە نووسراون، ئەم دەسەڵاتەی نابێت، لەبەر ئەوەی تەواوی لە سەدەی دووەم مردبوون. لەبەر ئەوە، کۆنیەتی یاساییبوونی دەقەکان پشتڕاست ناکاتەوە، بەڵام نەبوونی ئەم پێوەرە دەستبەجێ ئەم نووسراوانە ڕەت دەکاتەوە.

لە یاسای مۆراتۆر ڕێک ئەمە دەبینین، کتێبێک ڕەت دەکاتەوە بە ناوی (شوانی هەرماس) لەبەر ئەوەی «لە لەم سەردەمەی ئێمەدا لە شاری ڕۆما و لەسەر دەستی هەرماس نووسراوە. کەواتە ناکرێت لە کڵێسادا بە ئاشکرا بۆ گەل و پێغەمبەران و نێردراوانیش خوێندرابێتەوە»[a]. کەواتە، باوەڕدارانی سەرەتا هەر لە سەرەتاوە ڕەتیان کردووەتەوە قبووڵی بکەن.

## هۆکاری سێیەم: باوەڕی ڕەسەن

پێوەری سێیەم بۆ دیاریکردنی سیپارەکانی پەیمانی نوێ گونجانی ئەو دەقە بوو لەگەڵ پێوەری ڕاستیی ئەو دەقانەی کە لە خودی عیسا وەرگیرابوو. لە سەرەتادا، زۆر لەم نەریتانە زارەکی بوون، چەندین ساڵ بە وشە لەسەر زاران بوو. بەڵام بە تێپەڕینی

---

a لەم کتێبەدا هاتووە:

Wegner, *Journey*, 148; Stevenson, *New Eusebius,* 138.

کات، وە نووسینی چەندین ئینجیل و نامە و پاشان دراوەتە ئەوانەی دیکە کە جێی متمانەیە، لیستێکی سیپارە پیرۆزەکان خۆی بووە پێوەرێک کە کتێبەکانی دیکەی پێ هەڵبسەنگێنرێ. لەبەر ئەوە، ئەگەر لە کتێبێک دەرکەوت فێرکردنێکی تێدایە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو سیپارانەی جێی متمانە و پشت پێ بەستنن، ئەم کتێبە ڕەت دەکرایەوە. بۆیە نووسەری یاسای مۆراتۆر سەبارەت بە چوار ئینجیلەکە دەڵێت: «هەرچەندە بیرۆکەی جیاواز لەنێو ئینجیلەکان دەخوێنرێت، بەڵام جیاوازییەک دروست ناکات لە باوەڕی باوەڕداران، چونکە هەموو بابەتە ڕاگەیەنراوەکان لەژێر دەسەڵاتی یەک ڕۆحی پیرۆزدا ڕاگەیەنراوە و هەموویان پەیوەستن بە لەدایکبوونی مەسیح، ئازارەکانی، هەستانەوەی، وە قسەکردنی لەگەڵ قوتابییەکان و هاتنی دووەمی».[a] چوار ئینجیلەکە تەنها پشتی بە پێوەری نێردراوێتی و کۆنبوون نەبەستوو، بەڵکو لەگەڵ ڕاستیی نموونەییش گونجاو بوون، بەم شێوەیە بەبێ دوودڵی وەرگیران و پشتیان پێ بەسترا.

## هۆکاری چوارەم: جیهانیی

پێوەرێکی دیکە هەیە گرنگییەکەی سەلمێنراوە لە بەرگریکردنی کڵێسای یەکەم لە یاساییبوونی سیپارە پیرۆزەکان، ئەویش پێوەری جیهانییە. ئەم بیرۆکەیە وای بینیوە کە ئەم کتێبانەی پشتڕاست دەکرێنەوە، ئەوانەن کە مەسیحییەکان لە تەواوی جیهاندا پێیان زانیوە و بەکاریان هێناوە. ئەگەر کتێبێک لە ئایینزایەکی دیاریکراو دەرکەوت یان تەنها لە چەند شوێنێکی جیهان بەکارهات، ئەوا ڕەت دەکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کتێبەی لەبەر هەر هۆکارێک لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، پشتڕاست دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو لە هەموو شوێنێکی جیهان مەسیحییەکان بەکاری بهێنن. بێگومان بەکارهێنانی بەرفراوانیی نامەی عیبرانییەکان و سیپارەی ئاشکراکردن، لە کۆتاییدا کرایە یاسایی و خرایە نێو لیستی سیپارە پیرۆزەکانەوە.

## کەواتە... ئایا سیپارە دروستەکانمان هەیە؟

هەموو ئەوانە بەرەو کوێمان دەبەن؟ یەکەم، دەمانگەیەنێتە دەرەنجامی یەکلاکەرەوەی ئەوەی کە کۆکردنەوەی پەیمانی نوێ ئەنجامی چەند پیلانگێڕییەکی

---

a لەم کتێبەمدا هاتووە:

Wegner, Journey, 147; Stevenson, New Eusebius, 137.

خراپی کۆن نەبوو بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵێک کتێب و قەدەغەکردنی ئەوانەی دیکە کە «وێنایەکی جیاواز» سەبارەت بە عیسا پێشکەش دەکەن. لە ڕاستیدا، ”سیپارەی دیکە“ نەبوون هەتا کاتێکی زۆر، پاش ئەوە تەنها وەک ئالنگارییەکی پێچەوانە بەرامبەر بە نەریتی باو و بەهێز هاتنە ئاراوە. ئێمە دەگەینە دڵنیایی تەواو کە مەسیحییە پێشینەکان بانگەشەیان نەکردووە بۆ سۆفیگەرایی یان بە هەڕەمەکی ئەو کارەیان نەکردووە، یان بەو جۆرەی ئەمڕۆ دەیڵێین خۆیان لە ڕاستییەکان نەدزیوەتەوە، بە ئامانجی بەرگریکردن لە لیستی سیپارە پیرۆزەکان. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، هۆکاری دیاریکراو و پەسەندیان هەبووە، وە واتای مێژوویی هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو هۆکارەی پاڵی ناون بۆ جیاکردنەوەی ئەم کتێبانە لەوانەی دیکە کە باشترن بۆ پاراستنی ژیانی عیسا و فێرکردنەکانی؛ هۆکارەکان پەیوەست بوون بە نێردراوەکان (بۆیە کۆنن)، وە لەگەڵ ڕاستیی گونجاوە لە کاتی ڕادەستکردنی لەلایەن نەوەیەکی دیکە، وە لە تەواوی جیهان مەسیحییەکان دانیان ناوە بە بەها و ڕاستییەکەی.

بۆیە کاتێک دەچینە سەر پرسیاری «ئایا سیپارەی دروستمان هەیە؟» بەم شێوەیە بیر لە بابەتەکە بکەوە: هیچ کام لە دەقەکانی پەیمانی نوێ لەم ئەزموونە لۆژیکیانەدا شکستیان نەهێنا. هەندێک لە سیپارەکان لە سیپارەکانی دیکە کاتی زیاتریان خایاندووە بۆ جێبەجێبوونی هەڵسەنگاندنەکان، بەڵام لە کۆتاییدا، کڵێسا دانی ناوە بە هەر سیپارەیەکدا، وە هەر سیپارەیەک تەواو ئەم پێوەرانەی تێپەڕاندووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیپارەی پیرۆزی پێ بدرێت. ئەمە واتا هیچ سیپارەیەکی پەیمانی نوێ نییە کە لەبەردەستمانە بەگوێرەی پێوەرە لۆژیکییەکان پێویست بە هەبوونی نەکات. هەموو سیپارەکان کۆنن، نێردراوێتین، گونجاون لەگەڵ ڕاستیی نمونەیی کە ماوەتەوە، وە بە بەربڵاوی دانی پێدا نراوە. بە دەربڕینێکی دیکە، هەموو سیپارەکان شایەتینامەی متمانەپێکراون لەسەر ژیانی عیسا و فێرکردنەکانی.

سەرباری ئەمە، ڕەنگە لەمەش گرنگتر، لە تەواوی جیهاندا هیچ بەڵگەنامەیەک نییە لە مێژوودا هەبێت، پێویست بکات کە بخرێتە ناو لیستی سیپارە پیرۆزەکان و نەخرابێتە ناوی. هەندێک کتێب هەن لە سەدەکانی سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی کڵێسادا هەندێکیان پرسیاریان وروژاندووە، بەڵام لە کۆتاییدا، بڕیار لەسەر هەموویان دراوە کەوا کۆن نین، یان نێردراوێتی نین، یان باوەڕیان چەسپاو نییە، یان بە گشتی دانی پێدا نەنراوە، یان لەبەر چەند هۆکارێک لەمانە. بۆ نموونە، پێشتر بینیمان کە

کتێبـی شـوانی هەرمـاس لـە لێکۆڵینـەوەی کۆنییێتیـدا شکسـتی هێنـا و پاشـان لـە خاڵـی نێردراوێتـی؛ چونکـە لەلایـەن هەرماسـەوە نووسرابـوو، نـەک لەلایـەن یەکێـک لـە نێـردراوان یـان کەسـێکی نزیـک لـە نێردراوێـک. باوەڕدارانـی سـەرەتایی گوتوویانـە کـە نابێـت ببێتـە بەشـێک لـە پەیمانـی نـوێ. هەروەهـا ئینجیلـی پەتـرۆس لەپـاڵ چەنـد کتێبێکـی دیکـە شکسـتی هێنـا لەبـەر دوو خـاڵ: (١) وای دانـا کـە ئـەو چەنـد شـتێک ئاشـکرا دەکات کـە عیسـا "بـە نهێنـی" فێـری کـردووە، چەنـد شـتێک کـە دژی ئـەو فێرکردنانـە بـوو کـە عیسـا بـە ئاشـکرا ڕایگەیانـدووە، بـەو شـێوەیە شکسـتی هێنـا لـە ئەزموونـی چەسـپاوی بـاوەڕ، (٢) لـە چەنـد شـوێنێکی دوور و دابـڕاو لـە کڵێسـا بەکاردەهـات، بۆیـە شکسـتی هێنـا لـە پێوەری جیهانییبـوون. پێـم وایـە لـە بەناوبانگترینیـان ئینجیلـی تۆمـاس بێـت، کـە لـە کۆتاییـدا ڕەت کرایـەوە ببێتـە سـیپارەیەکی پیـرۆزی متمانەپێکـراو، نـەک تەنهـا لەبـەر ئـەوەی لـە مـاوەی سـەرەتای سـەدەی دووەم نـووسراوە (ئەمـە واتـا تۆماسـی نێـردراو خـۆی نەینووسـیوە، چونکـە لـەو کاتـەدا مردبـوو)، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی هەندێـک فێرکردنـی تێـدا بـوو هەمووان دەیانزانـی نامۆیـە، وە پێچەوانـەی فێرکردنەکانـی عیسـا بـوو کـە بـە باشـی زانـراو بـوو.

بـا بابەتەکـە بـەم شـێوەیە ڕوون بکەمـەوە: وایدادەنێیـن کـە تـۆ تۆمارێکـی بەتاڵـت هەیـە، وە دەرفەتـت هەیـە کـە لیسـتێکی تایبـەت بـە خـۆت بـۆ سـیپارەکانی پەیمانـی نـوێ دابنێیـت، تـۆ چیـت دەکـرد؟ چـۆن لیسـتێک دیـاری دەکەیـت لـە بەڵگەنامـە کۆنـەکان کـە پێویسـتە متمانـەی پـێ بکرێـت لـە بەرامبـەر ئەوانـەی کـە نابـێ متمانـەی پێ بکەیـت؟ پێت وایـە کـە تـۆ دەتوانیـت بگەیتـە پێوەرێکـی باشـتر لـەوەی کـە هـەر کتێبێـک (سـیپارەیەک) جێـی متمانـە بێـت:

١. پێویسـتە لەلایـەن کەسـێکی نزیـک لـە عیسـاوە بنووسرێـت یـان پشتڕاسـت بکرێتـەوە (کۆنـی و نێردراوێتـی).

٢. پێویسـتە دوور نەکەوێتـەوە لـە فێرکردنەکانـی مەسـیح کـە لـە لای زۆربەمـان زانـراوە (چەسـپاوی بـاوەڕ)؛

٣. پێویسـتە لایەنگیـری ئایینزایـەک نەبێـت و تایبـەت نەبێـت بـە ناوچەیەکـی دیاریکـراو، بەڵکـو بـە فراوانـی بەکاربێـت لەنێـو هەمـوو بـاوەڕداران.

بە ڕاشکاوانە، پێم وایە کە گەیشتن بە شتێکی لەمە باشتر زۆر زەحمەتە.

بۆ دڵنیابوونـەوە لـەم خاڵـە بـە دیاریکـراوی، کام لـەو سـیپارانەی کـە ئێسـتا لـە پەیمانـی نوێـدان، تـۆ دەتەوێـت لـە لیسـتی سـیپارەکانی پەیمانـی نوێـی تایبەت بـە خـۆت لایانبەیت؟ وە ئـەو جیاوازییـە چەنـدە کـە ئەمـە لـە بنەمـای بـاوەڕی مەسـیحییەتدا دەیـکات؟ بەڵکـو لەمـەش زیاتـر، ئـەو سـیپارانە کامانـەن کـە پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکەیـت بیخەیتـە نـاو لیسـتەکەوە؟ ئایـا مکوڕیـت لەسـەر ئـەوەی کتێبـی شـوانی هەرمـاس بخەیتـە نـاو لیسـتەکەوە، هەرچەنـدە زۆربـەی مەسـیحییەکان دەزانـن کـە نووسـەرەکەی پیاوێکـی هەڕەمەکییـە و بـە سـەدەیەک لـەدوای مـردن و هەسـتانەوەی عیسـا نووسـیویەتی؟ ئایـا مکوڕیـت لەسـەر ئـەوەی ئینجیلـی پەتـرۆس بخەیتـە نـاو لیسـتەکەوە، کـەوا پەتـرۆس نەینووسـیوە، بەڵکـو هەوڵێکـی ڕوونـە بـۆ ئـەوەی فێرکردنـە «نهێنییەکانـی» عیسـا بخزێننـە نێـو کتێبـی پیـرۆزەوە کـە پێشـتر هیـچ کەسـێک گوێـی لـێ نەبـووە؟ ئـەی ئیجیلـی تۆمـاس چـی، کـە تۆمـاس نەینووسـیوە؟ ئـەو داوات لێـدەکات کـە دان بنێیـت بـە پیـرۆزی ڕسـتەی وەکـو ئەمانـە:

> شـیمۆن پەتـرۆس پێـی گوتـن: «پێویسـتە مریـەم بەجێـمان بهێڵـێ، مێینـەکان شـایانی ژیـان نیـن».

> عیسـا گوتـی: «پێویسـتە خـۆم ڕابەرایەتـی بکـەم بـۆ ئـەوەی بیکەمـە نێـر، بـەم شـێوەیە دەبێتـە ڕۆحێکـی زینـدوو و لـە ئێـوەی نیرینـە دەچێـت. چونکـە هـەر ژنێـک خـۆی بکاتـە پیـاو دەچێتـە نـاو شانشـینی خـوداوە“.[a]

(بەڵـێ بەڕاسـتی ئەمـەی تێـدا نـووسراوە). دەزانیـت دەمەوێـت لێـرەدا چـی بڵێـم؟ ئەگەر لـە ڕۆشـنایی ئەمانـەدا ڕاسـتگۆ بیـن، گومـان دەکـەم لـەوەی لـە کۆتاییـدا بگەینـە کۆمەڵێـک بەڵگەنامـە کـە متمانـەی پـێ بکەیـن باشـتر بێـت لەوانـەی لـە کڵێسـا دەیخوێنیتەوە.

لـە ڕاسـتیدا، کاتێـک بیـر لـە بابەتەکـە دەکەیتـەوە، دەبینیـت کـە باوەڕدارانـی سـەرەتا کارێکـی زۆر باشـیان کـردووە بـە دیاریکردنـی ئـەم بەڵگەنامانـەی کـە پێویسـتە بـە بەڵگـەی شـایانی متمانـە دابنرێـت بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی عیسـا کردوویەتـی. لـە لایەکـی دیکـەوە، وا دیـار نییـە کـە ئـەوان بەشـدارییان کـردووە لـە پیلانگێـڕی پەیوەسـت بـە دەسـەڵات بـۆ

---

a The Gospel of Thomas, saying 114; English translation quoted in Blomberg, Can We Still Believe the Bible?, 73.

قەدەغەکردنی چەند بەڵگەنامەیەکی باش بە شێوەیەکی تەواو. لە لایەکی دیکەوە، وا دیارە هۆکاری زۆر بەهێزیان هەیە لە مشتومڕیان لە بەرژەوەندی ئەو بەڵگەنامانەی کە پارێزگارییان کردووە لە پشتڕاستکردنەوەی.

ئەگەر ئەم بارودۆخە بەسەر هەموو دەقەکاندا جێبەجێ دەبێت، کەواتە ناترسین لەوەی بەڵگەنامەی هەڵەمان لەبەردەست بێت -یان، بەڵگەنامەی دیکە لە شوێنێک هەن، وێنایەکمان پێشکەش دەکات سەبارەت بە کەسی عیسا و ئەوەی کردوویەتی باشترە لەوەی پەیمانی نوێ پیشانی دەدات. لە ڕاستیدا، دەتوانین متمانە بکەین بەوەی ئەو سیپارانەی هەمانە بەڕاستی باشترینە - کۆنتر، شایانی متمانەی زیاتر، وە دەتوانین ئەوپەڕی پشتی پێ ببەستین.

وە ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە گرنگە دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە نووسەرانی ئەم بەڵگەنامانە هەوڵیان داوە بەڕاستی بە وردی زانیارییەکان بگوازنەوە.

بەڵام چی دەبێت ئەگەر ئەمەیان نەکردبێ؟

# بەشی پێنجەم

## بەڵام ئایا دەتوانم متمانەت پێ بکەم؟

”هەمـوو شـەقامەکان قەرەباڵغـن... ژاوەژاوی قەرەباڵغـی وەک شـەوی سـەری سـاڵە لـە شـارەکە. سـاتێک چـاوەڕێ بکـەن... ئێسـتا دوژمـن لەسـەر بەرزاییـە سـەخت و ڕکـەکان دەبینرێـن. پێنـج - پێنـج ئامێـری گـەورە. یەکەمیـان لـە ڕووبارەکـە دەپەڕێتـەوە. دەتوانـم لێـرەوە ببینـم... بەیاننامەیەکـم وەرگـرت... کەشـتی ئاسـمانیی مەریخییـەکان بەسـەر تـەواوی وڵاتـدا دەبارێـت. یەکێکیـان لـە دەرەوەی شـاری (بفالـۆ)، یەکێکیـان لـە (شـیکاگۆ)، وە لـە (سـەینت لویـس)... وا دیـارە کات و شـوێنەکانیان ڕێکخـراوە... ئێسـتا یەکـەم ئامێـر دەگاتـە کەنارەکـە. لـەوێ ڕادەوەسـتێت و چاودێـری دەکات، تەماشـای شـارەکە دەکات... چاوەڕێـی ئامێرەکانـی دیکـە دەکات. وەکـو هێڵـی تاوەرێکـی نـوێ لـەلای ڕۆژاوای شـارەکە بـەرز دەبنـەوە... ئێسـتا دەسـکی ئاسـنینیان بـەرز دەکەنـەوە. ئەمـە کۆتاییـە. دوکەڵێکـی ڕەش باڵـی بەسـەر شـارەکەدا گرتـووە. خەڵکـی لـە شـەقامەکاندا دەیبینـن! هەموویـان بـەرەو ڕووبـاری ڕۆژاوا ڕادەکەن... بـە هـەزاران وەکـو مشـک دەکەونـە نـاو ئاوەکـەوە! دوکەڵەکـە خێراتـر بـڵاو دەبێتـەوە. گەیشـتە (تایمـز سـکوێر). خەڵکـی هـەوڵ دەدەن لێـی ڕابکـەن، بـەڵام هیـچ سـوودی نییـە. وەکـو مێشـوولە دەکەونـە خـوارەوە! ئێسـتا دوکەڵەکـە شـەقامی شەشـەمی تێپەڕانـد... شـەقامی پێنجەم... سـەد پـێ دوورە... پەنجا پـێ». [ئینجـا دەنگـی خنـکان، دواتـر ململانـێ، پاشـان بێدەنگـی. هەروەهـا دەنگەدەنگێـک لـە شـەپۆڵە ڕادیۆییەکانـەوە دێـت:]

دوو ئێکس پەیوەنـدی بـە سـی کیـو دەکات و دەڵێـت: نیۆیـۆرک لەوێی؟ ئایـا کـەس لەسـەر هێڵـە؟ ئایـا کـەس لەسـەر هێڵـە؟ کەسـی لێ نییـە...»[a]

---

a “The War of the Worlds,” Internet Sacred Text Archive, accessed May 26, 2015, http://www.sacred-texts.com/ufo/mars/wow.htm.

لـە ئێـوارەی ڕۆژی یەکشـەمە، ٣٠ تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٣، نزیکـی کاتژمێـر ٨:١٥، کاتـی پەخشـی هەواڵـەکان کـە خەڵکی لـە تـەواوی وڵات گوێی لێ دەگـرن، کەناڵەکانیان دەخستە سـەر سیسـتەمی پەخشـی کۆلۆمبیـا (CBS). لـە مـاوەی چەنـد خولەکێـک، بەڕێوەبـەری وێسـتگەکە، کـە بارەگاکـەی لـە نیویۆرکـە، لـە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیـدا بـە تووڕەییـەوە قسـەی دەکـرد لەگـەڵ قایمقامـی ڕۆژاوای ناوەڕاسـت، داوای لـێ دەکـرد وێسـتەگەکە پەخشـی هەواڵـەکان ڕابگرێـت، چونکـە قەرەباڵغـی لەسـەر شـەقامەکانی شـارەکەی زۆرتـر دەبـێ. پـاش سـاتێک، ڕۆژنامەنووسـانی کەناڵەکانـی دیکـە کۆدەبوونـەوە لـەلای بـارەگای CBS، داوای ڕوونکردنەوەیـان دەکـرد. ئەویـش بـەم شـێوەیە باسـی کـرد:

> ئـەو چەنـد کاتژمێـرەی ڕابـردوو وەک خەونێکـی ناخـۆش بـوو. لەپـڕ باڵەخانەکـە پڕبـوو لـە خەڵـک ... لـە کۆتاییـدا ڕۆژنامەنووسـان لێـمان کۆبوونـەوە، هـاواری تـرس و تۆقیـن بـڵاو بـووەوە. ژمـارەی ئـەو مردووانـە چەنـدە کـە بیسـتوومانە؟ (ئاماژەیـەک بـۆ ئـەوەی کـە ئـەوان دەزانـن بـە هەزارانـە)، چـی دەزانـن لەسـەر ڕاکـردن و قەرەباڵغییـە بکوژەکـەی قایمقامیەتـی (جێرسـی)؟ (ئامـاژە بـۆ یەکێـک لەنێـو کۆمەڵێـک)، چـی لەسـەر ژمـارەی قوربانیانـی هاتوچـۆ دەزانـن؟ (پێویسـتە کەنـدەکان پـڕ بکرێـن لـە جەسـتە) خۆکوشـتن؟ (ئایـا ئـەو ڕووداوەت نەبیسـتووە لـە کەنـاری ڕووبارەکە ڕوویـدا؟) هەمـوو ئەوانـە لـە یادەوەریمدایـە و زۆر خەمنـاک بـوو.[a]

سـوپاس بـۆ خـودا، کـە دەرکـەوت لـە ڕاسـتیدا لـەو شـەوەدا هیـچ حاڵەتێکـی مـردن نەبـووە – نـە لەنێـو قەرەباڵغـی و پاڵنـان، نـە بەهـۆی هاتووچـۆ، یـان خۆکوشـتن. ئـەوەش بەهـۆی «بەرنامـەی هەواڵـەکان» هەواڵێکـی تـرس و تۆقاندنـی لەنێـو خەڵکێکـی زۆردا بـڵاو کـردەوە، لـە ڕاسـتیدا ئـەو ڕۆژە پەخشـەکە تەنهـا بەرنامەیەکـی درامایـی ڕادیۆیـی بـوو بـۆ ڕۆمانـی (ئێـچ. جـی. وێڵـز) بـە نـاوی ”جەنگـی جیهانـەکان“.

خەڵکـی هەمیشـە پرسـیاریان کـردووە ئاخـۆ چـی بـووە هـۆی ئـەوەی کـە خەڵکـی بەهـۆی بەرنامەیەکـی ڕادیۆییـەوە نیگـەران بـن و بترسـن. ئـەوان پێشـتر گوێیـان لـە درامـای ئەندێشـەیی بـووە، لـەو حاڵەتـەدا، چەنـد لایەنێـک کاریگـەری هەبـووە. لەوانـە - مەترسـی دەربـارەی ئـەو جەنگـەی خەریکـە ڕووبـدات لەگـەڵ وڵاتـی ئەڵـمان، بوونـی ناوبـڕی کـەم

a John Houseman, Run Through: A Memoir (New York: Simon & Schuster, 1972), 404.

و دوور لـە یەکتر لـە بەرنامەکـە، زۆرێـک لـە گوێگـران سـەرەتای پەخشـەکەیان گـوێ لـێ نەبـوو، بـە هـۆی بەرنامـەی جەمـاوەری لـە کەناڵەکانـی دیکـە لـە هەمـان ئـەو کاتـەدا - ئـەوەش وای کـرد ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی بەڕاسـتی وا بـاوەڕ بکـەن کـە دانیشـتووانی هەسـارەی مەریـخ هاتـوون و شـاری نیویـۆرک داگیـر دەکـەن!

بەراوردکردنـی ئـەم ڕووداوە بـە ژیانـی عیسـا لـە کتێبـی پیـرۆزدا شـتێکی باشـە. چـی دەبێـت ئەگـەر وەک ئـەو خەڵکـەی کـە گوێیـان گرتبـوو لـە پەخشـی سـی بـی ئێـس، بەرنامـەی «جەنگـی جیهانـەکان»، ئێمـەش بـە هەڵـە لـە مەبەسـتی نووسـەرەکانی ئینجیـل تێبگەیـن؟ چـی دەبێـت ئەگـەر ئـەوەی لـە ڕاسـتیدا ڕوویـداوە نەیانووسـیبێتەوە و پێمانـی نەڵێـن، بەڵکـو هەوڵیـان دابێـت شـتێکی دیکە بکـەن – ڕەنگە تەنها چیرۆکێکی ئەندێشـەیی بووبێـت، یـان داڕشـتنی ئەفسـانەیەک بووبێـت، یـان هەوڵیـان داوە هەڵـمان بخەڵەتێنـن؟ بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئەگـەر ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن، دەتوانیـن بـە دڵنیاییـەوە بڵێیـن:

١. وەرگێڕانی دەقەکانی کتێبی پیرۆز جێی متمانەیە.

٢. دەقەکانی کتێبی پیرۆز ئەوەیە کە لە دەقی ڕەسەندا نووسراوە.

٣. لـە ڕاسـتیدا، ئێمـە باشـترین و دروسـترین دەقـمان لەبەردەسـتە کـە دەتوانیـن زانیـاری لـێ وەربگریـن.

پرسـیاری داهاتـوو ئەوەیـە، ئایـا دەتوانیـن دڵنیابیـن لـەوەی کـە ئـەو کەسـانەی کـە دەقەکانـی ئینجیلیـان نووسـیوەتەوە کەسـانێکی جێـگای متمانـە بوونـە؟ ئایـا ویسـتوویانە بـە ڕاسـتی و بـە وردی ئەوەمـان پـێ بڵێـن کـە پێیـان وابـووە ڕوویـداوە؟[a]

## گەڕان بەدوای سەرەداودا

ئـەوەی سەرنجڕاکێشـە سـەبارەت بـە شکسـتی «جەنگـی جیهانـەکان» ئەوەیـە کـە بـەردەوام و چەندیـن جـار لـە کاتـی پەخشـکردنی بەرنامەکـە، پێشکەشـکاران ئاماژەیـان دەکـرد بـەوەی کـە ئـەوەی دەیبیسـتن ڕاپۆرتێکـی هەواڵـی ڕاسـتەقینە نییـە بەڵکـو

---

a لە نووسینی ئەم بەشە پشتم بەستووە بە کتێبی:

Craig L. Blomberg, The Historical Reliability of the Gospels, 2nd ed. (Downers Grove, IL: IVP Academic, 2007).

درامایەکـی ئەندێشـەییە. هەروەهـا بەڵگەکانیـان نەدەشـاردەوە. بـۆ نموونـە، لـە سـەرەتای بەرنامەکـەدا دەیانگـوت: "سیسـتەمی پەخشـی کۆلۆمبیـا و پەخشـە هاوبەشـەکانی زنجیـرە بەرنامـەی (شـانۆی عەتـارد لـە ئاسـمان) لـە کتێبـی جەنگـی جیهانـەکان، لـە پێشکەشـکردنی ئۆرسـۆن وێڵێـز پێشـکەش دەکات"[a].

بەرنامەکـە لـە کاتـی پەخـش چـوار جـار بەهـۆی ڕێکلامـەوە ڕاوەسـتا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، کەناڵـی سـی بـی ئێـس ناچاربوو سـێ جـار لە تـۆڕی هەواڵـی تـەواوی وڵاتەکـە ڕایبگەیەنێت کـە هیـچ کەسـێک لـە هەسارەی مەریخـەوە هێرشـی نەکردووەتـە سـەر وڵاتەکەمان!

> بـۆ ئـەو گوێگرانـەی کـەوا لـە کەناڵـی ڕادیۆکەمـان لـە کاتژمێـر هەشـت هەتـا نـۆ بـە کاتـی ڕۆژئـاوا گوێیـان لـە بەرنامـەی بەڕێـز ئۆرسـۆن وێڵێـز گرتبـوو، وە درکیـان بـەوە نەکـردووە کـە ئـەو بەرنامەیـە تەنهـا دەسـتکارییەکی نـوێ بـوو بـۆ ڕۆمانـی «جەنگـی جیهانـەکان»ی لـە نووسـینی (هەربـەرت جـۆرج وێڵـز)، ئێمـە ئـەم ڕاسـتییە دووبـارە دەکەینـەوە کـە چـوار جـار لـە بەرنامەکـە دووپـات کراوەتـەوە، ئەویـش ئەوەیـە کاتێـک نـاوی هەندێـک شـاری ئەمریـکا بەکاردێـت، هـەروەک لـە هەمـوو ڕۆمـان و کارە درامایـیەکان ئەمـە هەیـە، چیرۆکەکـە و تـەواوی ڕووداوەکان داڕشـتنێکی ئەندێشـەییە.[b]

ئـەوەی مایـەی سەرسـامییە - هەروەهـا ئـەوەش مەبەسـتی کەناڵـی سـی بـی سـی بـوو لـەم ڕاگەیاندنـە پێچاوپێچـەی کۆتایـی - پێویسـتە خەڵکـی گـوێ لـە بەڵگـە بگـرن! ئـەوان دەبووایـە بڕواننـە ئـەو ئاماژانـەی کـە لـە خـودی بەرنامەکـەدا بـوو کـە تێیـدا مەبەسـت گێڕانـەوەی ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینە نەبـوو. هەمـوو شـتێک لـە بەردەمیـان ڕوون بـوو.

باشـە، بـە گەڕانـەوە بـۆ پرسـیارەکەمان، پێویسـتە ئێسـتا بپرسـین داخـوا کتێبـی پیـرۆز چ بەڵگەیەکـی لـەو شـێوەیەمان پێشـکەش دەکات. ئایـا هیـچ ئاماژەیەکـمان پێـدەدات کـە

---

a "The War of the Worlds".

b Hadley Cantril, Hazel Gaudet, and Herta Herzog, The Invasion from Mars: A Study in the Psychology of Panic, with the Complete Script of the Famous Orson Welles Broadcast (Princeton, NJ: Princeton University Press, 1940), 43–44.

دەبێت هەموو شتێک بخوێنینەوە، نەک وەک هەوڵێکی مێژوویی، بەڵکو وەک ئەندێشە یان ئەفسانە یان هەر شتێکی دیکە؟ باشە، کتێبی پیرۆز بەڕاستی چەند بەڵگەیەکمان پێدەدات، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستێکی دیکەی هەیە. هەمووی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە نووسەرانی کتێبی پیرۆز لە ڕاستیدا ویستوویانە بە وردی ئەو ڕووداوانەی بینیویانە بینووسن.

## چییان کردووە؟

بابەتەکە ئەمەیە، ئەگەر دەتەوێت پێداگری بکەیت لەسەر ئەوەی کە نووسەرانی کتێبی پیرۆز ئامانجێکی دیکەیان هەبووە جیاواز لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ورد و دروست، ئەوا ڕاستگۆیی هزری نە تەنها داوا دەکات تۆ بانگەشەیەکی لەو چەشنە بکەیت، بەڵکو دەبێ جێگرەوەیەکی ماقووڵیش پێشنیار بکەیت. کەواتە ئەگەر هەوڵیان نەدابێت بە وردی ڕووداوەکان بنووسنەوە، ئەوا چییان کردووە؟ با بیری لێ بکەینەوە:

١. ڕەنگە نووسەرانی کتێبی پیرۆز مەبەستی مێژووییان نەبووبێت لە نووسینەکانیاندا. ڕەنگە ئەوان وەک هەربەرت جۆرج وێڵز بوونە، تەنها جۆرە ڕۆمانێکیان نووسیوە، کەوا زانیویانە ڕاست نییە؛ هەروەها هەرگیز نەیانویستووە وا لە کەسانی دیکە بکەن بە ڕاستی دابنێن. بە هەمان شێوە، لەوانەیە ئەفسانەیەکیان نووسیبێت - یان، وەرگرتنی کۆمەڵێک ڕووداو کە گرنگ نین و بە هەندێک وردەکارییەوە ڕازاندوویانەتەوە. لە ڕاستیدا، ئەو کەسانەی پەرە بە ئەفسانەکان دەدەن پێیان وایە کە چیرۆکەکەیان باسی شتێک دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی لێڵ - سەبارەت بە ڕاستی یان شێوازی گەلەکەیان، تەنانەت ئەگەر بشزانن وردەکاری چیرۆکەکەیان نامۆیە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە گوێگران و خوێنەران ناتوانن ئەو دووانە لە یەکتر جودا بکەنەوە. وا بیر دەکەنەوە کە تەواوی چیرۆکەکە ڕاستەقینەیە. بۆیە لەوانەیە ئەوەی لە کتێبی پیرۆز هەمانە چیرۆکێکی ئەندێشەیی یان ئەفسانەیی کە تۆمار نەکراوە، وە باوەڕداران درکیان بەمە نەکردووە.

٢. ڕەنگە نووسەرانی ئینجیل ئامانجێکی گومڕاکەریان هەبووبێت. ڕەنگە بە مەبەستەوە ئەوەیان کردبێت، وەک کەسانی دیکەی پێش خۆیان و دوای خۆیان، فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندنی هەمووان بۆ ئەوەی باوەڕ بە شتێک بکەن کە لە ڕاستیدا ڕووی نەداوە. ڕەنگە هەموو ئەوە هەڵخەڵەتاندنێکی گەورە بووبێت، یان

نمایشتێکی بەهێز، یانیش حەزێک بۆ ئەوەی گەندەڵی جیهان بگرێتەوە.

٣. ڕەنگە نووسەرانی کتێبی پیرۆز فریویان خواردبێت. پێویست ناکات وا بیر بکەیتەوە لەوەی کە بە ئەنقەست کەسێک ئەوانی فریو دابێت کە ئەو شتانە بنووسن. ڕەنگە خۆیان مێشکی خۆیان فریودابێت، یان ڕەنگە ئەو شتە زارەکییانەی لە باوەڕدارانی دیکە بیستوویانە دەستکاریکراو بووە. هۆکارەکەی هەرچییەک بووبێت، ڕەنگە نووسەرەکان بەبێ ئاگایی خۆیان هەڵخەڵەتاندبێت.

٤. لە کۆتاییدا، ڕەنگە ئەوەندە گرنگ نەبێت کە نووسەرانی ئینجیل ویستوویانە چی بکەن. تەنانەت ئەگەر ویستبێتیان وردەکاری ڕوداوەکانمان بۆ باس بکەن، بەڵام گێڕانەوەکانیان زۆر دژ بە یەکە، وە هەڵەکان ئەوەندە زەقن کەوا ناتوانین باوەڕ بە هیچی بکەین.

ڕەنگە یەکێک لەم سیناریۆیانە بە ڕاستی بەرجەستە ببێت. بەڵام چی دەبێت ئەگەر دڵنیا بین لەوەی هەموویان دوورن لە ڕاستی؟ چی دەبێت ئەگەر بزانین نووسەرەکان نیازیان نەبووە چیرۆکێکی ئەندێشەیی یان ئەفسانەیی بنووسنەوە، وە هەوڵیان نەداوە هەڵمان بخەڵەتێنن، وە خۆشیان هەڵنەخەڵەتاون؟ وە چی دەبێت ئەگەر نووسینەکانیان پڕ نەبێت لە هەڵە وەک ئەوەی کەسانێک ئەم تۆمەتەیان دەخەنە پاڵ؟ لەم بارەدا دەتوانین بگەینە ئەنجامێک لەسەر بنەمای متمانەی تەواو بەوەی کە نووسەرەکان بەڕاستی ویستوویانە زانیاری وردمان پێبدەن، لەم خاڵەدا دەتوانین بە متمانەوە بڵێین: «ئەم بەڵگەنامانە لە لایەنی مێژوویەوە جێی متمانەن». ئەمە نەک بۆ ئەوەی بڵێیین ئێمە متمانەمان هەیە بەوەی لە کۆتاییدا ئەوان لەسەر ڕاستین؛ وە ئەمە پرسیاری بەشی داهاتووە، بەڵام هەنگاوێکی گەورە دەمانباتە پێشەوە؛ ئاسان نییە بە تەواویی متمانەوە بڵێین «نووسەرانی ئینجیل چیرۆکێکی ئەندێشەییان نەنووسیوە، وە هەڵخەڵەتاندنێکیان دانەڕشتووە، هەڵنەخەڵەتاون، وە سەرلێشێواویش نین. بەڵام ئەوان بەڕاستی باوەڕیان بەوە هەبووە کە نووسیویانە.»

## چیرۆکی ئەندێشەییان نووسیوە؟

با دەستبکەین بە بیرکردنەوە لەم بابەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری یەکەم، کە ئەگەری ئەوە دادەنێ کە نووسەرانی ئینجیل مەبەستێکی مێژووییان نەبووە، وە ئەوان

بەڕاستی نەیانویستووە باوەڕ بکەین بەوەی گوتوویانە. پرسیاری یەکەم کە لێرەدا دەبێت بیکەین ئەوەیە ئاخۆ نووسەرەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئێمەیان گوتووە کە ئەوان چیرۆکێکی ئەندێشەییان نووسیوە، وەک بێژەرەکانی کەناڵی سی بی ئێس کەوا بە گوێگرانیان گوت ئەوان گوێیان لە چیرۆکێکی درامایی دەبێت؟ وەڵامەکە نەخێرە. کتێبی پیرۆز هیچ شتێکی لەو شێوەیەی تێدا نییە. لە ڕاستیدا، بەردەوام نووسەرەکانی بە ڕوونی پێچەوانەی ئەوەیان ڕاگەیاندووە. ئەوان بەڕوونی پێمان دەڵێن کە بەڕاستی باوەڕیان بەوانە هەیە کە دەیڵێن، هەروەها دەیانەوێت ئێمەش باوەڕی پێ بهێنین.

با باسی نموونەیەک بکەین. لۆقا بەم جۆرە سەرگوزەشتەی ژیانی عیسا دەگێڕێتەوە:

”ئەی ساوفیلۆسی پایەبەرز، زۆر کەس هەستان بە داڕشتنی چیرۆکی ئەو شتانەی لەلای ئێمە هاتنە دی، وەک ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە پێمان گەیشت کە لە سەرەتاوە شایەتحاڵ و خزمەتکاری پەیامەکە بوون. لەدوای ئەوەی من لە سەرەتاوە پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێک کرد، ئێستاش بە باشم زانی بە ڕیزبەندی بۆت بنووسم، تاکو لە ڕاستی ئەو قسانە دڵنیابی کە فێرکراوی.“ (لۆقا ١:١ -٤)

ئایا دەکرێت لەمە ڕوونتر بێت؟ لۆقا دەڵێت «لە سەرەتاوە پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێک کرد»، هەروەها ئەو ئێستا «بە ڕیزبەندی» ئەو شتانە دەنووسێت بۆ ئەوەی سیۆفیلوسی هاوڕێی بتوانێت دڵنیا بێت لە ڕاستیی ئەو شتانەی کە لە عیساوە فێری بووە. لۆقا هەرچییەکی کردبێت، ئەو چیرۆکێک بۆ دڵخۆشیی ئێمە نانووسێت؛ بەڵکو دەیەوێت بە تەواوی متمانەوە باوەڕ بە گێڕانەوەکەی بکەین.

یۆحەنا مەبەستی خۆیمان پێ دەڵێت لە نووسینی سەربوردەی ژیانی عیسا:

”عیسا لەبەردەم قوتابییەکانیدا زۆر پەرجووی دیکەی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. بەڵام ئەمانە نووسراون تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.“ (یۆحەنا ٢٠: ٣٠ -٣١)

دەبینیت؟ جارێکی دیکە، یۆحەنا چیرۆکێکی ئەندێشەیی نانووسێت؛ بەڵام بە

ڕاستی دەیەوێت خەڵکی باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە. ئەمە واتای ئەوەیە کە دەیەوێت ئێمە باوەڕ بهێنین بەوەی کە ئەو شتانەی لە ئینجیلەکەیدا نووسیویەتی بەڕاستی ڕوویان داوە.

لە شوێنێکی دیکە، یۆحەنا لە نووسینەکەیدا مەبەستی خۆیمان پێ دەڵێت:

> ”ئێمە ئەمە ڕادەگەیەنین سەبارەت بە وشەی ژیان، ئەوەی لە سەرەتاوە بوو، ئەوەی گوێمان لێی بوو، ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کرد و دەستمان لێیدا. ژیانەکە دەرکەوت، ئێمە بینیومانە و شایەتی بۆ دەدەین، ژیانە هەتاهەتاییەکەتان بۆ ڕادەگەیەنین، ئەو ژیانەی کە لەلای باوکی ئاسمانی بوو و بۆ ئێمە دەرکەوت. ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە بە ئێوەی ڕادەگەیەنین، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیانی هاوبەشمان هەبێت، پێکەوە ژیانی ئێمەش پەیوەستە لەگەڵ باوکی ئاسمانی و عیسای مەسیحی کوڕی.“ (یەکەم یۆحەنا ١: ١-٣)

دیسان دەبینیت؟ کۆتا شت کە یۆحەنا حەزی لێیە ئەوەیە کە کاردانەوەمان هەبێت بۆ ئەوەی لە نامەکەیدا نووسیویەتی و بڵێیت «یۆحەنا، ئای چ چیرۆکخوێنێکی باشە، بەڕاستی پێویستە ڕێککەوتێکی لەگەڵ واژوو بکرێ بۆ نووسینی کتێبێکی دیکە». نەخێر، ئەو دەیەوێت بزانین کە ئەو بەڕاستی و بە دڵنیاییەوە هەندێک شتی بینیوە و گوێی لێبووە، بەڵکو دەستیشی لێداوە و ئەزموونی کردووە، وە ئێستا بۆ ئێمەی ڕادەگەیەنێت. بە لایەنی کەمەوە و بەگوێرەی ئەوەی کە مەبەستەکەی خۆی بۆ ئێمە ڕاگەیاندووە، یۆحەنا چیرۆکێکی ئەندێشەیی یان ئەفسانەیەکی نەنووسیوە؛ بەڵکو دەیەوێت باوەڕ بهێنین بەوەی پێمانی دەڵێت. نووسەرانی ئینجیل ئاماژەی دیکەمان پێشکەش دەکەن کە ئەم ڕاگەیاندنە ڕوونانە تێدەپەڕێنن کە دەربڕی ئامانجەکانیانە، ئەوە دەردەخات کە حەزیان لەوە بووە ئێمە باوەڕ بهێنین بەوەی نووسیویانە.

بۆ نموونە، بیر لەوە بکەوە کە نووسەرەکان چەندین جار ئاماژەیان کردووە بۆ ڕووداوی مێژوویی دیاریکراو کە دەتوانین لێی بکۆڵینەوە. زۆر لەم ئاماژانە لە پەیمانی نوێدا هەیە، بەڵام یەک نموونەمان بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکە. لەو دەقە کورتەی ئینجیلی لۆقای مزگێنیدەر بکۆڵەوە:

”لـە سـاڵی پازدەمینـی حوکمڕانـی تێباریـۆس قەیسـەر، کاتێـک پیلاتۆسـی پۆنتـی فەرمانـڕەوای یەهودیـا بـوو، هێرۆدسـی ئەنتیپـاس فەرمانـڕەوای جەلیـل بـوو، فیلیپۆسـی براشـی فەرمانـڕەوای ئیتۆریـە و تەراخۆنیتـس بـوو، لیسـانیۆس فەرمانـڕەوای ئەبیلینـە بـوو، لـە سـەردەمی سـەرۆک کاهینییێتـی حەنـا و قەیافـا، لـە دەشـتودەر پەیامـی خـودا بـۆ یەحیـای کـوڕی زەکەریـا هـات.“ (لۆقـا ٣: ١-٢)

نووسـەرێک ئامـاژەی بـەو دوو ئایەتـە داوە و دەڵێـت: ”لۆقـا زیاتـر لـە بیسـت و یـەک سـەرچاوەی کۆکردووەتـەوە لـە کەسـانی مێژوویـی و شـوێن و بـارودۆخ، هەموویـان (دەکرێ لـە سـەردەمی نووسـینەکەی لۆقـا نزیک بووبن) شـایانی ئەزموونکـردن و پشتڕاسـتکردنەوەن - یـان سـەلماندنی ناڕاسـتی لـە بارێکـدا ئەگـەر لۆقـا هەڵـە بووبێـت!«[a] گرنگیدانـی لۆقـا لـە نووسـینی سـیپارەی دووەمـی، کـرداری نێـردراوان، دەبینیـن؛ بـە هەمـان شـێوە نووسـەرانی دیکـەی پەیمانـی نـوێ سـەرچاوەی هاوچـەرخ و متمانەپێکراویـان بەکارهێنـاوە. دیسـان دووبـارەی دەکەمـەوە: لۆقـا و نووسـەرەکانی دیکـەی پەیمانـی نـوێ چیرۆکێکی ئەندێشـەیی یـان ئەفسـانەییان نەنووسـیوە؛ بەڵکـو مکـوڕ بـوون لەسـەر ئـەوەی داڕشـتنی چیرۆکەکەیـان لـە ڕووداوێکـی مێژوویـی بـووە و شـایانی لێکۆڵینەوەیـە و بـە بنیادێکـی وردەکارییـەوە لـە ڕاسـتییەوەیە، بـە ڕاسـتگۆییەوە ویسـتوویانە بـاوەڕ بهێنیـن بـەوەی نووسـیویانە.

بـەڵام چـی دەبێـت ئەگـەر بەڕاسـتی ویسـتبێتیان بـاوەڕ بـەو درۆیانـە بکەیـن کـە دەیڵێـن؟

**ئایا بە مەبەستێکی فێڵبازانە نووسیویانە؟**

ئـەوە دامانبـات بـۆ ئەگـەری دووەم، ئـەوەی کـە وای دادەنێـت نووسـەرانی ئینجیـل مەبەسـتیان فێڵکـردن و گومڕاکـردن بووبێـت. ئایـا ئەگـەری ئـەوە نییـە ئـەوان چیرۆکێکـی فێڵبازانـە بـە جیهانـدا بـڵاو بکەنـەوە، هەوڵیـان داوە وامـان لێبکـەن بـاوەڕ بـە شـتێک بکەیـن کـە لـە ڕاسـتیدا ڕووی نـەداوە؟ ئایـا ناکرێـت ئـەوان کاتێـک بـەردەوام مکـوڕ بـوون لەسـەر ئـەوەی ڕاسـتیی بڵێـن - تەنانـەت لەگـەڵ باسـکردنی ڕاسـتیی مێژوویـی لـە پێنـاوی

a Nathan Busenitz, Reasons We Believe: 50 Lines of Evidence That Confirm the Christian Faith (Wheaton, IL: Crossway, 2008), 127.

باشترکردنی بیرکردنەوە لێی - تەنها ویستوویانە ئێمە هەڵبخەڵەتێین و باوەڕ بە چەند درۆیەک بکەین؟

باشە، ئەگەری هەموو شتێک هەیە. بەڵام ئامانجی ئێمە لێرەدا دیاریکردنی شتێک نییە کە ئەگەری ڕوودانی زۆر دەگمەنە. بەڵکو ئامانجمان گەیشتنە بە جۆرێک لە دڵنیایی دەربارەی ئەوەی ڕەنگە هەبێت. وە ڕاستییەکە ئەوەیە، کاتێک بە وریاییەوە بیر لە بارودۆخەکە دەکەینەوە، ئەگەری هەوڵی نووسەرەکانی کتێبی پیرۆز بۆ هەڵخەڵەتاندنمان کەم دەبێتەوە هەتا ئەوەی هیچ نامێنێت. با بیر لە چەند خاڵێک بکەینەوە.

یەکەم، بەر لە هەموو شتێک، سەرکەوتنی فێڵێکی گەورەی لەم جۆرە زۆر زەحمەت دەبێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت. لە لایەک، هەموو بیست و حەوت سیپارەکەی پەیمانی نوێ لە ماوەی چەند دەیەیەک لەدوای ژیانی عیسا نووسراوە. واتا، کاتێک دەستیان کردووە بە دەستاوەدەستکردنی ئەم سیپارانە، هێشتا سەدان کەس، بەڵکو ڕەنگە هەزاران کەس، لە ژیاندا هەبوونە و خۆیان بینیویانە کە عیسا لەو کاتەی لە ژیاندا بووە چی کردووە. بۆ نموونە، ئەگەر لۆقا هەندێک شتی هەڵبەستابێت یان تەنانەت ڕازاندبێتییەوە، ژمارەیەک خەڵک دەردەکەوتن و پێیان دەگوت: «هێواش برا، ئەمە ڕووینەداوە، لۆقا تۆ شتێکت هەڵبەستاوە کە وا نەبووە». هیچ تۆمارێکمان نییە پیشانی بدات کەسێک ئاوای گوتبێت. ئەوەش خاڵێکی بەهێزە، کاتێک ئەوە دەزانیت تەنانەت ئەو کەسانەی پشکی گەورەیان هەبووە لە دانانی سنوورێک بۆ مەسیحییەت، نکۆڵییان لەوە نەکردووە کە بەڕاستی عیسا ئەو قسە و کردارانەی کردووە کە نووسەرانی ئینجیل نووسیویانە. بە سادەیی تۆمەتباریان دەکرد بەوەی درۆزنە یان هەڵەیە. ئەگەر هۆکارێک هەبووایە بۆ ئەوەی وایانزانیبا کە وای نەگوتووە – ئەگەر هەموو نووسەرەکانیش هاوڕا بوونایە بۆ قسە هەڵبەستانەکەیان- بە دڵنیاییەوە ڕکابەرەکانی مەسیحییەت دەرفەتێکی ئەوهایان لەکیس نەدەدا بۆ ئاماژەکردن پێی.

دووەم، سەرخستنی فێڵێک بەو بەهێزییە و لە سایەی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شایەتحاڵ کارێکی زەحمەتە، هەروەک هەر کەسێک ویستبێتی ئەمە بکات، ئەو کەسانەی بە وتەبێژی سەرەکی دادەنران نەدەبوونە بژاردەیەکی ڕوون. بیر لە بابەتەکە بکەوە. دەزانیت کە دووان لە نووسەرانی چوار ئینجیلەکە، مەرقۆس و لۆقا، نێردراوی عیسا نەبوون، وە هیچ یەکیان ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو عیسای نەبینیوە؟ لۆقا هاوڕێی نزیک و یاوەری گەشتەکانی پۆڵس بوو، بەڵام زۆر دوور بوو لەوەی پێگەیەکی

سەرکردایەتی دیاری هەبێت لە کڵێسا و هیچ پێداگرییەکی نەبوو بۆ هیچ جۆرە دەسەڵاتێک. وە مەرقۆس هاوڕێ و یاوەری گەشتی هەریەک لە پەترۆس و پۆڵس بوو، بەڵام بەوە بەناوبانگ بوو کە لە پەمفیلیا وازی لە پۆڵس هێنا، ئیتر پۆڵس زۆر بە توندی ڕەتی کردەوە کاتێک ویستی بێتەوە لای (کرداری نێردراوان ١٣: ١٣، ١٥: ٣٧-٤١). تەنانەت مەتا، هەرچەندە یەکێک بوو لە نێردراوان، باجگرێکی خراپەکار بوو و کاری دەکرد بۆ بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. ئێستا، ئەگەر هەوڵت داوە خەڵکی جیهان بە درۆیەک هەڵبخەڵەتێنیت، زەحمەتە کە بیر لەوە بکەیتەوە کەسێکی بێ ڕەچەڵەک و هاوڕێیەکی نیوەڕێ و باجگرێک بۆ پڕۆژەکەت هەڵبژێریت. مەحاڵە ئەم بژاردانە بەرەو سەرکەوتنت ببەن.

ئەوە دەمانگەیەنێت بە خاڵی سێیەم، لە بارێکدا ئەگەر نووسەرانی پەیمانی نوێ هەوڵیان دابێت جیهان فریو بدەن یان درۆیەک سەربخەن، ئایا چ پاڵنەرێکی لۆژیکییان هەبووە؟ ئایا بۆ دروستکردنی ناوێک بووە بۆ خۆیان؟ ئایا بۆ ئەوە بووە دەوڵەمەند بن؟ یان بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەی بە دەسەڵات لە کڵێسایەکی بەهێز؟ ئەگەر ئەمە پیلانی ئەوان بوویێت، کەواتە دەتوانین بڵێین شکستێکی گەورەیان هێناوە. زۆربەی نێردراوان کوژران، بە پەڕاندنی سەریان، لەخاچدان، یان بە بەکارهێنانی شێوازی دیکەی ترسناک کوژراون. سەرباری ئەمە، ئەگەر پاڵنەریان بۆ ئەم کارە ئەمە بوویێت کە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان باش نیشان بدەن – یان تەنانەت درۆ و زیادەڕۆیی بکەن بۆ ئەوەی مەسیحییەت بە باشە پیشان بدەن – لەو کاتەدا خۆیان لەناوبردووە بە زیادکردنی کۆمەڵێک وردەکاری شەرمەزارکەر، لەوانە ئەوەی کە وای کردووە پاڵەوانانی چیرۆکەکە بە شێوەیەک کەمتر وەک پاڵەوان دەربکەون. ئەگەر هەوڵ دەدەیت فێڵێک سەربخەیت بۆ ئەوەی ئایینە نوێیەکەت سەرنجڕاکێشتر بێت، کەواتە بۆچی بەردەوام دەبیت لە ئاماژەکردن بۆ ئەوەی چۆن سەرکردەکانی داهاتووت وەک بەرد ڕەق بوونە کاتێک بابەتەکە دێتە سەر تێگەیشتن لە قسەکانی عیسا؟ بۆچی باسی چیرۆکی پەترۆس دەکەیت کە چۆن بە هەڵە لە عیسا تێگەیشت و تەنانەت گوێی پیاوێکی بڕی و وەکو منداڵ لە لایەن عیساوە سەرزەنشت کرا؟ بۆچی باسی چیرۆکی نامۆ دەکەیت سەبارەت بە عیسا (ئەو خودا مرۆڤەی هەرەزانایەی کە هەوڵ دەدەی دروستی بکەیت) کە نەیزانی کێ بوو دەستی لە کەواکەی دا، یان ئەوەی لەگەڵ دوو ئافرەتدا لەبەردەم گۆڕەکەدا گریا، بە توندی نەفرەتی لە دار هەنجیرەکە کرد لەبەر ئەوەی هیچی پێوە نەبوو بۆ ئەوەی بیخوات؟

بەڵـێ، مـن دەزانـم کـە مەسـیحییەکان دەڵێـن ئـەم چیرۆکانـە مەبەسـت و واتایەکـی قووڵیـان هەیـە (ئاواشـە)، بـەڵام هـەر وتاربێژێکـی مەسـیحی دان بـەوەدا دەنێـت کـە تێگەیشـتن لێـی پێویسـتی بـە کەمێـک کۆششـە - واتاکـەی لـە ڕووکەشـدا نابینیـن. لێـرەدا خاڵێـک هەیـە: ئەگـەر فێڵێـک هەڵدەبەسـتین بـە مەبەسـتی داهێنانـی ئایینێکـی نـوێ، کـە دامەزرێنـەران و ڕابەرانـی کەسـانێکی بـاش بـن، ئـەم جـۆرە چیرۆکانـە نابێـت هەڵبەسـترێن. وە بێگومـان کارەکـەت پـاک دەرناکەوێـت کـە تـۆ چیرۆکـی وازهێنانـی مەرقـۆس لـە پۆڵـس بـاس بکەیـت، وە ئـەوەی پۆڵـس مەرقـۆس ڕەت دەکاتـەوە لـەدوای ئـەوەی دەگەڕێتـەوە لای؛ بـەم شـێوەیە تـەواوی کارەکـە تووشـی کەوتنێکـی گـەورە دەبێـت. تاکـە هـۆکار کـە پاڵـت دەنێـت بـۆ گوتنـی ئـەم چیرۆکانـە و باسـکردنی شـتی خـراپ بـە ئاشـکرا ئـەوە نییـە کـە تـۆ دەتـەوێ وێنـەی کارەکان جـوان بکەیـت بـۆ ئـەوەی بـاش دەربکەوێـت، بەڵکـو دەتەوێـت شـتەکان بـەو جـۆرە بـاس بکەیـت کـە ڕوویـداوە.

دەتوانیـت لایەنگـر بیـت و هەمـوو شـتێک بخەیتـە سـەر ئێمـە و بڵێیـت کـە هەمـوو ئـەو وردەکارییـە شـەرمەزارکەرانە بۆیـە دانـراون تەنهـا بـۆ ئـەوەی بمانهێنێتـە سـەر هەمـان ڕێـگا، بـۆ ئـەوەی وامـان لێبـکات بیـر بکەینـەوە لـەوەی ڕووی داوە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا درۆیـان لەگـەڵ کردوویـن. بـەڵام لـەم خاڵـەدا گەیشـتوویتە ئاسـتێکی قووڵـتر لـە بیـردۆزی پیلانگێـڕی، وە دادپەروەرانـە دەبێـت کـە بپرسـین داخـوا ئەگـەر بەڕاسـتی ئامانجـت گەیشـتنە بـە ڕاسـتی یـان تەنهـا بەرگـری لـە گریمانەکـەی خـۆت دەکەیـت.

بـە هـەر حـاڵ، لێـرەدا ئامـاژە بـە خاڵێکـی دیکـە دەکـەم - خاڵێـک جێبەجـێ دەبێـت لەسـەر هەمـوو ئـەوەی لـەم بەشـەدا هەتـا ئێسـتا گوتوومانـە. هیـچ کەسـێک لـە پێنـاوی چیرۆکێکـی ئەندێشـەییدا نامرێـت، وە کـەس تەنهـا لەپێنـاو فێڵێکـدا نامرێـت. ئەگـەر ئامانجـت لـە نووسـینی شـتێک تەنهـا نووسـینی ڕۆمانێـک یـان قسـە هەڵبەسـتانێکی فێڵـکاری بێـت، لـەم حاڵەتـەدا دەسـت ناگریـت بـەو چیرۆکـەی کـە تەنهـا فێڵێـک بـووە و کۆتایـی پێهـات و خەریکـە لـە هـزرت دەچێتـە دەرەوە. تاکـە ڕێـگا کـە وات لێـدەکات دەسـتبگریت بـە چیرۆکەکـەوە، جـا لـە هـەر بارودۆخێکـدا بیـت، باوەڕتـە بـەوەی کـە ئەمـەی نووسـیوتە بەڕاسـتی ڕوویـداوە. بـە دیاریکـراوی ئەمـە جێبەجـێ دەبێـت لەسـەر ئەوانـەی پەیمانـی نوێیـان نووسـیوە. تەنانـەت لـەو کاتـەی کـە دەیانووسـی ئەوەیـان دەزانـی، دەکـرێ بکوژرێـن بەهـۆی ئـەوەی دەیڵێـن. بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو هەڕەشـە و بەڵێنـەکان، بەڵکـو تەنانـەت لـە سـاتی مردنیشـیان، دەسـتیان گرتبـوو بـەوەی دەیانگـوت.

ئینجا چۆنی دەتەوێ شرۆڤەی بکە. ئەم پیاوانە چیرۆکێکی ئەندێشەییان نەنووسیوە، وە درۆشیان نەکردووە. باوەڕیان هەبووە بەوەی نووسیویانە و ویستوویانە ئێمەش باوەڕی پێ بهێنین.

## فێڵیان لێ کراوە؟

بەڵام ئەگەرێکی دیکە هەیە، مەگەر نە؟ ئەی ئەگەر نووسەرانی ئینجیل هەڵخەڵەتێنەر نەبووبن، بەڵکو خۆیان هەڵخەڵەتابن؟ بە تێپەڕینی کات داڕشتنی ئەم بیردۆزە بە چەند شێوەیەکی جیاواز داڕێژراوە، بەڵام نەسەلمێنراوە. بۆ نموونە، یەکێک لە شێوە بەناوبانگەکانی ئەم گومانە، هەموو قوتابییەکان تۆمەتبار دەکات بەوەی تووشی وڕێنەکردنێکی بە کۆمەڵ بوونە سەبارەت بە عیسای هەستاوە لەنێو مردووان، ئینجا گەڕانەوە و نووسینی ئەفسانەیی بۆ پڕکردنەوەی پاشخانێکی درامایی. بەڵام ئەم وڕێنەیە پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر نییە بۆ درککردن بە پووچبوونی، «وڕێنەی بە کۆمەڵ» بیرۆکەیەکە لە بنەڕەتدا بێ واتایە. وڕێنە لە پێناسەی خۆیدا، لە کەسێکدایە و شتێکی تاکەکەسییە، لە فکر و هزری کەسەکەدا ڕوودەدات بە شێوەیەکی تاکەکەسی، بەڵام ئەگەر ویستت وای دابنێیت جۆرێکە لە درکپێکردنی نەست یان پەیوەندی هزریی سەرووسروشت لەنێو مرۆڤەکان، بۆیە شتێکە لە مرۆڤەکان بۆ یەکتر ناگوازرێتەوە. لەپاڵ ئەمە، سەرباری ژمارەیەک زۆری خەڵکی جیاواز دانیان بەوەدا ناوە کە عیسایان بینیوە، وە لە کاتی جیاواز، وە لە ماوەی چەند هەفتەیەک، وا دیارە بیرۆکەی وڕێنەکردنی بە کۆمەڵی بەردەوام و گوازراوە لەنێو مرۆڤەکان بیرۆکەیەکی گەمژانەیە.

شێوازێکی دیکەی پێشکەوتووی ئەم بیردۆزە هەیە کە دەڵێ قوتابییەکانی عیسا نەخۆشی ئارەزووی خۆشیان هەبووە. بۆچوونەکە دەڵێت کە لەبەر ئەوەی قوتابییەکان مردنی عیسایان قبوڵ نەکردووە، لە جیهانێکی ئەندێشەییدا ژیاون و پێیان وابووە کە عیسا زیندووە و بانگەشەیان بۆ کردووە؛ پاشان ئەفسانەیەکیان نووسیوە بۆ دانانی پاشخانێکی درامایی. هەرچەندە ئەم بۆچوونە هەستیارترە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی قوتابییەکان گرفتی نەخۆشی ئارەزووی خۆشیان هەبووە لە ڕووی لۆژیکییەوە وەک بیرۆکەی وڕێنەی بە کۆمەڵ وایە. لەبەر ئەوەی، سەرباری هەر بابەتێکی دیکەش، ناکرێت قوتابییەکان هیوای هەستانەوەی عیسایان خواستبێت لەدوای مردنی. تەنانەت

ئەگـەر دڵیشـیان تێکشـکابێت و مردنـی ئەویـان قبـووڵ نەکردبێـت و هەوڵیـان دابێـت بـۆ دۆزینـەوەی چەنـد ڕێگایـەک بـۆ بەردەوامیـدان بـەو بـاوەڕەی کـە ئـەو هێشـتا زینـدووە، هەرگیــز بیرۆکــەی هەســتانەوەی داناهێنــن بــۆ ئــەوەی خۆیــان بحەســێننەوە. بۆچــی ئـارەزووی شـتی وا ناکـەن؟ لەبـەر ئـەوەی بـۆ جولەکەکانـی سـەدەی یەکـەم هەسـتانەوە کۆنسـێپتێکی یەزدانناسـی بـوو بـە واتایەکـی دیاریکـراوەوە: ڕووداوێـک بـوو تەنهـا لـە کۆتایـی دنیـا ڕووی دەدا لـەو کاتـەی هەمـوو مـردووان پێکـەوە هەڵدەسـتنەوە، هەندێکیـان بـۆ ئـەوەی لەبـەردەم خـودا سـزا بدرێـن و هەندێکیشـیان بـۆ ئـەوەی شـکۆدار بکرێـن. هیـچ شـتێک لـە مێـژووی هـزر و ئایینـدا ناتوانێـت ئـەو بیرۆکەیـە لـە بیـری قوتابییەکانـدا بچێنێـت کـە کەسـێک زووتـر ئەزموونـی هەسـتانەوە و شـکۆمەندبوون دەکات. بەڕاسـتی، تۆمەتـی "نەخۆشـی ئـارەزووی خـۆش" ئـەو کاتـە لۆژیکیـتر دەبـوو ئەگـەر قوتابییـەکان بانگەشـەی ئەوەیـان بکردبـا کـە عیسـا هـەر بـە ڕۆح زینـدوو بـووەوە، یـان ئـەوەی کـە ئـەم بەڕاسـتی نەمـردووە یـان (وەک لەعـازر) زینـدوو کرایـەوە. بـەڵام ئـەوەی بانگەشـەیان کـرد ئـەوە بـوو کـە عیسـا مردنـی تێپەڕانـد و لـە لایەکـەی دیکـە بـە زیندوویـی دەرچـوو. ئەمـە بابەتێکـی نـوێ بـوو، وە پێشـتر هاوشـێوەی نەبـووە. بیرۆکـەی لـەم شـێوەیە - کـەوا پێویسـتی بـە دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی ڕوانگـە هەیـە بـە تـەواوی - لـە دەرەنجامـی هیـوا و خۆزگەخواسـتنەوە لەپـڕ لـە هزرتـدا سـەر هەڵنـادات، بەڵکـو بـە هێواشـی گەشـە دەکات و ڕەگ دادەکوتێـت کاتێـک ئـەو شـتانەی بینیوتـە و ئەزموونـت کـردوون بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی هەمـوو شرۆڤەیەکـی دیکـە مەحـاڵ بێـت.

سـەرباری ئەمـە، بیرکردنـەوە لـە خەونبینـی گەمژانـە کـە حـەز بـکات لـەوەی پێـی وابێـت عیسـا زینـدوو بـووە، بیرۆکەیەکـی تـەواو پێچەوانەیـە بـۆ ئـەو شـێوازەی نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز باسـی قوتابییەکانیـان کـردووە.

مەتـا دەڵێـت: "هەندێـک گومانیـان کـرد" (مەتـا ٢٨: ١٧)، وە لۆقـا دەڵێـت کاتێـک ئافرەتـەکان هاتـن بـۆ ئـەوەی پێیـان بڵێـن عیسـا زینـدووە، "قسـەکەیان لـەلای ئـەوان وەک وڕێنـە بـوو، باوەڕیـان پـێ نەکـردن" (لۆقـا ٢٤: ١١). تەنانـەت ئـەو کاتـەی عیسـا بـۆ قوتابییـەکان دەرکـەوت، لۆقـا دەڵێـت: «سـام دایگرتـن و ترسـان، وایـان دەزانـی خێـو دەبینـن» (لۆقـا ٢٤: ٣٧). هەروەهـا تۆمـاس، ئـەو کەسـەی ڕەتـی کـردەوە باوەڕبهێنێـت، هەتـا خـۆی دەسـتی لـە شـوێنی بزمـارەکان و لـە دەسـتی مەسـیح دا (لۆقـا ٢٠: ٢٤-٢٥).

هیـچ یەکێـک لـەو گومانانـە وەکـو شـتێکی بـاش لـە کتێبـی پیـرۆزدا پیشـان نادرێـت،

هـەروەک هەندێـک لـە نووسـەران دەڵێـن، «تەماشـای ئـەو پیاوانـە بکـە کـە مکـوڕن لەسـەر ڕاکانیـان، هەرگیـز گەمـژە نیـن. بـە دڵنیاییـەوە ئـەوان لەنێـو هەمـوو خەڵـک بـاوەڕ ناکـەن بـەوەی عیسـا زینـدووە ئەگـەر بەڕاسـتی ئەمـە ڕووی نەدابێـت!» بـە پێچەوانـەی ئەمـە،وە ئینجیـل وێنـەی باوەڕنەکردنـی قوتابییەکانمـان پیشـان دەدات وەک ئـەوەی شـەرمەزارییەکی گەورەیـە. عیسـا چەنـد جارێـک سەرزەنشـتیان دەکات لەسـەر بێباوەڕییان، تەنانـەت بـە دیاریکـراوی بـە تۆمـاس دەڵێـت: "لەبـەر ئـەوەی منـت بینـی، بـاوەڕت کـرد؟ خۆزگـە دەخوازرێـت بەوانـەی نەیانبینـی و باوەڕیـان هێنـا". ئایـا درک بـە خاڵـی سـەرەکی بابەتەکـە دەکەیـت؟ بـە تیشـک خسـتنە سـەر شکسـتی قوتابییـەکان لـە بـاوەڕ، ئینجیـل وێنایـان نـاکات وەک ئـەوەی نموونـە بـن بـۆ گومانکـردن و پاڵنـەری بەڵگـە. ئەوەمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە ڕوویـداوە، تەنانـەت ئەگـەر شـتەکە شـەرمەزارکەریش بێـت، وە بێگومـان ئـەوەی کـە ڕوویـداوە پەیوەنـدی بـە نەخۆشـی ئـارەزووی خۆشـەوە نییـە.

شـێوازی کۆتایـی ئـەم جـۆرە گومانـە کـە گفتوگـۆی هەڵخەڵەتاندنـی نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز دەکات ئەوەیـە کـە نەریتـی زارەکـی کـەوا نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز هەندێـک جـار پشـتیان پـێ بەسـتووە لـە نووسـینی کتێبەکانیـان، بێگومـان بـە تێپەڕینـی چەندیـن سـاڵ گۆڕینـی بەسـەردا هاتـووە. لـە کۆتاییـدا، عیسـا لـە سـاڵی ٣٣ ی زایینـی مـردووە، وە کۆنتریـن ئینجیـل لـە پەیمانـی نوێـدا کـە دۆزراوەتـەوە نزیکـەی لـە سـاڵی ٦٠ ی زایینـی نـووسراوە. ئایـا پێویسـتە پێمان وابـێ کـە بەڕاسـتی فێرکرنەکانـی عیسـا و ئـەو چیرۆکانـەی کە لەسـەری باسـکراوە دەکـرێ بـە سـەلامەتی بمێننـەوە، بەبـێ ئـەوەی بگۆڕێـت یـان شـتێکی بـۆ زیـاد بکـرێ یانیـش لێـی کـەم بکرێتـەوە، بـە درێژایـی بیسـت و حـەوت سـاڵ لـە گواسـتنەوەی چیرۆکـەکان لەسـەر زار؟ جارێکـی دیکـە، پێویسـتە لێـرەدا باسـی هەندێـک شـت بکەیـن. یەکـەم و بـەر لـە هەمـوو شـتێک، هەرچەنـدە وا دیـارە کـە زۆربـەی نووسـەرانی پەیمانـی نـوێ هەتـا ڕادەیـەک گواسـتنەوەی زانیارییەکانـی لەسـەر زار بەکارهێنـاوە، پێویسـتە لەبیـرت بـێ کـە زۆرینەیـان - وەکـو مەتـا، یۆحەنـا، پەتـرۆس، یاقـوب و یەهـوزا - شـایەتحاڵی ڕووداوەکان بـوون. جـا ئەگـەر گۆڕانـکاری لـە گواسـتنەوەی بابەتـە زارەکییـەکان ڕوویدابێـت، ئەوەیـان دەزانـی. نـەک تەنهـا ئـەوە، بەڵکـو کاتێـک بانگەشـەی عیسـا کـە فێرکردنەکانـی هەمـان دەسـەڵاتی پێغەمبەرانـی پەیمانـی کۆنـی هەیـە لەگـەڵ ئـەو ڕاستییە کـۆ دەکەیتـەوە کـە بەشـێکی زۆری فێرکردنەکانـی پارێـزراو بـوون بـە داڕشـتنێکی سـادە بـۆ ئەزبەرکـردن، هەرگیـز شـتێکی نامـۆ نییـە کـە باوەڕدارانـی سـەرەتا توانایـان هەبـووە و ویسـتوویانە لەبیریـان بمێنێتـەوە و بـۆ ماوەیەکـی زۆر وشـە بـە وشـە گوتوویانەتـەوە.

لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانـەوە، کاتێـک بابەتەکـە پەیوەسـتە بـە گێڕانـەوەی زارەکییـەوە، پێویسـتە درک بـەوە بکەیـت بیسـت و حـەوت سـاڵ هەرگیـز ماوەیەکـی زۆر درێـژ نییـە بـۆ پاراسـتنی سـەلامەتی نەریتـی گێڕانـەوە. بـا تاقیکردنەوەیـەک بکەیـن. ئـەو لایەلایـەی منداڵانـە بڵێـوە کـە نـاوی «جـاک و جیـل»ە. بەڕاسـتمە؛ دەی بـەردەوام بـە. پێویسـت نـاکات بـە دەنگـی بـەرز بیڵێیـت، بـەڵام لانـی کـەم لـە مێشـکی خۆتـدا بیڵـێ، تەماشـای هەمـوو وشـەکان بکـە لـە گۆرانـی «جـاک و جیـل». پێـم وایـە ڕەنگـە شـتێکی لـەم شـێوەیەت گوتبێت:

جاک و جیل

چونە سەر گردەکە

بۆ ئەوەی سەتڵێک ئاو بهێنن؛

جاک کەوتە خوارەوە و

سەری شکا

جیلیش بەدوایدا کەوتە خوارەوە.

دەزانیـت کـەی گۆرانـی «جـاک و جیـل» نووسراوەتـەوە؟ نەخێـر، نازانیـت. هیچ کەسـێک نازانێـت. هەرچەنـدە هێشـتا گفتوگۆیەکـی زۆر هەیـە سـەبارەت بـەم پرسـیارە! ئەوەنـدەی دەیزانیـن، کۆنتریـن بڵاوکردنـەوەی ئـەم شـیعرە لـە کتێبێـک هاتـووە بـە ناونیشـانی «ئـاوازی قـازی دایـک» یـان «لایەلایـەی سـەر بێشـکە»، لـە سـاڵی ١٧٩١ لـە لەنـدەن چاپکـراوە، نزیکـەی ٢٠٠ سـاڵ پێـش ئێسـتا. ئێسـتا بابەتەکـە ئەمەیـە: ئایـا پێشـتر ئـەم کتێبـەت بینیـوە؟ ئایـا «جـاک و جیـل»ت خوێنـدووە لـەوەی لـەم چاپـەدا خوێندبێتـەوە کـە لـە سـاڵی ١٧٩١ چـاپ کـراوە؟ دڵنیـام کـە کەسـێک هەبـووە لـە قۆناغێکـی ژیانـت فێـری کردوویـت.

سـەرباری ئـەوەش، دڵنیـام لـەوەی ئـەو کەسـەی گۆرانـی «جـاک و جیـل»ی فێرکردوویت تەماشـای ئـەم چاپـەی ١٧٩١ و هیـچ چاپێکـی دیکەشـی نەکـردووە. بێگومـان کەسـێک هەبـووە فێـری کـردووە، ئەویـش لـە کەسـێکی دیکـەوە فێـر بـووە، کـە ئەویـش خـۆی لەمێـژ بـووە لـە کەسـێکی دیکـەوە فێـر بـووە. ئەمەیـە نەریتـی زارەکـی. کەواتـە چـۆن بیـر لـە دووسـەد سـاڵی ڕابـردوو یـان زیاتـر دەکەیتـەوە وە ئـەم هەمـوو گواسـتنەوە زارەکییـە کـە دەسـتکاری و گۆڕانـکاری کـردووە لـە لایەلایـەی «جـاک و جیـل»؟ پێـت وایـە بـڕی جیاوازییەکـە چەنـدە لـە نێـوان چاپـە نوێیەکـە و چاپەکـەی سـاڵی ١٧٩١ ی زایینـی؟ بـا تەماشـایەکی بکەیـن:

جاک و جیل
چونە سەر گردەکە
بۆ ئەوەی سەتڵە ئاوەکە بهێنن
جاک کەوتە خوارەوە و
سەری شکا
جیلیش لەداوی ئەو کەوت.

ئەمـە ئـەم شـێوازەیە کـە بـە تـەواوی لـە سـاڵی ١٧١٩ چـاپ کـراوە! ئـەو شـێوازەی کـە ئەمڕۆ گۆرانـی «جـاک و جیـل» دەخوێنینـەوە هەمـان ئـەو شـێوازەیە کـە لـە سـەدان سـاڵی ڕابـردوو خوێنراوەتـەوە. ئـاوا بـا جارێکـی دیکـە بیڵێمـەوە: پاراسـتنی تەواوەتـی بابەتـەکان لـە مـاوەی تەنهـا بیسـت و حـەوت سـاڵ لـە گواسـتنەوەی زارەکـی، کارێکـی هێنـدە زەحمـەت نییـە.

بابەتەکـە لێـرەدا بـە دیاریکـراوی ئـەوە نییـە کـە گۆرانـی منداڵانـی «جـاک و جیـل» وەکـو نەریتـی زارەکـی پەیمانـی نـوێ وایـە؛ نەخێـر، وە بـەلای کـەم دەتوانیـت چەنـد جیاوازییـەک لەنێـو ئـەم دوانـەدا دیـاری بکەیـت. بـەڵام بابەتەکـە بـە سـادەیی پاراسـتنی نەریتـی زارەکییـە بـۆ ماوەیەکـی درێـژ، وەک ئـەوەی بۆمـان دیـارە کارێکـی زەحمـەت نییـە و ڕێـی تێدەچێـت.

کەواتـە بـەم دەرەنجامـە دەگەیـن: لـە کۆتاییـدا هیـچ کام لە شـێوە جیاوازەکانـی بیردۆزی "نووسـەری خـۆ هەڵخەڵەتێنـەر" نەسـەلمێنرا. وە تۆمەتـی سـەر قوتابییـەکان بـەوەی تووشـی وڕێنـەی بـە کۆمـەڵ بوونـە بـاوەڕ ناکرێـت و بـە هیـچ شـێوەیەک واتـای نییـە. بـە هەمـان شـێوەش بابەتـی تۆمەتبارکردنـی قوتابییـەکان بـەوەی تووشـی نەخـۆشی ئـارەزووی خـۆش بوونـە. لـە کۆتاییـدا، بـەو پێیـەی شـایەتحاڵی ڕووداوە ڕاستییەکان بوونـە، نەبووتـە قوربانـی گواسـتنەوەی زارەکـی دەسـتکاریکراو کـە تەنهـا بیسـت و حـەوت سـاڵ کـۆن بـووە.

### بە تەواوی سەرت لێ شێواوە؟

نووسـەرانی دەقـی پەیمانـی نـوێ چیرۆکێکـی ئەندێشـەییان نەنووسـیوە، وە هەوڵیشـیان نـەداوە هەڵـمان بخەڵەتێنـن، هەروەهـا خۆشـیان هەڵنەخەڵەتانـدووە یـان وڕێنەیـان نەکـردووە. بەمـە دواییـن ئەگـەر دەمێنێتـەوە، ئەویـش ئەوەیـە ئامانجـی نووسـەرەکان

لـە کۆتاییـدا گرنـگ نەبـووە؛ وە هـۆکاری گرنـگ نەبوونـی ئەوەیـە کـە تەنانـەت ئەگـەر هەوڵیشـیان دابێـت ئـەوەی ڕوویـداوە بـە وردی پێـمان بگەیەنـن، نووسـینەکانیان سـەرمان لـێ دەشـێوێنن و دژ بـە یەکـە و پـڕە لـە هەڵـە بـە ڕادەیـەک ناتوانیـن متمانەیـان پـێ بکەیـن.

ڕەنگـە گرنگتریـن شـت بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم تۆمەتـە بریتـی بێـت لـەوەی کـە ئەمـە بیرۆکەیەکـی هەڵەیـە لـەلای زۆرێـک لەوانـەی کـە تەماشـای بەڵگەکانیـان نەکـردووە. ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی هـەر چەنـدە کتێبـی پیـرۆز زیاتـر لـە دووسـەد سـاڵ لـە لایـەن گومانکەرانـەوە تووشـی هێرشـی درێژخایـەن بووەتـەوە، لۆژیکییـە بڵێـی کـە هەمـوو دژیەکیـی و هەڵەیـەک بەلانـی کـەم وەڵامێکـی قایلکـەر یـان زیاتـری هەیـە. دەزانـم ئەمـە بانگەشـەیەکی گـەورە و زەبەلاحـە، وە باشـترین ڕێـگا بـۆ سـەلماندنی پێویسـتی بـە سـەدان لاپەڕەیـە بـۆ دروسـتکردنی پوختەیـەک لـە «کێشـە و گرفتـەکان» وەک ئـەوەی دانـراوە، ئینجـا شرۆڤەکردنـی بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئاخـۆ چارەسـەری قبوڵکـراو هەیـە یـان نـە. لـە ڕاسـتیدا لێـرە ئـەم کارە ئازایانـە ناکەیـن، چونکـە زۆر کتێبـی دیکـە چەندیـن جـار بـەم کارە هەسـتاون. ئەگـەر سـەرت لـێ شـێوا لـە چەنـد ڕاسـتییەکی نێـو کتێبـی پیـرۆز، هانـت دەدەم یەکێـک لـەو کتێبانـە بخوێنیتـەوە. بـەدوای کێشـەکەدا بگـەڕێ یـان لەسـەری بخوێنـەوە؛ بـە خوێندنەوەیەکـی ئـارام و تێگەیشـتنێکی ورد زۆربـەی کێشـە ئاڵـۆزەکان چارەسـەر دەبێـت.

لـە لایەکـی دیکـەوە، ئەگـەر تـۆ ئـەو کەسـەی کـە ئـەم تۆمەتـە دەخەیتـە پـاڵ کتێبـی پیـرۆز، بـا بـە ڕاشـکاوی قسـە بکـەم: پێـم وایـە کـە تـۆ بەرپرسـیاریەتییەکی هزریـت لەسـەر شـانە، یـان ئـەوەی ڕابوەسـتیت لـەو تۆمەتـە یانیـش بەرهەمـی کۆششـی بـاوەڕی بیرمەدانـی مەسـیحییە باشـەکان بخوێنیتـەوە کـە کاریـان کـردووە لەسـەر داڕشـتنی چارەسـەری قبوڵکـراو، بـۆ دژیەکـی و هەڵـەکان کـەوا گومانکـەران پێیـان وایـە هەیـە. لـە کۆتاییـدا، مـن دەزانـم کـە هەمـوو ئـەم کارە تـەواو قەناعەتـت پـێ ناهێنـێ. ڕەنگـە دوور بکەویتـەوە لـە کاتێکـدا هێشـتا زۆر پرسـیار لـە مێشـکتدا هەبێـت، ئەوەش شـتێکی ئاسـاییە. بـەڵام دووپاتـی دەکەمـەوە، ئەگـەر تـۆ ئـەم کارە بکەیـت، ئـەو کاتـە وەڵامـی قایلکـەرت دەسـت دەکەوێـت. بـەڵام ئـەوەی کـە نابێـت ئەنجامـی بدەیـت پێداگرییـە لەسـەر ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز دژیەکـی تێدایـە و پـڕە لـە هەڵـە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا ڕەتـی بکەیتـەوە کارێکـی پێویسـت ئەنجـام بدەیـت بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی بانگەشـەکەت. بۆیـە، سـەرەتا لـە بابەتەکـە دڵنیـا بـەوە. ڕەنگـە سەرسـام بیـت بـەوەی کـە دەیدۆزیتـەوە.

لە ڕاستیدا، ڕوون بووەوە کە هەموو ئەو دژیەکییەی گوایا هەیە و گومانکەران وروژاندوویانە نابنە گرفت کاتێک کە زیاتر بە وردی دەیانخوێنیتەوە. سەرباری تێپەڕینی دوو سەدە لە ڕەخنەی توند، زانایان بڕیاری لۆژیکییان داوە بۆ هەریەک لەو دژیەکییانەی گوایا هەیە. ئیتر پێویستت بە هیچ نییە جگە لە پاکی هزری بۆ تەرخانکردنی کاتێکی پێویست بۆ خوێندنی لە کتێبێکدا.

بەڵام ئەی ئەگەر باوەڕت نەبێت بە هیچ یەک لە شرۆڤەکان، تەنانەت لەدوای خوێندنی بە وردیش؟ پێویستە لە خۆت بپرسیت: «ئایا دەرخستنێکی ڕووکەشی لە گێڕانەوەکان بە گوێرەی پێویست ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ ڕووی نەداوە، یان ئێمە ناتوانین هیچ شتێک سەبارەت بەوەی ڕوویداوە بزانین؟» یان: مەبەستمان چییە لەوەی دەڵێین: «مەتا پێمان دەڵێت دوو ژن لەسەر گۆڕە بەتاڵەکەی عیسا بوون، لە کاتێکدا لۆقا ئاماژەی بە سێ ئافرەت یان زیاتر کردووە لە گۆڕە بەتاڵەکە. ڕوونە کە ئێمە ناتوانین بزانین لەو بەیانییەی ڕۆژی شەممەدا چی ڕوویداوە». بە دڵنیاییەوە ئەوە ناڵێیت! ئاماژەکردن بۆ چەند جیاوازییەکی ڕووکەش لە وردەکاری گێڕانەوەکانی شایەتحاڵەکان زۆر واتای هەیە، بەڵام هەرگیز واتای ئەوە نییە کە هیچ ڕووینەداوە، هەروەک واتای ئەوەش نییە کە ئێمە ناتوانین بزانین چی ڕوویداوە.

پرسیاری پەیوەست بە ژمارەی ئەو ژنانەی لە گۆڕە بەتاڵەکەی عیسا بوون، بە سانایی نموونەیەکی باشمان پێدەدات لەسەر چۆنیەتی هاوسەنگی لەنێو جیاوازییە ڕووکەشەکان. مەتا بانگەشەی ئەوە ناکات کە تەنها دوو ئافرەت چوونە ئەوێ؛ بەڵام تەنها ناوی دوو ئافرەتی هێناوە (مەتا ٢٨: ١). هەروەها لۆقا باسی ژمارەی ئافرەتەکانی نەکردووە کە چوونەتە لای گۆڕەکە، بەڵام ناوی سێ ئافرەتی هێناوە، هەروەها "ئەوانی دیکەی لەگەڵیان بوون" (لۆقا ٢٤: ١٠). کەواتە، لێرەدا چی ڕوودەدات؟ ئایا مەتا و لۆقا دژ بە یەکترن؟ نەخێر، ئەگەر کەمێک بیری لێ بکەیتەوە، چەند ئەگەرێکت بۆ دەردەکەوێت. ڕەنگە لۆقا وێنەیەکی گشتگیرتر پێشکەش بکات دەربارەی ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە چوونەتە سەر گۆڕەکە، لە کاتێکدا مەتا لەنێو کۆمەڵێک کەسدا بە دیاریکراوی ناوی دوو ئافرەت دەهێنێت. یان ڕەنگە لە ڕاستیدا تەنها دوو ئافرەت چووبن بۆ سەر گۆڕەکە، بەڵام کاتێک گەڕاونەتەوە بە ئافرەتەکانی دیکەیان گوتووە، پاشان کۆمەڵە ئافرەتەکە پێکەوە ئەو هەواڵەیان بە قوتابییەکان گوتبێت. لە هەردوو بارودۆخدا، دەتوانین بگەینە ئەم پوختەیە: دەتوانین چەندین چارەسەری لۆژیکی

دووبـارە بکەینـەوە بـۆ جیاوازییـە ڕووکەشـییەکان، وە پێویسـتە پەلـە نەکەیـن لـە دەرکردنـی بڕیـاری «دژیەکـی!»

تەنانـەت ئەگـەر قووڵـتر ببینـەوە، لـە ڕووی مێژووییـەوە، ئـەو ڕاسـتییەی کـە ئامـاژە بـە جیـاوازی و دژیەکـی ڕووکـەش لـە گێڕانـەوەکان کـراوە، خـۆی بەڵگەیەکـە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی. هـەروەک یەکێـک لـە زانـاکان دەڵێـت:

> چیرۆکـەکان بـە دیاریکـراوی ئـەو گرژییـە ڕووکەشـە پیشـان دەدەن کـە پەیوەنـدی نییـە بـە چیرۆکێـک کـە کەسـانێکی پـەرۆش بـە لێهاتووییـەوە نووسـیویانە بـۆ پاراسـتنی ئەندێشـە و پاشـان مکوڕبوونیـان لەسـەر ئـەوەی وا بکـەن هەمـوو شـتێک بـە باشـی بەدەربکەوێـت، بەڵکـو لەگـەڵ گێڕانەوەیەکـی خێـرا و سەرلێشـێوێن لەلایـەن ئـەو کەسـانەی کـە بـە چـاوی خۆیـان هەندێـک شـتیان بینیـوە کـە سەرسـامی کـردوون و هێشـتا تـەواو لێـی تێنەگەیشـتوون.[a]

لـە کۆتاییـدا، هۆکارێکـی زۆر لۆژیکییـە بگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز دژیەکـی تێـدا نییـە، یـان گومانـی لـێ ناکرێـت، یـان پـڕ نییـە لـە هەڵـە هـەروەک ئـەو کەسـانەی زانیارییـان کەمـە پێیـان وایـە. تەنانـەت لـە وردەکاری چەنـد چیرۆکێکـی دیاریکـراو کـەوا ڕاسـتەوخۆ پێکـەوە ناگونجێـن، ئـەم بەڵگەیـە ئـەوە ناگەیەنێـت کـە ڕادەسـت بیـن و بڵێیـن هیـچ ڕووی نـەداوە. لـە ڕاسـتیدا، ئەمـە جۆرێـک خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی زیـاد دەکات بـۆ سەرگوزەشـتەی ژیانـی عیسـا لـە کاتێکـدا چەنـد شـایەتحاڵێک شـایەتی دەدەن بـۆ ڕوودانـی ڕووداوێکـی تایبـەت، بـۆ ئـەوەی چیرۆکێکـی ئەندێشـەیی نەگێڕنـەوە، نـەک بـە ئامانجـی هەڵخەڵەتانـدن و هەڵبەسـتنی درۆیـەک، بـە سادەیی بەڵکـو بـۆ ئـەوەی ئەوەمـان پـێ بڵێـن کـە پێیـان وابـووە بەڕاسـتی ڕوویـداوە.

## ساتە گەورەکە

باشـە، ئەمـە سـاتێکی گرنگـە. بۆیـە هەناسـەیەکی قـووڵ هەڵبمـژە و دووبـارە وەرەوە نێو

a N. T. Wright, The Resurrection of the Son of God, vol. 3 of Christian Origins and the Question of God (Minneapolis: Fortress, 2003), 612

بابەتەکە! ئێستا دەتوانین بگەینە دەرەنجامێکی زۆر گرنگ. دەتوانین بە دڵنیاییەکی زۆرەوە بڵێین...

کتێبی پیرۆز لە لایەنی مێژووییەوە متمانەپێکراوە.

ئایا بەبیرت دێت کە چۆن گەیشتینە ئێرە؟ لە خۆمانەوە وەکو خوێنەر دەستمان پێ کرد و چووین بۆ سەردەمی تۆمارکردنی ڕووداوەکان، ئیتر بڕیارمان دا کە دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین:

١. وەرگێڕانی دەقەکانی کتێبی پیرۆز ورد و دروست ئەنجام دراون.

٢. دەقەکانی کتێبی پیرۆز بە وردی ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە لە دەستنووسە ڕەسەنەکاندا هاتووە.

٣. ئێمە ڕاسترین و باشترین دەقمان لەبەردەستدایە بۆ دەستخستنی زانیاری.

٤. نووسەرانی کتێبی پیرۆز شتێکی ئەندێشەییان نەنووسیوە و ئێمەیان هەڵنەخەڵەتاندووە، هەروەها خۆشیان هەڵنەخەڵەتاندووە یان وڕێنەیان نەکردووە، بەڵکو ئەو دەقانەیان نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێن کە ئەوەی باوەڕیان پێی هەیە بەڕاستی ڕوویداوە.

ئەگەر ئەو چوار خاڵە دەرەنجامێکی لۆژیکین، ئەو کاتە دەتوانین متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین بۆ ئەوەی پێمان بڵێت کە نووسەرەکان بە ڕاستی باوەڕیان بە چی هەبووە.

ئەمەش لەگەڵ کۆتا پرسیار بەجێمان دەهێڵێت: ئایا دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە نووسەرەکان پێیان وابووە ڕوویداوە... ئەوەیە کە بەڕاستی ڕوویداوە؟

# بەشی شەشەم

## کەواتە، ڕوویدا؟

لەوانەیە پێویست نەکات هەوڵ بدەم قەناعەتت پێ بهێنم کە خەڵکی هەندێک کات زۆر دڵنیان لەسەر شتێک، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت شتەکە تەواو هەڵە بێت. ناتوانم پێت بڵێم کە چەندین جار لە ژیانی خۆمدا دڵنیا بوومە لەوەی کە ڕوودانی شتێکم بینیوە، پاشان بۆم دەرکەوتووە کە ئەوەی من پێم وابووە بینیومە هەرگیز ڕووی نەداوە.

ئەمە کۆتا کێشەیە کە پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە لە بابەتی گەڕان بەدوای ڕاستگۆیی کتێبی پیرۆزدا. ئایا ڕێی تێدەچێت کە نووسەرانی کتێبی پیرۆز ویستبێتیان پێمان بڵێن کە چی ڕوویداوە، بە شێوەیەک کە خۆیان باوەڕیان بەو شتانە کردووە کە تۆماریان کردووە و بەڕاستی ڕوویانداوە، بەڵام لەبارەیەوە هەڵە بووبن؟ مەبەستم ئەوە نییە ئەوان هەڵخەڵەتێنراون یان هەوڵیان داوە فێڵێک دابهێنن یان چیرۆکێکی ئەندێشەیی بنووسنەوە بەڵکو - هەروەک هەموومان جاربەجار تووشی دەبین - ئەمە تەواو هەڵە بێت؟ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی وردتر پرسیارەکە دابڕێژین، دەپرسین ئایا دەتوانین بە هیچ شێوەیەک دڵنیابین لەوەی نووسەرەکانی کتێبی پیرۆز ڕاستیان نووسیوە دەربارەی ئەوەی ڕوویداوە – یان، ئەو شتانەی کە پێیان وابووە ڕوویداوە و ئەوەی گوتوویانە ڕوویداوە، بەڕاستی ڕوویداوە؟[a]

نەخێر، مەحاڵە دڵنیابیت لە ڕوودانی شتێک بە دڵنیاییەکی بیرکارییانە. بەڵام پێویستە لەبیرمان بێت کە ئێمە هەرگیز ناتوانین بگەین بە دڵنیایی بیرکارییانە کاتێک بابەتەکە ڕووداوی مێژووییە. لەنێوان تۆ و هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە ڕاستەوخۆ نەتبینیوە، کەلێنێک هەیە کە هیچ لۆژیک و بیرکردنەوە و هاوکێشەیەکی کاریگەر، تەنانەت کۆمەڵێک بەڵگەش ناتوانن بە تەواوی پڕی بکەنەوە. هەمیشە

a بۆ ئەم بەشە، بە دیاریکراوی پشتم بەم کتێبە بەستووە:
Craig L. Blomberg, Can We Still Believe the Bible? An Evangelical Engagement with Contemporary Questions (Grand Rapids, MI: Brazos, 2014); N. T. Wright, The Resurrection of the Son of God, vol. 3 of Christian Origins and the Question of God (Minneapolis: Fortress, 2003).

ئەگەرێک دەمێنێتـەوە - هەرچەنـدە کەمیش بێـت بـەڵام هـەر هەیـە - کـە ڕەنگـە ئێمـە دەربـارەی هەمـوو شـتێک هەڵـە بیـن. جارێکیـان کەسـێک ئامـاژەی بـە کەلێنـی دڵنیایـی کـرد وەک «چاڵێکـی فـراوان و ناشـیرین»[a] وە ژمارەیەکـی کـەم لـە خەڵکـی کـە تەماشـای نـاو ئـەم چاڵـە دەکـەن، ڕادەسـت دەبـن و ڕایدەگەیەنـن کـە پێویسـتە متمانـە بـە هیـچ بانگەشـەیەکی مێژوویـی نەکەیـن. بـەڵام ئـەم هەڵوێسـتە تونـدڕەوە دەمانخاتـە نـاو بـێ متمانەییەکـی تاریکـی مێژووییـەوە، وە هیـچ کەسـێکمان نییـە کـە بیەوێـت بـەم شـێوەیە بژییـت – یـان تەنانـەت توانـای هەبێـت بـۆ ئـەوەی ئەمـە بـکات. نەخێـر، ئێمـە هەموومـان دەزانیـن تەنانـەت ئەگـەر نەتوانیـن بگەیـن بـە دڵنیایـی بیرکارییانـە دەربـارەی ڕووداوەکانی مێـژوو، ئـەوا دەتوانیـن بگەیـن بـە متمانـەی مێژوویـی دەربـارەی بابەتـەکان - ئاسـتێکی بـەرز لـە متمانـە بـۆ ئـەوەی بڵێیـن، «بەڵـێ، مـن تـەواو لـە ڕوودانـی ئەمـە دڵنیـام»، ئینجـا بەگوێـرەی ئـەو ڕووداوانـە بژیـن و پشـتی پـێ ببەسـتین و لەگەڵـی مامەڵـە بکەیـن.

کەواتـە ناتوانیـن مێـژوو بـە دڵنیاییـە بیرکارییـەکان بگۆڕینـەوە. لـە ڕاسـتیدا مێـژوو بـەدوای دڵنیاییـدا ناگەڕێـت. بەڵکـو بـەدوای ئەگەرەکانـدا دەگەڕێـت کـە لـە کۆتاییـدا دەبێتـە دڵنیایـی سـەبارەت بـە ڕوودانـی هـەر ڕووداوێـک. بۆیـە مێژوو بـۆ هـەر ڕووداوێکی دیاریکـراو، سـەرەتا سـەبارەت بـە سـەرچاوەکە و چەندێتـی دڵنیایـی لـە سـەرچاوەکە کـە ئـەو ڕووداوەی تۆمـار کـردووە پرسـیار دەکات، بـە بەکارهێنانـی ئـەو پرسـیارانەی کـە سـەبارەت بـە کتێبـی پیـرۆز کردمـان. وە کاتێـک ڕاسـتگۆیی سـەرچاوەکە پشتڕاسـت کرایەوە، ئـەم پرسـیارە دەکرێـت: "باشـە، ئایـا لۆژیکییـە کـە بیـر بکەینـەوە لـەوەی ئـەوەی لـەم سـەرچاوەیە بـاس کـراوە بەڕاسـتی لـە مێـژوودا ڕوویـداوە؟" هـەردەم، وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـە خێرایـی دەدرێتـەوە: "بەڵـێ، بابەتێکـە ڕێـی تێدەچێـت". ئەگـەر لـە سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکـراو نـووسرا کـە سـوپایەکی ئـاوا و ئـاوا بـەم چەشـنە پەڕینـەوە لـە ڕووبارێکـی ئـاوا. ئەگـەر شـتێکی ئاسـایی نەبێـت بـۆ بـاوەڕ نەکـردن بـەم پەڕینەوەیە؛ وە ئەگـەر هیـچ بەڵگەیەکـی دیکـە نەبێـت گومـان دروسـت بـکات لـە پەڕینـەوەی ئـەم سـوپایە لـە ڕووبـار، ئـەو کاتـە بـە ئاسـایی دەڵێیـن، «بەڵـێ، بەڕاسـتی سـوپایەک لـە ڕووبارەکـە پەڕییـەوە». ئەمـە دڵنیاییەکـی بیرکارییانـە نییـە، بـەڵام دڵنیاییەکـی مێژوویـی بەهێـزە.

---

a Gotthold Ephraim Lessing, "On the Proof of the Spirit and of Power," in Philosophical and Theological Writings, ed. H. B. Nisbet, Cambridge Texts in the History of Philosophy (Cambridge: Cambridge University Press, 2005), 87.

## کێشەی پەرجووەکان

کێشـەی کتێبـی پیـرۆز ئەمەیـە. وایـە، باسـی چیرۆکـی ئـەو سـوپایە دەگێڕێتـەوە کـە لـە ڕووبارێـک پەڕینـەوە - بـەڵام لـەدوای ئـەوەی خـودا ڕووبارەکـەی شـەق کـرد بـۆ دوو لا، ئیـتر سـوپایەکە توانـی بەسـەر وشـکانیدا بـڕۆن! هەروەهـا باسـی چیرۆکـی پیاوێـک دەگێڕێتـەوە کـە لـە ساتێکدا ئـاو دەگۆڕێـت بـۆ شـەراب، بەسـەر ڕووی دەریـادا دەڕوات، بـە وشـەیەک خەڵکـی چـاک دەکاتـەوە، تەنانـەت لـەدوای سـێ ڕۆژ لـە مردنـی، زینـدوو دەبێتـەوە. هەمـوو ئەمانـە چیـمان دەدەنـێ؟ بـا ڕاسـتگۆ بیـن. کاتێـک سـەرچاوەیەکی مێژوویـی دەسـت دەکات بـە باسـکردنی شـتی لـەم چەشـنە، تەنانـەت ئەگـەر دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە ڕاسـتگۆ و متمانەپێکـراوە، ناتوانیـن بـە ئاسـایی پێشـوازی لـەم چیرۆکـە بکەیـن وەک ئـەوەی کـە دەڵـێ سـوپایەک لـە ڕووبـار پەڕینـەوە. بـە شـیمانەیەکی زۆر دەڵێـن: ”ناشـێت بـاوەڕت بـەو شـتانە بێـت؟“

بۆچـی وەڵامێکـی لـەو چەشـنە دەدەینـەوە؟ باشـە، ڕەنگـە چەنـد شـتێک هەبێـت کـەوا کاریگـەری بـکات لـە گومانکردنـی سروشـتیمان دەربـارەی چیرۆکەکانـی پەرجـوو، بـەڵام بـە بـاوەڕی مـن، ئاشـکراترینیان هـاوکات گرنگترینیایـە. ئـەو کەسانەی گومـان لـە پەرجـوو دەکـەن، ئەوانـەن کـە تاقییـان نەکردووەتـەوە. ئەمـەش شـتێکی نامـۆ نییـە؛ هەمووکـان دەبینیـن کـە زەحمەتـە بـاوەڕ بـەو شـتانە بکەیـن لـە سـنووری ئەزموونـی ئێمـەدا نییـە.

لێـرەدا باسـی نموونەیـەک دەکـەم کـە زۆر بەکاردێـت: بیـر لـە پیاوێـک بکەوە کـە زۆربەی ژیانـی لەسـەر دوورگەیەکـی هێڵـی کەمەرەیـی، دوور لـە کارەبـا و تەکنەلۆژیـا تێپەڕانـدووە. ڕۆژێکیـان، کەشـتی‌یەک دێـت بـۆ ئـەو دوورگەیـە و کەشـتیوانەکان بـە پیاوەکـە دەڵێـن کـە کـە ئـەوان خەڵکـی وڵاتێکـی دوورن لـە باکـور. لـەدوای ئـەوەی دەسـت دەکـەن بـە قسـەکردن، باسـی مادەیەکـی سەرسـوڕهێنەر بـۆ پیاوەکـە دەکـەن کـە پێـی دەگوترێـت سـەهۆڵ، کـە ئـاوە بـەڵام سـارد بـووە و وەک بـەرد ڕەق بـووە. ئێسـتا هاوڕێکەمـان کـە لـەو دوورگەیـەی سـەر هێڵـی کەمەرەیـی گـۆی زەوی دەژییـت و هەرگیـز لـە ژیانیدا بەفـری تاقی نەکـردووە، وە ئـەو سەرمایەشـی نەبینـوە کـە سـەهۆڵ دروسـت بـکات، ناتوانێـت بـاوەڕ بـکات بـەوەی کـە بەڕاسـتی ئـاو دەگۆڕێـت بـۆ بەردێکـی سـارد. هەروەهـا دەڵێـت کـە ئەمـە مەحاڵـە ڕووبـدات، وە کەشـتیوانەکانیش یـان گەمـژەن یانیـش درۆزن. هۆکارەکـەی ئەوەیـە کـە سـەهۆڵ لـە دەرەوەی سـنووری ئەزموونـی ئـەوە، ئیـتر ئـەو بـاوەڕی پـێ نییـە.

بەڵام سەهۆڵ هەیە.

کاتێـک باسـەکە دێتـە سـەر پەرجـوو، پێـم وایـە زۆرێـک لـە ئێمـە وەک ئـەو پیاوەیـن کـە لەسـەر دورگەکـە دەژی. هەرگیـز لـە ژیانمانـدا کەسـێمان نەبینیـوە لەسـەر ئـاو بـڕوات یـان ئـاو بگۆڕێـت بـۆ شـەراب یـان لـەدوای مردنـی هەسـێتەوە، بـەم شـێوەیە گریمانـەی ئـەوە دروسـت دەکەیـن کـە ئـەم شـتانە ڕوویـان نـەداوە - یـان ناکرێـت ڕووبـدەن. بـەڵام تاقیکردنـەوە و نەبینینـی پەرجـوو واتـای ئـەوە نییـە کـە ڕاسـت نیـن و پێویسـتە نکۆڵـی لـێ بکەیـن، وەک چـۆن گەمژانەیـە نکۆڵـی لـە بوونـی سـەهۆڵ بکەیـن، لەبـەر ئـەوەی پیاوەکـەی سـەر دوورگەکـە هەرگیـز نەیبینیـوە. لـە ڕاسـتیدا، بۆ کەسـێک ئەزموونـی هەبووە لەگـەڵ پەرجـوو، کـە ملیۆنـان کـەس هـەن لـە جیهـان دەڵێـن ئـەوان ئەزموونیـان هەبـووە لەگـەڵ پەرجـوو، ئـەو پرسـیارەی کـە دەڵـێ داخـوا پەرجـوو ڕێـی تێدەچێـت، پرسـیارێکی گەمژانەیـە. دەڵێـن «پەرجـوو هەیـە، زۆر پەرجـووم بینیـوە». بـە دڵنیاییـەوە دەکرێـت وەکـو ئـەو پیـاوەی دوورگەکـە پێداگـری بکەیـت لەسـەر ئـەوەی هەمـوو ئـەم پیاوانـە گەمـژە و درۆزنـن، بـەڵام ئـەوان سـەریان دەلەقێنـن و بـە خەندەیەکـەوە دەڵێـن: «هـاوڕێ، هیـوادارم ڕۆژێـک لـە ڕۆژان تـۆش تامـی بکەیـت."

دەبینیـت؟ هەمـوو ئەوانـە بـۆ ئەوەیـە بڵێیـن کـە ناتوانیـت هەبوونـی پەرجـوو ڕەت بکەیتـەوە – ئینجـا کتێبـی پیـرۆز- لەسـەر بنەمـای بـوون یـان نەبوونـی توانـای ئەزموونـی کەسـیی خـۆت. هەندێـک کـەس ئەزموونـی جیـاوازە لـە تـۆ، وە بـە ناڕاسـت زانینـی هـەر ئەزموونێـک کـە جیـاواز بێـت لـە هـی تـۆ، لووتکـەی لووتبـەرزی و خـۆ بەگـەورە زانینـە. لەبـەر ئـەوە، ئەگـەر تـۆ ڕایدەگەیەنیـت کـە پەرجـوو لـە بنەڕەتـدا ناکرێـت بـاوەڕی پـێ بکرێـت، دەبێـت هۆکارێکـی باشـت هەبێـت بـۆ ئـەوە.

## ئەو بۆچوونانەی دژی پەرجوون – ڕەخنەی زانستی

چەندیـن سـەدەیە کـە خەڵکـی دوو بۆچوونـی سـەرەکی دەهێننـەوە – بەوەشـەوە کـە نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز باسـیان کـردووە – بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنن کـە پەرجـوو شـایانی بـاوەڕ پێکـردن نییـە و بگـرە مەحاڵیشـە. بـا سـاتێک ڕاوەسـتین و بیـر لـە هەریەکەیـان بکەینـەوە.

یەکـەم، هەندێکیـان لـە هەمـوو جـۆرە پەرجووێـک ڕەخنـە دەگـرن. ئـەو ڕەخنەیـە دەڵێـت پێشـکەوتنی زانسـت و بـە تایبەتـی لـە دوو سـەدەی ڕابـردوودا، سـەلماندوویەتی کـە پەرجـوو مەحاڵـە ڕووبـدات. دەڵێـن خەڵکـی لەبـەر ئـەوە باوەڕیـان بـە پەرجـوو کـردووە

چونکە نەیانزانیوە جیهان چۆن کار دەکات، بەو هۆیەوە بە شتێکی سەرووسروشتیان زانیوە. ئەوان کەلێن و بۆشاییان هەبووە لە تێگەیشتنیان لە زانستی زیندەوەرزانی و ئەستێرەناسی و کیمیازانی و ژینگەناسی، ئەو بۆشاییانەیان بە ڕاگەیاندنی پەرجوو پڕ کردووەتەوە. بەڵام ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەی زانست زۆرێک لەو بۆشاییانەی پڕ کردووەتەوە کە پەرجوو دایدەخست، ئێمە دەتوانین بڵێین کە پەرجوو پێویست نییە، لەبەر ئەوە لە ڕاستیدا ڕوونادات.

بەڵام ئایا شتەکە ئەوەندە ئاسانە؟ مەبەستم، تەنانەت گریمانەی یەکەم، کە دەڵێ خەڵکی باوەڕیان بە پەرجوو هەبووە، تەنها لەبەر ئەوەی وەک ئێمە تێنەگەیشتوون لەوەی جیهان چۆن کار دەکات، ئەمە بە باشی پەیڕەو نابێت لەسەر زۆربەی ئەو پەرجووانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا باس کراوە. ئیتر لە کۆتاییدا، تەنانەت خەڵکی لە سەردەمەکانی کۆندا زانیارییەکی باشیان هەبووە لەسەر ئەوەی دروستبوونی کۆرپەلە پێویستی بە بوونی دوو کەس هەیە، ئەگەر هەوڵ بدەیت بەسەر ئاودا بڕۆیت ئەوا نقوم دەبیت، هەروەها مردووان جارێکی دیکە هەڵناستنەوە! بەڵام نووسەرانی کتێبی پیرۆز گوتوویانە کە، «ئەو شتانە ڕوویانداوە. ئێمە بینیمان». لە سەرووی هەموویەوە، لەگەڵ هەموو ئەو زانیاریانەی ئێستا هەمانە، هێشتا ناتوانین ئەو شتانە ڕوون بکەینەوە کە بینیمان بە شێوەیەکی باشتر لەوەی ئەوان ڕوونیان کردووەتەوە. واتا، بابەتەکە وەک ئەوە نییە کە ئێمە دەتوانین بە نووسەرەکان بڵێین «گاڵتەتان بە ئەقڵی خەڵک کرد. ئایا نازانن لە ڕاستیدا ئەمە هەرگیز پەرجوو نەبووە کە پیاوێک لەسەر ئاو بڕوات؟ ئەگەر ئێوە یاساکانی فیزیا و بیردۆزی ڕێژەییتان بزانیبا، هەروەک ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین، ئەو کاتە تێدەگەن کە ڕۆیشتن لەسەر ئاو دیاردەیەکی تەواو سروشتییە و پێویست بە سەرسامی ناکات. هەروەها تەنانەت ئەوەی کە منداڵێک لە کچێکی پاکیزە لەدایک دەبێت، یان پیاوێک ڕەشەبا هێور دەکاتەوە یان بە وشەیەک نەخۆش چاک دەکاتەوە، یان پیاوێک لە مردن هەڵدەستێتەوە شتگەلێکی هێندە گرنگ نین. زانست دەتوانێت ئەوانەش ڕوون بکاتەوە". نەخێر، لە ڕاستیدا زانست هەرگیز نەیتوانیوە سەرسامیی ئەو ڕووداوانە بۆ ئێمە کەمتر بکاتەوە.

لە مەبەستی من تێدەگەیت؟ کێشەی گوتنی ئەوەی کە زانست گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دەتوانێت پەرجووەکان بە شێوەیەکی سروشتیانە شرۆڤە بکات، تەنانەت ئەوانەی لە ئینجیلیشدا هاتوون، ئەوەیە کە زانست ئەمەی نەکردووە، لە ڕاستیدا ئەو

پەرجووانـەی شرۆڤـە نەکـردووە کـە لـە کتێبـی پیـرۆزدا تۆمـار کـراون. وە ناشـتوانێت ئەمـە بـکات. کەواتـە بۆچـی دەبێـت بـاوەڕ بـەم بانگەشـە بەربـڵاوە بکەیـن کـە دەڵێـت زانسـت بـە شـێوەیەک سـەلماندوویەتی کـە ئـەو شـتانە بـە هیـچ شـێوەیەک ناکرێـت ڕووبـدەن؟

وەڵامەکـەی ئەوەیـە کـە نابێـت بـاوەڕی پـێ بکەیـن. بـە ڕاشـکاوی، ئـەم ڕەخنەیـە سـنووری خـۆی تێپەڕانـدووە. بابەتەکـە ئـەوە نییـە کـە زانسـت سـەلماندوویەتی کـە ئـەوەی لـە سـەرووی سروشـتە ڕوونـادات و ناکرێـت ڕووبـدات. زۆر شـت هەیـە کـە لـە گـەردوون ڕوودەدەن، زانسـت ناتوانێـت ڕوونـی بکاتـەوە. بـە هەڵـە لێـم تێمەگـەن. مـن ناڵێـم هـەر شـتێک زانسـت نەتوانێـت ڕوونـی بکاتـەوە لـە سـەرووی سروشـتە. نەخێـر، زانسـت پێشـدەکەوێت، وە لـە داهاتـوودا وەڵامـی زۆرێـک لـە پرسـیارەکان دەداتـەوە کـە لەئێسـتادا ناتواندرێـت وەڵام بدرێتـەوە. بـەڵام هیـچ زانایـەک بـە لەبەرچاوگرتنـی بەڵێـن و سنوورداریی زانسـتەکەی - بـە تایبەتـی لەگـەڵ دواییـن پێشـکەوتنەکان لـە بوارەکانـی وەکو فیزیـای چەندێتـی، گەردوونناسـی، تەنانـەت زیندەوەرزانیـش - ناتوانێـت بڵێـت: ”گەردوون بەتـەواوی ڕوون دەکرێتـەوە“. لـە ڕاسـتیدا، زانـای لـەم شـێوەیە دەڵێـت: ”دەزانـی چـی، هەتـا شـتی زیاتـر بدۆزینـەوە، زیاتـر درک بـە نەزانیـی خۆمـان بکەیـن، وە ئـەوەی کـە ڕەنگـە چەنـدە شـتەکان لـە سـەرووی تێگەیشـتنی ئێمـەوە بـێ.»

لەگـەڵ ئەوەشـدا، پرسـیاری هەبوونـی پەرجـوو لـە کۆتاییـدا دەگاتـە ئـەو پرسـیارەی ئاخـۆ خـودا هەیـە یـان نـە؟ ئەگـەر خـودا هەبێـت، کەواتـە دەکـرێ پەرجـووش هەبێـت. بـەڵام هەمـووان هـاوڕان سـەبارەت بـەوەی کـە زانسـت توانـای ئـەوەی نییـە کـە بوونـی خـودا تاقـی بکاتـەوە. هەرگیـز ناتوانیـت بوونـی خـودا بسـەلمێنیت، لەبـەر ئـەوە ناتوانێـت ئـەوەش بسـەلمێنێت کـە پەرجـوو مەحاڵـە. لـە ڕوانگـەی ئەمـەوە، وا دیـارە کـە ڕاگەیاندنـی بێباکـی و لووتبـەرزی کـە گوێبیسـتی بـووم لـە خوێنـدکارە نوێیەکانـی پسـپۆڕییە زانسـتییە جیـاوازەکان کاتێـک گوتیـان کـە «زانسـت سـەلماندوویەتی کـە ئـەو شـتانەی لـە سـەرووی سروشـتن ناکرێـت لـە ڕاسـتیدا ڕووبـدەن» بـوو بـە بابەتێکـی شـەرمەزارکەر.

### ئەو بۆچوونانەی دژی پەرجوون - ڕەخنەی فەلسەفی

دووەمیـن بەرهەڵسـتی لـە دژی ئەگـەری ڕوودانـی پەرجـوو، ڕەخنەیەکـی فەلسـەفییە. ئـەم ڕەخنەیـە دەڵێـت کـە تەنانـەت ئەگـەر زانسـتیش نەتوانێـت مەحاڵیـی پەرجـووەکان بسـەلمێنێت، پێویسـتە بڵێیـن کـە ئەگـەری ڕوودانـی پەرجـووەکان لـە ڕاسـتیدا ئەگەرێکـی

هێنـدە بچووکـە هەتـا ڕادەی نەبـوون، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە باوەڕمـان بـە بوونـی نەبێـت. بـۆ نموونـە، پێویسـتە بـاوەڕ بـەوە نەکەیـن کـە عیسـا بەسـەر ئـاودا ڕۆیشـتووە، لەبـەر ئـەوەی ئەگـەر (س) هێـمای ئەوانـە بێـت کـە هەوڵیـان داوە بەسـەر ئـاودا بـڕۆن و نقـووم بـوون (بـۆ سـەلامەتی، بـا ژمارەکـە بـە ١٠ ملیـار بخەمڵێنیـن، کـە ژمارەیەکـی نزیکـە لـە هەمـوو ئەوانـەی لەسـەر گـۆی زەوی ژیـاون)، ئـەو کاتـە ئەگـەری ڕۆیشـتنی عیسـا بەسـەر ئـاودا یـەک لەسـەر دە ملیـارە. ڕێژەیەکـی زۆر زۆر کەمـە.

بـەڵام ئـەم ڕەخنەیـە بـە سـەلماندنی شـتێکی زۆر کۆتایـی دێـت. ناتوانیـت بنەمـای ئەگـەرەکان بـەم شـێوەیە جێبەجـێ بکەیـت لەسـەر هەمـوو شـتێک بـۆ دیاریکردنـی ئـەوەی دەکرێـت بـڕوا بکەیـت یـان نـا. ئەگـەر ئـەوەت کـرد، ئـەوا ناچـار دەبیـت گومـان لـە هەمـوو شـتێکی نائاسـایی و نابـاو بکەیـت. لـە ئێسـتادا نزیکـەی حـەوت ملیـار کـەس لـە جیهانـدا هەیـە، بـەڵام بـەو ڕادەیـەی دەیزانیـن، تەنهـا یـەک کـەس هەیـە کـە بـە ٩,٥٨ چرکـە پێشـبڕکێی ١٠٠مەتـری بڕیـوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێتـە مایـەی گەمژەیـی و لووتبـەرزی کـە بڵێـم: «ئایـا دەزانـی ئەگـەری بردنـەوەی پێشـبڕکێی ١٠٠ مەتـری (یوسـەین بۆڵـت) لـە ٩,٥٨ چرکـەدا یـەک لەسـەر حـەوت ملیـارە؟ شـتێکی گەمژانەیـە ئەگـەر بـاوەڕی پـێ بکـەم». بـە هەمـان شـێوە، تەنهـا لەبـەر ئـەوەی شـتێکی سەرسـامکەرە کـە بیـر لـە مەسـیح بکەیتـەوە بەسـەر ئـاودا ڕۆیشـتووە، واتـای ئـەوە نییـە کـە ڕوویـنـەداوە. وە لـە کۆتاییـدا، قوتابییەکانیـش لـەم ڕووداوە زۆر سەرسـام ببـوون، بـە دیاریکـراوی ئـاوا نـووسراوە لـە کتێبـی پیـرۆزدا.

گومانکـەران زۆر شـکڵ و شـێوەی جیـاواز لـەم دوو بۆچوونـە دادەڕێژن، بەڵام لـە کۆتاییدا هیـچ یەکێکیـان بـە شـێوەیەکی باشـتر لـەم دوو بۆچوونانـە کار نـاکات بـۆ دوورخسـتنەوەی پەرجـوو یـان ئـەوەی لـە سـەرووی سروشـتە لـە جیهانـی ڕاسـتەقینەی مرۆڤانـەدا. زانسـت شـیکردنەوەی ئـەو شـتانەی پێشـکەش نەکردوویـن کـە نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز پێیـان ڕاگەیاندوویـن بینیویانـە، وە بـە دڵنیاییـەوە نەسـەلمێنراوە کـە ئـەم کارانـە مەحاڵـن. جگـە لەمـەش، لۆژیکـی نییـە کـە ڕاسـتی کارەکان لەسـەر بنەمـای ئەگـەرەکان دیـاری بکرێـن. ڕاسـتییەکە ئەمەیـە، ئەگـەر بتەوێـت مکـوڕ بیـت لەسـەر ئـەوەی کاری سەرووسروشـت (هەرگیـز) ڕوونـادات، ئـەوا بەبـێ بەڵگـە یـان بەبـێ هـۆکاری گونجـاو شـتەکە دووپـات دەکەیتـەوە. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، بـاوەڕ بـە کارەکـە دەکەیـت لەسـەر خراپتریـن جـۆری بـاوەڕی کوێرانـە.

## ئایا پەرجووەکانی نێو کتێبی پیرۆز شایانی باوەڕپێکردنن؟

کەواتـە، نووسـەرانی کتێبـی پیـرۆز گوتوویانـە کـە ڕووداوی نائاسـایی و سەرسـوڕهێنەریان بینیـوە، وە هیـچ هۆکارێکـی لۆژیکیـمان نییـە بـۆ ئـەوەی بڵێیـن ئـەم کارانـە ڕوودانیـان مەحاڵـە یـان تەنانـەت ناتوانرێـت باوەڕیـان پـێ بکرێـت. بـەڵام هێشـتا پرسـیارێکی دیکـە لێـرەدا سـەرهەڵدەدات. زۆرێـک لـە خەڵکـی زۆر چیرۆکیـان گێڕاوەتـەوە لەبـارەی ڕووداوی "پەرجووئاسـا". بابلـی و یۆنانـی و ڕۆمانییەکانیـش ئەمەیـان کردووە. وە کـەس ناڵێـت دەبێـت بـاوەڕ بکەیـن بـە چیرۆکـە پەرجووییەکانیـان. کەواتـە، چ بۆچـی کتێبـی پیـرۆز جیـاوازە؟ چـی وا دەکات کتێبـی پیـرۆز جیـاواز بێـت؟ چـی وا دەکات زیاتـر بـاوەڕ بـە چیرۆکەکانـی کتێبـی پیـرۆز بکەیـن؟ باشـە، وەڵامەکـە ئەوەیـە کـە شـێوازی نووسـینەکانی کتێبـی پیـرۆز بـە تـەواوی جیـاوازە لـە شـێوازی نووسـینی کتێبـە کۆنەکانـی دیکـە، بـە شـێوەیەک وای لێـدەکات زیاتـر مایـەی قبووڵکـردن بێـت.

بـا بـۆت شـی بکەمـەوە کـە مەبەسـتم چییـە. لـە چیرۆکـی پەرجـووە کۆنەکانـی دیکـەدا، بـە ڕوونـی مامەڵەمـان لەگـەڵ بەسـەرهاتی شـایەتحاڵەکان نەکـردووە سـەبارەت بـە ڕووداوە مێژووییـەکان؛ وە ئەوانیـش ئەمەیـان نەگوتـووە. بەڵکـو مامەڵەمـان کـردووە لەگـەڵ (١) ئەفسـانە یـان چیرۆکـی ئەندێشـەیی کـە بـەردەوام و چەندبـارە بـە درێژایـی سـەدەکان سـەریهەڵداوە و زیـادی کـردووە. (٢) چیرۆکـە مێژووییـەکان کـە بـەردەوام جوانکارییـان بـۆ کـراوە و بابەتـی سەرووسروشـتی بـۆ زیـاد کـراوە، لـە کاتێکـدا زۆر جـوان و سەرسامکەرن بـەڵام هێشـتا پشـتیان پـێ نابەسـترێت. مەبەسـتم ئەوەیـە کـە ڕووداوە سەرووسروشـتییەکان لـەم چیرۆکانـەدا بـە هیـچ شـێوەیەک نابنـە بنەمـای چیرۆکەکـە؛ وە دەردەکەوێـت واتـای چیرۆکەکـە تـەواوە و هەرگیـز بەشـە سەرووسروشـتییەکان کاری تێناکات، ئەمـە دەریدەخات کـە ئـەم بەشـانە دواتـر لەپێنـاوی کاریگـەری زیاتـر بۆیـان زیـاد کـراون.

بابەتەکـە ئەوەیـە کـە لـە هـەردوو بارەکـەدا، دەکرێـت مێژوونووسـان تەماشـای ئـەو چیرۆکـە کۆنانـە بکـەن و بـە هەمـوو متمانەیەکـەوە بڵێـن کـە ئـەو وردەکارییـە پەرجووییانە مێژوویـی نیـن. ئەمانەیـان ئەندێشـەیی یـان ئەفسـانەن کە بـە تێپەڕینـی کات دروسـتکراون، یاخـود دەڵێـن کـە ڕازاندنەوەیەکـی سـاختەیە زیادکـراوە بـۆ زیادکردنـی کاریگـەری. بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئـەو بەسـەرهاتانە شـایەتی بـۆ هیـچ ڕووداوێـک نـادەن تاکـو بەبـێ ئـەو شـایەتییانە چیرۆکـەکان هیـچ واتایەکیـان نەبێـت.

بـەڵام بـە دیاریکـراوی ئەمـە تایبەتمەنـدی گێڕانەوەکانـی پەرجـووە لـە کتێبـی پیـرۆزدا. پەرجووەکانـی کتێبـی پیـرۆز ئەندێشـەیی و ئەفسـانە نیـن، وە بـە درێژایـی سـەدان سـاڵ دانەڕێـژراوە. ئەمـە ئەنجامـی وتـەی هەندێـک کەسـن کـە دەڵێـن: «مـن ئەمـەم بینـی، وە زۆر نییـە بینیومـە“، تەنهـا هـەر ئـەوە نـا، بەڵـكو پەرجـووە تۆمارکـراوەکان لـە کتێبـی پیـرۆزدا بنەڕەتییـە بـۆ ئـەو چیرۆکانـەی کـە پەیوەسـتە پێیـەوە. بـۆ نموونـە، پەرجووەکانـی عیسـا، تەنهـا کاری سـەیر نییـە ڕوویدابێـت. کاتێـک بـە جوانـی دەیخوێنیتـەوە، دەزانیـت کـە پەرجـووەکان لـە ناوەڕۆکـدا پەیوەنـدی هەیـە بـە واتـای پەیامەکـەی عیسـاوە. لەبـەر ئـەوە عیسـا خەڵکـی چـاک دەکـردەوە، لـە جێگـەی ئـەوەی کـە یـاری تەڕدەسـتی بـکات (وەکـو ئـەوەی کەروێشـک لەنـاو کڵاوێـک دەربهێنێـت)، بەڵکـو نیشـانی دەدات کـە دەتوانێـت خەڵکـی لـە نەخۆشـی گوناهەکانیـان چـاک بکاتـەوە. بـەم هـۆکارە کەسـانێکی لـەدوای مردنیـان هەسـتاندەوە نـەک هـەر ئـەوەی پارچەیـەک دراوی کانزایـی لەژێـر جلەکانـی بشـارێتەوە؛ ئـەو دەریدەخسـت کـە کاری ئـەو ئەوەیـە ژیانـی ڕۆحـی دەربهێنێـت لـە مردنـی ڕۆحیـی. تەنانـەت ڕۆیشـتنی لەسـەر ئـاو فێـڵ و تەڵەکـە نەبـوو؛ قوتابییەکانـی درکییـان بـەوە کـرد کـە عیسـا لـەو ڕێگەیـەوە قسـەکانی خـۆی دووپـات دەکاتـەوە کـە گوتـی «مـن ئـەوم» ئـەو کەسـە مەزنـەی کـە زەریاکانـی ملکـەچ کـرد - جیهانـی ئـاژاوە و خراپـەی کـۆن. ئـەم ئەوەیـە کـە لـە سـیپارەی زەبـوورەکان لەسـەری نـووسراوە: «لـە توانـای شـەپۆلەکانی دەریـا، یەزدانـی ئاسـمان تواناداترـە» (زەبـووری ٩٣: ٤). چیرۆکەکانـی پەرجـوو لـە ئاییـن و کەلتوورەکانـی دیکـە هەرگیـز وەک ئـەم پەرجووانـە نییـە.

لـە مەبەسـتەکە تێدەگەیـت؟ پەرجووەکانـی نێـو کتێبـی پیـرۆز بـە هیـچ شـێوەیەک لـە شـێوەکان زیادکـراو نیـن بـۆ چیرۆکەکـە، یـان لـە دەرەوەی بازنـەی چیرۆکـەکان بێـت کـە تێیـدا دەیبینیـن؛ بەڵکـو تـەواو بـە پێچەوانـە، ئەوانـە کـرۆک و ناوەڕۆکـی چیرۆکەکـەن. لـە بـری ئەندێشـە و ئەفسـانە کـە بـە تێپەڕینـی کات کـە لەسـەر یەکـتر کەڵەکـە بووبێـت، ئـەم گێڕانـەوەی شـایەتحاڵەکانە کـە بـە چـاوی خۆیـان ڕووداوەکانیـان بینیـوە. هـەر چـۆن سـەیری بابەتەکـە بکەیـت، گێڕانـەوەی پەرجووەکانـی کتێبـی پیـرۆز تـەواو جیـاوازە لـە ئەفسـانەی یۆنانـی یـان بابلـی.

هەمـوو ئەوانـە دەرەنجامێکـی گرنگـمان پێـدەدەن سـەبارەت بـەو پەرجووانـەی لـە کتێبـی پیـرۆزدا تۆمـار کـراون: ناتوانرێـت جیـا بکرێنـەوە وەک ئـەوەی لـە لایەنـی لۆژیکییـەوە شـتێکی مەحـاڵ بێـت، هەروەهـا دەکـرێ زۆر زیاتـر بـاوەڕی پـێ بکرێـت لـە

چیرۆکی پەرجووی سەرچاوەکانی دیکە. بەڵام هێشتا دەپرسم داخوا دەتوانین زیاتر قووڵ ببینەوە؟ ئایا دەتوانین بگەینە ئەو ئاستەی دڵنیایی کە بتوانین بڵێین ئەوەی نووسەرانی کتێبی پیرۆز دەیڵێن ڕوویداوە نەک تەنها شتێکی لۆژیکی بێت، بەڵکو ڕوودانەکەی ڕاستییەکی مێژووییە؟

بەڵێ، پێم وایە دەتوانین.

## هەموو شتێک پشت بە هەستانەوە لەنێو مردووان دەبەستێت

ئێستا لەم قۆناغەدا، ئێمە چەند بژاردەیەکمان هەیە دەربارەی ئەو شێوازەی کە دەتوانین پێی بەردەوام بین. دەتوانین دەست بکەین بە خوێندنی ئەو دەیان پەرجووەی کە عیسا ئەنجامی داوە لە ماوەی خزمەتەکەی هەروەها ببینین کە دەتوانین چی بڵێین دەربارەی هەر یەکێکیان. لە ڕاستیدا، زۆر کتێب هەیە ئەم کارەیان ئەنجام داوە، زۆر جار دەرەنجامەکەیان ورد و قایلکەر بووە. یان دەتوانین ڕاستەوخۆ بچینە سەر یەکێک لە پەرجووەکان کە خاڵی دەستپێکردنی مەسیحییەتە و هەموو بنەمای مێژوویی و باوەڕی مەسیحییەتی لەسەر بنیات نراوە - لە ڕاستیدا، ئەو پەرجووەیە کە ئەو باوەڕەی کە کتێبی پیرۆز وشەی خودایە لەسەری دەوەستێت.

ئەو پەرجووە هەستانەوەی عیسایە لەنێو مردووان.

ئەمە ئەو بابەتەیە کە ناتوانیت لێی تێبگەیت: ئەگەر هەستانەوە لەنێو مردووان ڕوویدابێت، کەواتە بەشەکانی دیکەی پێکهاتەی سەرەکی مەسیحییەت وەک کاتژمێر لەگەڵی کار دەکات – تەنانەت دەسەڵاتی کتێبی پیرۆزیش، هەردوو پەیمانی کۆن و نوێ. لە بارێکدا ئەگەر هەستانەوە ڕووینەدابێت، ئەو کاتە هەموو ئەو شتانە لەبیر بکە؛ چونکە ئەگەر نووسەرانی متمانەپێکراوی کتێبی پیرۆز هەڵەبووبن دەربارەی هەستانەوە کە گرنگترین شتە، ئەو کاتە ئەوان دەربارەی هیچ شتێکی دیکە ڕاستیان نەکردووە. سەرباری ئەمە، گرنگ نابێت ئەگەر سەبارەت بە شتەکانی دیکە ڕاستیان کردووە یان نا، چونکە ئامانجی هەموو شتێک – پەرجووەکان، فێرکردنەکان، بانگەشەکان – سەلماندنی شوناسی عیسا بوو وەک مەسیح، هەروەها ئەگەر هێشتا مردبێت، لەم بارەدا ئەو مەسیح نییە، بۆیە تەواوی بەشەکانی دیکەی چیرۆکەکە گرنگ نییە. تەواوی مەسیحییەت پشت بەو پرسیارە دەبەستێت ئاخۆ لەڕووی مێژووییەوە

مەسیح لەنێو مردووان هەستاوەتەوە یان - نەک لە لایەنی ئایینی و ڕۆحی، بەڵکو لە لایەنی مێژووییەوە.

نووسەرانی کتێبی پیرۆز پێیان وایە ئەو هەستاوەتەوە. ئەوان هەڵنەخەڵەتێنراون، هەوڵیشیان نەداوە درۆیەک دابهێنن، هەروەها ئەفسانەیەکیان نەنووسیوەتەوە. ئەوەیان نووسیوە کە بینیویانە و بیستوویانە و دەستیان لێداوە و ئەزموونیان کردووە، هەروەها بە ڕاستگۆییەوە ویستوویانە خوێنەرەکانیش باوەڕ بکەن. هەموو شتێک باشە، بەڵام ئایا دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئەوان ڕاستن و بەو جۆرە بووە؟

بەڵێ، دەتوانین، بەڵام چۆن؟

## بۆچی باوەڕیان کرد بەوەی عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە؟

با پرسیارێکی ڕوون بکەین. لە گێڕانەوەکانی ئەواندا، چی وای لە نووسەرەکانی کتێبی پیرۆز کردووە – هەروەها مەسیحییەکانی سەرەتا – کە وا باوەڕ بکەن کە عیسا لەنێو مردووان هەستاوەتەوە؟ بەگوێرەی شایەتییەکانی خۆیان، ئەم باوەڕە لە دوو شتدا سەرچاوەی گرتووە: (١) ئەوەی کە لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە بینییان کە ئەو گۆڕەی عیسایان لەناوی دانابوو بەتاڵە، هەروەها (٢) لەدوای مردنی عیسا، چەند جارێک ئەزموونی ئەوەیان هەبوو کە جەستەی هەستاوەی ببینن و دەستی لێ بدەن.

ئێستا زۆر گرنگە کە چەند شتێک بزانین دەربارەی ئەو ئەزموونانە. یەکەم، نووسەرەکان مکوڕن لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە عیسا وەکو خێو یان تارمایی یان شتێکی دیکە بۆیان دەرنەکەوت. لەبەر ئەوە لۆقا بە وریاییەوە ئاماژەی بەوە کرد کاتێک بۆ یەکەم جار عیسا بۆ قوتابییەکان دەرکەوت، لە ڕاستیدا وایانزانی خێوە هەتا ئەو کاتەی عیسا داوای لێکردن دەستی لێ بدەن – عیسا پێی گوتن: «خێو گۆشت و ئێسقانی نییە وەک دەبینن من هەمە». پاشان پارچەیەک ماسی برژاوی خوارد بۆ ئەوەی بۆیان بسەلمێنێت (لۆقا ٢٤: ٣٩، ٤٢-٤٣). (ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە گێڕانەوەکەدا باسی ئەوە دەکات کە ماسییەکە برژاو بوو، ئەی وا نییە؟ لە ڕاستیدا پەیوەندی چییە کە ماسییەکە برژاو بوو، بۆچی سورکراوە نەبوو یان لەنێو ڕۆندا بووبێت، پێویست دەکات هیچ شتێک بکەم؟ هیچ شتێک. ئەوە وردەکارییەکە کەوا ڕەنگە ئەفسانەکان باسی نەکەن، ئەمە بە شێوەیەکی لێهاتوویانە ئیلهامبەخشە کە شایەتیدانی شایەتحاڵەکە ڕاستە).

نـەک تەنهـا ئـەوە، بەڵکـو قوتابییـەکان هەوڵیـان داوە بـۆ ئـەوەی ڕوونـی بکەنـەوە کـە ئـەو کەسـەی بۆیـان دەرکەوتـووە، هەمـان ئـەو عیسـایە بـوو کـە لەسـەر خـاچ مـرد، کەسـێکی دیکـە نییـە. «ئینجـا بـە تۆماسـی فەرمـوو: «پەنجـەت بێنـە ئێـرە و دەسـتم ببینـە، دەسـتت بێنـە و لـە کەلەکەمـی بـدە...»» (یۆحەنـا ٢٠: ٢٧). عیسـا ئـاوای بـە تۆمـاس گـوت. خێـو و تارمایـی نەبـوو؛ کەسـێکی دیکـە نەبـوو. قوتابییـەکان مکـوڕ بـوون لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو عیسـایەی بینییـان هەمـان ئـەو عیسـایە بـوو کـە لەخـاچ درا.

هەروەهـا ئـەوەش گرنگـە کـە تێبگەیـن کـە نـە گـۆڕە بەتاڵەکـە و نـە دەرکەوتنـەکان تەنهـا ئـەوە نەبـوون کـە ئـەم جـۆرە لـە دڵنیایـی دروسـت کـرد سـەبارەت بـە هەسـتانەوە کـە لـە کۆتاییـدا قوتابییـەکان باسـیان کـردووە. ئەگـەر ئـەوەی هەیانبـا تەنهـا گۆڕێکـی بەتاڵ بووایـە، بێگومـان سـەریان سـوڕدەما. بـەڵام گومانێـک دەبـوو ڕەنگـە پێیـان وابوویـە عیسـا گەڕاوەتـەوە ژیـان، زۆر شـیکردنەوەی دیکـە بـۆ ئەمـە دەبـوو: دزی گـۆڕەکان، سـووکایەتی زیاتـر لەلایـەن ڕۆمانییەکانـەوە، هەڵەکـردن لـە دیاریکردنـی شـوێنی گۆڕەکـە، یـان شـتێکی دیکـە!

لـە هەمـان کاتـدا، تەنهـا بینینـی عیسـاش بابەتەکـە یەکلایـی ناکاتـەوە. جارێکـی دیکـە، زۆر ڕوونکردنـەوەی دیکـە هەیـە: خێـو، تارمایـی یـان کەسـێکی فێڵبـاز و هەڵخەڵەتێنـەر، یـان - هـەر شـتێکی دیکـە! هەتـا ئـەوەی دەگات بـە جەسـتەیەکی لـە گـۆڕدا شـیبووەوە، کـە بـە دڵنیاییـەوە کـەس ناتوانێـت بـەم شـتە بڵێـت زیندووبونـەوە.

بـەڵام دانانـی ئـەم دووانـە پێکـەوە – گۆڕێکـی بەتـاڵ و دەرکەوتنەکانـی عیسـا – بـەس بـوو بـۆ دروسـتکردنی تەقینەوەیەکـی ناوەکـی لـە ڕاسـتی و حەقیقەتـی قوتابییەکانـدا. گۆڕەکـە بەتـاڵ بـوو، چونکـە عیسـا زینـدوو بـوو. فریشـتەکە گوتـی «ئـەو لێـرە نییـە، هەسـتاوەتەوە» (مەتـا ٢٨: ٦). ئەمـە شـایەتیدانی ئـەوان بـوو؛ ئـەم هـۆکارە بـوو کـە وای لێکـردن بـاوەڕ بکـەن، هەروەهـا ئـەوە هـۆکار بـوو کـە وای لێکـردن لـە کۆتاییـدا بمـرن لەپێنـاو بـاوەڕ بـەوەی بەڕاسـتی عیسـا لەنـاو گۆڕەکـەی هەسـتاوەتەوە. ئێسـتا تـۆ دەتوانیت بڵێـی باوەڕیـان پـێ ناکـەم؛ هەروەهـا دەتوانیـت بڵێـی هـەر شـتێک ڕوویـداوە لـە بەیانـی ڕۆژی یەکشـەممە، بـەو شـێوەیە نەبـووە کـە دەگوترێـت. بـەڵام ئەگـەر ئـەوە دەکەیـت، ئـەوا پێویسـتە بڵێیـت لەجیاتـی ئـەوە چـی بـووە. ئەگـەر ئـەوەی ڕوویـداوە هەسـتانەوە نەبوویێـت، کەواتـە چـی ڕوویـداوە؟

## ڕوونکردنەوەیەکی دیکە نییە

تاکە شت کە ناتوانیت ئەنجامی بدەیت ئەوەیە کە وای پیشان بدەیت هیچ ڕوویندەداوە. ڕوونە کە شتێک ڕوویداوە، چونکە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ بووەتە هۆی دروستکردنی شەپۆلێک لە سەرسامی لە جیهاندا. تەنانەت لە ژیانی ئەو قوتابییانەش، هەرچییەک ڕوویدابێت بووەتە هۆی گۆڕینی دید و ڕوانگەیان بەرامبەر جیهان. باوەڕیان بەوە کرد کە عیسای لەخاچدرا کە جولەکە لەمێژ بوو چاوەڕێی هاتنی بوون، مەسیحی چاوەڕوانکراو بوو، کوڕی خودا و بەرخی خودایە کە گوناهەکانیان هەڵدەگرێت؛ هەروەها نۆبەرەی بەدیهێنراوانی نوێیە کەوا لە گەلە ڕزگارکراوەکەیەوە دەستپێدەکات؛ ئەو پاشای پاشایانە، ئەوەی کە ڕۆژێک دێت بۆ هەتاهەتایە گەلەکەی ڕزگار دەکات، وە جیهان نیشان دەکات بە لەدایکبوونەوەیەکی نوێ کە ڕەنگدانەوەی زیندووبوونەوەکەی خۆیەتی. لەبەر ئەوەی قوتابییەکان باوەڕیان بەم شتانە هەبوو، ژیانی خۆیان ڕێکخستەوە بۆ ئەوەی بتوانن بانگەوازی باوەڕەکەیان بکەن – بە وازهێنانیان لە کارەکانیان و بەجێهێشتنی ماڵەکانیان، هەروەها لە کۆتاییدا ڕەتکردنەوەی پاشگەزبوونەوە لە باوەڕەکەیان تەنانەت لەو کاتەش یەک لەدوای یەک کوژران لە ڕێگەی سەربڕین و لەخاچدان و کوژران بە شمشێر، یان قامچیلێدان و بەردبارانکردن.

هۆکاری هەموو ئەمانە ڕوودانی شتێک بووە.

یان بەڕاستی عیسا لە مردن هەستاوەتەوە، یان شتێکی دیکەی ئەوەندە بەهێز هەبووە کە وای لە قوتابییان کردووە هەموویان پێکەوە باوەڕ بەم شتانە بکەن، وە ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بەرەنگاری ئازاری قورسیش ببنەوە کە کۆتاییەکەی مردنیش بێت. کەواتە، پرسیاری کۆتایی ئەوەیە: ئایا هیچ کەسێک هەیە پێشنیاری شتێکی دیکەی کردبێت لەجیاتی ئەوە کە هەمان هێزی هەبێت تاکو هەموو ئەوانە ڕوون بکاتەوە؟ بە دڵنیاییەوە، زۆریک لە خەڵکی هەمان هەوڵیان داوە.

ڕەنگە ئافرەتەکان چووبنە گۆڕێکی هەڵەوە، وە هەمووان بە هەڵە سەرسام بووبن. ڕەنگە وابێ. بەڵام پاش ئەوە، کاتێک هەواڵەکەی وەک ڕەشەبای ئاگرین بە هەموو شارەکەدا بڵاو بوویەوە کە عیسا لەنێو گۆڕدا هەستاوەتەوە، بۆچی دەسەڵاتداران

جەستەکەیان لە گۆڕە ڕاستەقینەکە دەرنەهێنا؟ بە دڵنیاییەوە ئەوان دەیانزانی گۆڕە ڕاستەکە لەکوێیە، پاسەوانە ڕۆمانییەکان مۆریان لە گۆڕەکە دابوو. هەروەها لەلایەکی دیکەوە، هەروەک پێشتر گوتمان، تەنها هەواڵی ئەوەی گۆڕەکە بەتاڵ بوو باوەڕێکی ئاوای دروست نەدەکرد کە عیسا لەنێو مردووان هەستاوەتەوە. هەروەها عیسا بۆ قوتابییەکانیش دەرکەوتووە، سڵاوی لێ دەکردن! ئەوەیە کە (بە دڵنیاییەوە). پێیان گوتووین. ئاساییە ئەگەر پێتوایە ئەوان هەڵە بوون. بەڵام ئەی ئەگەر بەڕاستی ڕوویدابێت/ ڕووینەدابێت؟

ڕەنگە بەڕاستی عیسا نەمردبێت، بەڵکو لەسەر لێواری مەرگ بووە و لە کۆتاییدا لە گۆڕەکە ڕایکردووە، ئینجا چووە بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا قوتابییەکان خۆیان شاردووەتەوە. لەوانەیە... لە ڕاستیدا، نەخێر. ئەمە ڕێی تێناچێت. قسەیەکی گەمژانەیە! بەڕاستی پێمان وایە کە عیسا - بە ڕێگایەک توانیویەتی ڕزگار بێت لە لەخاچدانی - پاش ئەوەی بریندار کرا، بە ڕم لێیدرا، ئێستاش تینوو و وشکهەڵگەڕاوە، دەچێتە لای قوتابییەکانی و سەباری ترس و گومانەکانیان، باوەڕیان پێدەهێنێ کە ئەو خودای ژیان و شکستپێهێنەری مەرگە؟ پێت دەڵێم، ئەم قسەیە دوورە لە ڕاستییەوە. لەم قۆناغەدا، ناچنە دەرەوە بۆ ئەوەی وتار بدەن، بەڵکو دەچن و پزیشکێکی بۆ دەهێنن!

ڕەنگە قوتابییەکان جەستەکەیان دزیبێت، پاشان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە عیسا لەنێو مردووان هەستاوەتەوە. ڕەنگە ئەوە سەرکەوتووترین هەڵخەڵەتاندن بێت لە مێژووی جیهان. بەڵام نەخێر، هەروەک پێشتر گوتمان، هیچ ڕێیەکی تێناچێت بۆ هەڵخەڵەتاندن، هەروەها لە سەرووی ئەوانەشەوە، هیچ کەسێک تەنها بۆ فێڵێک نامرێت. ئەگەر هەوڵ دەدەیت بە کەسێک جیهان هەڵبخەڵەتێنی، وە کاتێک فێڵەکە کۆتایی پێدێت و خەریکە تەورەکە بکەوێت - وە کاتێک خەریکە بزمارەکان زەندی دەستت ببڕن، یان کاتێک خەریکە بتخەنە ناو ڕۆنێکی قرچاوە یان لەسەربانی پەرستگا بتخەنە خوارەوە - بەردەوام نابیت لە گوتنی ئەوەی "ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەو پیاوە زیندووە". تاکە ڕێگا وا دەکات دەست بەو چیرۆکەوە بگریت لە کاتی ئەو بارودۆخانەدا ئەوەیە کە تۆ تەواو باوەڕت بەوە هەیە کە دەیڵێیت.

باشە، ڕەنگە هەموو قوتابییەکان بووبنە قوربانی وڕێنەکردنێکی بە کۆمەڵ. نەخێر، پێشتر بە جۆرێک بە وردەکارییەوە گفتوگۆمان لەسەر ئەم پێشنیارە کردبوو. بەپێی ژمارەی ئەو کەسە جیاوازانەی کە گوتوویانە عیسایان بینیوە، چەند جارێکی جیاواز و

ماوەی چەند هەفتەیەک، بیرۆکەی وڕێنەکردنی بە کۆمەڵی بەردەوام و گواستراوە لە کەسێک بۆ کەسێکی دیکە بیرۆکەیەکە هەرگیز ڕێی تێناچێت. بیرۆکەی «وڕێنەکردنی بەکۆمەڵ» شتێکی پووچە.

ڕەنگە ئەو کاتە نقووم بووبن لەنێو خەونێک، بینینێک، ئەزموونێکی ڕۆحیی لێڵ، یانیش هەستێکی ئاسمانی قووڵ لە لێخۆشبوون و ژیانی نوێی ڕۆحی. ڕەنگە مەبەستیان ئەمە بێت لە بەکارهێنانی دەستەواژەی هەستانەوە، نەک ڕێک ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت بەڕاستی عیسا لەنێو گۆڕەکەیدا هەستایەوە. بە واتایەکی دیکە، ڕەنگە هەموو چیرۆکەکانی پەیمانی نوێ تەنها ئاماژەیەکی گەورەی مەجازی بێت بۆ ڕاستییە ڕۆحییەکان. مەبەست ئەوە نییە کە وشەکان وەک خۆیان وەربگرین.

نەخێر، ڕاستیەکە ئەوەیە و پێش هەموو شتێک، ئەو نووسراوانەی کە چیرۆکی هەستانەوە دەگێڕنەوە نیشانەکانی مەجازیی ڕۆحییان تێدا نییە، بەڵکو ئاماژەی شایەتیدانی شایەتحاڵی تێدایە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕاستیدا لە مێژوودا ڕوویان داوە، وە شتەکە پێویستی بە لێڵییەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی چاو فەرامۆشی بکات. هەروەها، لە سەدەی یەکەم، جیهانی جولەکە نامۆ نەبوو لە خەون و بینین و ئەزموونی ئایینی، هەروەها نامۆش نەبوو بۆ هاتنی مەسیحی چاوەڕوانکراو کە دەسەڵاتداران دەیکوژن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پاشخانە، ناتوانرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە تەنها خەون، بینین، یان ئەزموونێکی سۆفیگەرانەیە، ئینجا جگە لەو هەستانەوە - تەنانەت ئەگەر پەیوەستیش بێت بە مەسیحی چاوەڕوانکراویش کە لەخاچ درا - دەکرێ پاڵنەرێک بێت بۆ ئەم جۆرە باوەڕە بەردەوامە و گۆڕەری ڕوانگەی جیهانی دەربارەی هەستانەوەی عیسا، کەوا باوەڕدارەکانی سەرەتای جیا کردەوە و بەبێ پاشگەزبوونەوە بردنی بۆ شەهیدبوون. بەڵام لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، هیچ جولەکەیەک لە سەدەی یەکەم وشەی هەستانەوەی بۆ خەون بەکارنەهێناوە، یان بینین، یان ئەزموونێکی سۆفیگەرانە، سەرباری «هەستکردن» بە شتێک یان هێزێک. ئەمە لەبەر ئەوەی هەستانەوە واتایەکی زۆر دیاریکراو لەخۆدەگرێت؛ مەبەست لێی گەڕانەوەی جەستەیە بۆ ژیان. بێگومان بەکاریش نەهاتووە بۆ ئاماژەکردن بە هەر شتێکی لەمە کەمتر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بە دیاریکراوی، ڕێک ئەو وشەیە کە مەسیحییەکانی سەرەتا بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی بەسەر عیسادا هاتووە.

باشە، ڕەنگە ئەوان هەموویان بە ڕژدی تووشی نەخۆشی ئارەزووی خۆشی هاتبێتن.

ڕەنگـە زۆر حەزیـان لێبووبێـت عیسـا نەمرێـت، خۆیـان فریـو داوە کـە بـاوەڕ بکـەن بـەوەی هەسـتاوەتەوە. جارێکـی دیکـە، نەخێـر، ئـەوە ڕێـی تێناچێـت. تەنانـەت ئەگـەر قوتابییەکانیـش بـەدوای پەناگایەکـدا بگەڕێـن لەپـاش مردنـی عیسـا بیانحەسـێنێتەوە، ناگـەن بـە بیرۆکـەی هەسـتانەوە. بـەدوای ئاسـوودەییدا گـەڕاون بـە بانگەشـەکردنی ئـەوەی ئـەو زینـدووە "لـە لایەنـی ڕۆحییـەوە" یـان شـتێکی لـەم شـێوەیە. بـەڵام هەرگیـز ڕێـی تێناچێـت بیـر بکەنـەوە لـەوەی کە تیشـک بخەنـە سـەر بیرۆکـەی دووبـارە دامەزراندنـەوەی ڕوانگەی گەردوونـی بـەوەی عیسـا هەسـتایەوە و بـەر لـە کۆتایـی جیهـان شـکۆمەند بـوو. تاکـە ڕێـگا کـە دەیانگەیەنێتـە ئـەم دەرەنجامـە، ئەوەیـە کـە ئـەو شـتانەی بینیویانـە و ئەزموونییـان کـردووە بەبـێ هێـچ بژاردەیـەک بەجێـی هێشـتوون. ئایا مەبەسـتە سـەرەکییەکە دەبینیـت؟ باوەڕدارانـی ئـەو سـەردەمە نەیانگوتـووە کـە عیسـا لـە ئەنجامـی هیواخواسـتنێکی ئەوانەوە هەسـتاوەتەوە. ئـەوان ئەمەیـان گوتـووە لەبـەر ئـەوەی هیـچ ڕوونکردنەوەیەکـی دیکەیـان نەبـوو بـۆ ئـەوەی بینییـان. تەنها ئـارەزووی خـۆش نەبـوو کـە ئەوانـی بـۆ ئـەم دەرەنجامـە بردبێـت، بەڵکـو ئەمەیـان بـە چـاوی خۆیـان بینـی.

سـەرباری ئەمـە، ئـەو چیرۆکانـەی لەبەردەسـتمانن ئـەوە پیشـان نـادات کـە قوتابییـەکان لــە لایەنــی هزرییــەوە ئامــادە بــوون بــۆ باوەڕکــردن بــەوەی عیســا لەنێــو مــردووان هەسـتاوەتەوە. بـە پێچەوانـەوە، هەتـا ماوەیـەک پێیـان وابـوو کـە گوناهێکـی گەورەیـان کـردووە لـەو بارەیـەوە، هەتـا ئـەوەی مەسـیح پـاش هەسـتانەوەی چەنـد جارێـک لەسـەر ئەمــە سەرزەنشــتی کــردن. نەخێــر، قوتابییــەکان لــە لایەنــی دەروونیــی و ئایینــی و ڕۆشـنبیرییەوە ئامـادە نەبـوون بـۆ هەسـتانەوەی کەسـێک لەنێـو مـردووان بـەر لـە کۆتایـی جیهــان. ڕوودانــی شــتێکی لــەم شــێوەیە بەڕاســتی لــە دەروونیانــدا تەقینبێتــەوە و بــە پەرۆشـەوە هەوڵـی تێگەیشـتن لـەو بابەتـە بـدەن.

کەواتــە، هــەروەک ئــەوەی پێشــتر گوتــم، شــتێک هەیــە کــە لــە بەیانــی ئــەم ڕۆژەی یەکشـەمەیە ڕوویـداوە. ناتوانرێـت بـە ئاسـانی نکۆڵـی لەمـە بکرێـت.

وە ئێسـتا لێـت دەپرسـم، ئەمـە چـی بـوو؟ هەڵـە نەبـوو، نزیککەوتنـەوە لـە مردنیـش نەبـوو، تەنهـا فێـڵ و درۆیەکیـش نەبـوو، وڕێنەکردنێکـی بەکۆمـەڵ نەبـوو، وە خـەون یـان بینیــن یــان هەســتێکی نهێنــی نەبــوو بــۆ لێخۆشــبوون، ئــارەزووی خــۆش نەبــوو - هیــچ یەکێـک لـەم شـتانە نەبـوو. کەواتـە چـی بـوو؟

تەماشا بکـەن، کاتێـک دەگەینـە شـتەکە، ڕاسـتەوخۆ بەڵگەکـە لەبەردەمـمان دەبینیـن - پێداگـری مەسـیحییەکانی سـەرەتا بـەم هەمـوو دڵنیاییـەوە کـە گۆڕەکـە بەتـاڵ بـوو و ئەوانیـش عیسـای هەسـتاوەیان بینـی، وە بـاوەڕی ژیانگۆڕیـان کـەوا ئـەم ئەزموونانـەی بـەدوادا هـات، وە دەسـتگرتنیان بـە باوەڕەکەیـان تەنانـەت لـە بـەرەو ڕووی مەرگیشـدا - ئـەم بەڵگەیـە تەنهـا یـەک ئەگـەر ڕوونـی دەکاتـەوە:

بەڕاستی مێژوو شایەتی دەدات کە عیسا بە جەستە لەنێو مردووان هەستایەوە.

## لێکەوتەکانی زیندووبونەوەی مەسیح

هەمـوو ئـەوەی کـە باسـمان کـرد، شـتێک نییـە کـە خێرایـی بەسـەریدا بڕۆیـن، ئـەی وا نییـە؟ ئەمـە بـۆ هەتاهەتاییـە گرنـگ و بەهـادارە. هەنگاوێکـی زۆرمـان بـڕی لـە گەڕانمـان لـە توانایـی متمانەمـان بـە کتێبـی پیـرۆز. هەرچەنـدە لـە هەمـوو پێچێکـدا ڕووبـەروی پرسـیار بووینـەوە، بـەڵام توانیـمان بگەینـە ڕادەیەکـی بـەرز لـە متمانـەی مێژوویـی سـەبارەت بـە ڕاسـتیی کتێبـی پیـرۆز. ئەمەمـان بینـی: وەرگێڕانەکانمـان ڕاسـتن؛ وە ئـەو چاپانـەی هەمانـە هەمـان لەبەرگرتنـەوەی دەستنووسـە ڕەسـەنەکانن؛ ئـەو بەڵگەنامانـەی تێیـدا دەگەڕێیـن باشـترینە و ڕاستەقینەیە؛ نووسـەرەکان خۆیـان گەمـژە و فێڵبـاز و نوسـەری چیرۆکـی ئەندێشـەیی نەبـوون (ئەوەیـان پـێ ڕاگەیاندوویـن کـە باوەڕیـان وابـووە بەڕاسـتی ڕوویـداوە)، لـە کۆتاییـدا، هۆکارێکـی گونجاومـان هەیـە بـۆ باوەڕکـردن بـەوەی هەرچـی ئـەوان باوەڕیـان بـە ڕوودانـی هەبـووە و گوتوویانـە ڕوویـداوە، لـە ڕاسـتیدا ڕوویـداوە. هەروەهـاش ناتوانرێـت ئـەو پەرجووانـەی کـە گێڕاویانەتـەوە دووربخرێتـەوە لـە بیـر و بـاوەڕی سـەرەکی، وە قبووڵکردنـی زۆر زیاتـرە لـە سـەرووی هـەر ڕۆمانێکـی مێژوویـی بـۆ ڕووداوەکانـی سـەرووی سروشـت. بـەر لـە هـەر شـتێک، کاتێـک بابەتەکـە پەیوەسـتە بـە گرنگتریـن پەرجـوو - هەسـتانەوەی عیسـا - هیـچ شـیکردنەوەیەک نییـە کـە واتـای هەبێـت بـۆ هەمـوو بەڵگـەکان جگـە لـە بەڕاسـتی هەسـتانەوەی.

بـەڵام لێـرەدا دێینـە سـەر هەنـگاوی کۆتایـی بۆچوونەکەمـان. ئەگـەر هەسـتانەوە ڕوویدابێـت، ئـەو کاتـە متمانەمـان بـە کتێبـی پیـرۆز دەچێتـە ڕادەیەکـی نـوێ و متمانـە تـەواو، زۆر دوورتـر لـە تەنهـا متمانەیەکـی مێژوویـی.

ئەگـەر عیسـا بەڕاسـتی لەنێـو مردووانـدا هەسـتابێتەوە، کەواتـە کتێبـی پیـرۆز وشـەی خودایـە.

## بەشی حەوتەم

## پشت بە قسەی ئەو پیاوە ببەستە کە زیندوو بووەوە

لـە هەندێـک لایەنــەوە، خۆزگــەم دەخواســت لەگــەڵ تەواوبوونــی بەشــی ڕابــردوو کۆتایـی بـەم کتێبـە بهێنـم.

خۆزگـە قورسـایی تـەواوی بابەتەکـە لەسـەر ئـەوە بـێ کـە تـازە گفتوگۆمـان کـرد، لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕم وایـە ئـەوە گرنگترین بانگەشـەی ڕاسـتیی لـە مێـژووی مرۆڤایەتییـە: دەتوانین باشـترین ڕوونکردنـەوە بدەیـن بـۆ ئـەم بەڵگەیـەی لەبەردەممانـە، ئەگـەر عیسـا بەڕاسـتی لـە گـۆڕ هەسـتاوەتەوە. بۆیـە، هەرچەنـدە هیواخـوازم ئـەوەی کـە مـاوە بیخوێنیتـەوە، بەڵام هیواداریشـم ئەنجـام و لێکەوتـەی سەرنجڕاکێشـت دەسـتبکەوێت. ئەگـەر عیسـا بەڕاسـتی لـەدوای مردنـی هەسـتابێتەوە، کاریگـەری ئەمـە لەسـەر کەسـیی تـۆ چییـە؟ لـە وەڵامـی ئـەم ڕاسـتییەدا، دەکـرێ چـی بکەیـت؟

بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەم کتێبـە نـاوی «بۆچـی متمانـە بە کتێبـی پیـرۆز بکەین؟»ــە نەک "بۆچـی متمانـە بـە هەسـتانەوەی عیسـا لەنێـو مـردووان ناکەیـت؟، پێویسـتە لەسـەرمان لەمـەڕ ئـەم پرسـیارە بگەیـەن ئەنجامێـک. لـەم کتێبـەدا، بیرمـان کـردەوە و قسـەمان کـرد دەربـارەی دەقەکانـی نێـو کتێبـی پیـرۆز، بـە تایبەتـی پەیمانـی نـوێ، وە بـە دیاریکراویـش چـوار ئینجیلەکـە - بـەو پێیـەی نووسراوێکـی مێژووییـە. لـە کاتـی ئەنجامدانـی ئەمـەدا، وامـان دانەنـاوە کـە نووسراوێکـە لـە خـوداوە یـان وشـەی خودایـە. هەروەهـا واشـمان دانەنـاوە کـە بەبـێ هەڵەیـە یـان هـەردەم ڕاسـتە. لـە ڕاسـتیدا، هـەروەک چـۆن بـۆ هـەر دەقێکـی دیکـە ئەنجامـی دەدەیـن کـە لەوانەیـە لـە گوندێکـی کۆنـی خاپووربـوو لەژێـر کەلاوەیەکـی ڕووخـاودا بیدۆزینـەوە، ڕێگەمـان داوە کـە ئەگـەری ئـەوە هەبێـت کـە دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆز وەکـو شـایەتیی مێژوویـی باوەڕپێکـراو نەبێـت. بـەڵام لـە هەمـوو بارێکـدا، بـە ئاسـتێکی بـەرزی متمانـەی مێژووییـەوە بۆمـان دەردەکـەوت کـە بەڕاسـتی جێـی متمانەیـە - لـە وەرگێڕانەکانـی خۆمانـەوە، هەتـا دەگاتـە گواسـتنەوەی لـە چاپـە ڕەسـەنەکانەوە لەنێـو مێـژوودا بـە یارمەتـی ئـەو کەسـانەی لەبەریـان گرتووەتـەوە، هەتـا دەگاتـە قبوڵکردنـی ئـەم دەقانـە لەبـری ئەوانـەی دیکـە، بـۆ نووسـەرە جـێ متمانـەکان، بـۆ

ئـەو ڕاسـتییەی لەسـەریان نووسـیوە. لـە سـەرەتاوە هەتـا کۆتایـی، زنجیرەیەکـی بەهێـز لـە متمانەمـان دروسـتکرد بـەوەی کـە کتێبـی پیـرۆز وەکـو شـایەتی مێژوویـی ڕاسـتەقینەیە و پشـتی پـێ دەبەسـترێت.

بـەڵام کاتێـک ئێمـە دەڵێیـن باوەڕمـان بـە کتێبـی پیـرۆز هەیـە، ناڵێیـن کـە متمانەیەکـی مێژووییـمان پێـی هەیـە. بـەڵام ئـەوەی مەبەسـتمانە زۆر لـەوە زیاتـرە. مەبەسـتی ئێمـە ئەوەیـە کـە باوەڕمـان بـەوە هەیـە وشـەی خودایـە و بـە سروش هاتـووە لەلایـەن بەدیهێنـەری گەردوونـەوە، بۆیـە تـەواو ڕاسـتە و هیـچ گومانێکـی تێـدا نییـە لـە هەمـوو ئـەوەی نـووسراوە. بـۆ نموونـە، دەقـی "پەیامـی بـاوەڕ"ی کڵێسـاکەم بـەم شـێوەیەیە:

> ئێمـە باوەڕمـان هەیـە بـەوەی کتێبـی پیـرۆز، بـە دیاریکـراوی ٣٩ سـیپارەکەی پەیمانـی کـۆن و ٢٧ سـیپارەکەی پەیمانـی نـوێ، کـە وشـەی خودایـە، لـە لایـەن کەسـانێکەوە نووسراوەتـەوە کـە بـە ڕۆحـی پیـرۆز ڕێنوێنـی کـراون، وە گەنجینەیەکـە لـە فێرکردنەکانـی ئاسـمانی؛ دانەرەکـەی خـودا خۆیەتـی، کۆتاییەکـەی ڕزگارییـە، وە ڕاسـتییە و هیـچ هەڵەیەکـی تێـدا نییـە. بنەماکانـی حوکمدانمـان لەلایـەن خـوداوە تێـدا دەدۆزینـەوە، بۆیـە هەتـا کۆتایـی جیهـان دەمێنێتـەوە، ناوەنـدی ڕاسـتەقینەی یەکێتـی و یەکبوونـی باوەڕدارانـە، وە تاکـە بنەمایـە و بەسـە و پشتڕاسـت کراوەتـەوە و جێـی متمانەیـە بـۆ سـەرچاوەی زانیـاری و بـاوەڕ و گوێڕایەڵـی.[a]

هەمـوو ئەندامێکـی کڵێسـایەکەی ئێمـە بـاوەڕی هەیـە کـە کتێبـی پیـرۆز – پەیمانـی کـۆن و نـوێ – "وشـەی نـووسراوی خودایـە»، وە بـاوەڕی هەیـە بـەوەی لەلایـەن پیاوانێکـەوە نـووسراوە کـە بـە ڕۆحـی پیـرۆز ڕێنوێنـی کـراون، وە بـەوەی «گەنجینەیەکـە لـە فێرکردنەکانـی ئاسـمانیی»، وە بـەوەی «خـودا خـۆی دانەریەتـی»، هـەروەک بـە سروشـتی خـۆی «ڕاسـتییە بەبـێ هیـچ هەڵەیـەک». ڕوونـە کـەوا هەمـوو شـتێک دەمانبـات بـەرەو متمانەیەکـی مێژوویـی!

---

a What We Believe," Third Avenue Baptist Church, Louisville, KY, accessed February 25, 2015, http:// www .third avenue .org /What -We -Believe.

ئێمـە لێـرەدا کاتمـان نییـە بـۆ ئـەوەی بـە وردی بیـر لـە هەمـوو ئـەو شـتانە بکەینـەوە کـە بـاوەڕداران مەبەسـتیانە کاتێـک ئـەم شـتانە دەڵێـن. بابەتەکانـی وەکـو سروش و نەبوونی هەڵـە، پێویسـتی بـە کتێبێکـی تایبەتـە. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە بـۆ هێنانەدیـی ئامانجەکەمان، ئەوەیـە کـە سـەرەتا تێبگەیـن بۆچـی بـاوەڕداران ئـەو هەمـوو شـتە مەزنـە دەڵێن سـەبارەت بـە کتێبـی پیـرۆز. بـە سـادەیی بابەتەکـە ئەوەیـە کـە عیسـا لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە. بـە هـۆی هەسـتانەوەی عیسـاوە، ئێمـە باوەڕمـان هەیـە بـەوەی عیسـا گوتوویەتـی، وە لەبـەر ئـەوەی عیسـا خـۆی دانـی نـاوە بـە تـەواوی پەیمانـی کـۆن و نوێـدا، ئێمـە بـاوەڕی تەواومـان بـەوە هەیـە کـە سـپارەی ڕاسـتەقینە و متمانەپێکـراوە.

## مەسیح لە مردن هەڵدەستێتیەوە

بـۆ مەسـیحییەکان زیندووبونـەوە واتـا چەندیـن شـتی گرنـگ. واتـا، ئێمـە کـە بـە بـاوەڕ لەگـەڵ عیسـا یەکـمان گرتـووە، هـەروەک ئـەو زینـدوو دەبینـەوە. واتـا، خـودا ئـەو قوربانییـەی گونـاه قبـوڵ دەکات کـە عیسـا لەسـەر خـاچ بەخشـی، وە ئـەوەش زۆر لـەوە زیاتـر بـوو کـە بـۆ پێدانـەوەی قەرزەکەمـان پێویسـت بـوو. هەروەهـا واتـای ئەوەیـە کـە عیسـا ئێسـتا دەژییـت بـۆ ئـەوەی ڕابەرایەتـی و فەرمانڕەوایەتـی بـکات و پارێـزگاری و داکۆکیـمان لـێ بـکات و تاکـو کاری بـاش بـۆ گەلەکـەی بـکات کـە هێشـتا لەسـەر زەوی دەژیـن. وە هەسـتانەوە واتـا خـودا هەمـوو قسـەکانی عیسـای پشتڕاسـت کردووەتـەوە، سـەبارەت بـە شوناسـی و جـۆری ئـەو دەسـەڵاتەی هەیەتـی.

دەتوانیـن بـە ئاسـانی لـەو خاڵـە تێبگەیـن. هەسـتانەوەی عیسـا، وەک هەمـوو پەرجووەکانـی دیکـە، زیادکرنێـک نەبـووە بـۆ چیرۆکەکـە، یـان تەنهـا پێویسـتییەک بـۆ دڵنیایـی کۆتاییەکـی بـاش. کاتێـک عیسـا باسـی هەسـتانەوەی خـۆی دەکـرد، بـەردەوام بـە تونـدی قسـەکانی خـۆی بـە شوناسـی خـۆی دەبەسـتەوە. بـۆ نموونـە، مەتـا پێـمان دەڵێـت کـە عیسـا لـە کۆتایـی خزمەتەکەیـدا سـێ جـار پێشـبینی مـردن و زیندووبونـەوەی خـۆی کـردووە، وە لـە هـەر جارێکـدا، ڕایگەیانـدووە کە ئـەوە شـتێکی پێویسـتە و دووپاتکردنەوەی ناسـنامەکەیەتی وەکـو مەسـیح. بـا تەماشـای ئـەم سـێ پێشـبینییە بکەیـن.

یەکـەم، جارێکیـان عیسـا لـە قوتابیەکانـی پرسـی کـە ئـەوان پێیـان وایـە ئـەو کێیـە، شـیمۆن پەتـرۆس وەڵامـی دایـەوە: "تـۆ مەسـیحەکەیت، کـوڕی خـودای زینـدووی" (مەتـا ١٦: ١٦). ئێسـتا ئـەو قسـەیە چەندیـن واتـا لەخـۆ دەگرێـت، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا پەتـرۆس

پشتڕاستی کردەوە کە عیسا مەسیحی چاوەڕوانکراوە، ئەوەی کە لەمێژە پێشبینی هاتنی کراوە (وشەکە واتا دەستنیشانکراو، پاشان ئەو پاشایە)، مەسیحی ئیسرائیل، هەروەها ئەو کوڕی خودایە (واتا ئەو خودایە). عیسا بە قسەکەی پەترۆس دڵخۆش بوو، وە پێی گوت کە ئەو پیرۆزە لەبەر ئەوەی خودای باوک ئەمەی بۆ ئاشکرا کردووە. ئینجا عیسا وەک پاشا هەڵسوکەوتی کرد، کە پەترۆس دانی پێدا نا؛ عیسا کڵێساکەی خۆی دامەزراند -باڵیۆزخانەی شاهانەی لە جیهان - هەروەها بەڵێنی دا کە لە ئەرکەکەی بیپارێزێ و بەهێزی بکات. دەسەڵاتی بەو باڵیۆزخانەیە دا کە بە ناوی ئەووەوە قسە بکات، ئینجا لەمەش گرنگتر، دەستی کرد بە فێرکردنی قوتابییەکانی دەربارەی ئەوەی واتای چییە کە ئەو لە ڕاستیدا پاشا و مەسیحە. بەم شێوەیە مەتا تەواوی قسەکانمان پێدەڵێت (لەبیرت بێت، ئەویش لەوێ بوو):

> لەو کاتەوە عیسا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێنرێتەوە (مەتا ١٦: ٢١).

تێبینی ئەوە بکە کە مەتا چۆن ئەم ئایەتەی داڕشتووە: «لەو کاتەوە عیسا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە بۆ قوتابییەکانی». وا دیارە ئەم گفتوگۆیە یەک جار و گفتوگۆیەکی پێنج خولەکی نەبووە، بەڵکو لەم کاتە بەدواوە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بووە لە فێرکردنی عیسا. هەروەها تێبینی وشەی «دەبێت» بکە. ”دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێنرێتەوە“. هەروەها تێبینی وشەی «ڕوونکردنەوە» بکە. واتای چییە کە ئەو دەستی کرد بە «ڕوونکردنەوە» بۆیان کە پێویستە چی ڕووبدات؟ لە کوێدا ئەوەیان بۆ دەردەخات؟ ئایا لە لایەنی لۆژیکییەوە؟ یان بە سەلماندن؟ نەخێر، بەڵکو لە کتێبە پیرۆزەکانەوە بۆی ڕوون کردنەوە، لە پەیمانی کۆن. ئایا لە مەبەستەکەی تێدەگەیت؟ ڕۆڵی مەسیح و ئەرکەکەی و چارەنووسی شتێک نەبووە کە «هێشتا دیاری نەکرابێت»؛ عیسا ڕوونی کردەوە کە زۆر باش لە پەیمانی کۆندا باسی کراوە، هەروەها یەکێک لەو شتانەی کە مەسیحی ڕاستەقینە ئەنجامی دەدات ئەوەیە کە لەدوای مردن هەڵدەستێتەوە. عیسا دەیگوت کە «مەسیح لە مردن هەڵدەستێتەوە. ئەگەر من لە مردن هەڵنەستمەوە، کەواتە من مەسیح نیم. بەڵام

لەبەر ئەوەی لە مردن هەڵدەستمەوە، کەواتە...» - بێگومان لە مەبەستەکە تێدەگەیت.

پاش چەند ڕۆژێک بۆ جاری دووەم عیسا پێشبینی مردنی خۆی کرد، هەروەها ئەو جارەیان پەیوەستی کرد بە پێشبینییەکی دیکەی پەیمانی کۆن سەبارەت بە مەسیح. مەتا بەم شێوەیە پێمان دەڵێت:

> کاتێک قوتابییەکان لە جەلیل کۆبوونەوە، عیسا پێی فەرموون: «کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست خەڵک و دەیکوژن، لە ڕۆژی سێیەم هەڵدەستێنرێتەوە.» قوتابییەکانیش بەمە زۆر دڵگران بوون (مەتا ١٧: ٢٢-٢٣).

وا دیارە دەربڕینی «کوڕی مرۆڤ» شێوازێکی دڵخواز بوو لەلای عیسا بۆ ئەوەی بەم دەربڕینە باسی شوناسی خۆی بکات، بەڵام تەنها بە واتای «کوڕی مرۆڤ» نایەت. ئەوە وەسفی زۆرێک لە ئێمە دەکات. لەبری ئەوەی ناسناوەکە لە پێغەمبەر دانیال وەربگرێت لە پەیمانی کۆن، کە بینینێکی هەبوو دەیگوت «کەسێکی وەک کوڕی مرۆڤ». ئەمە واتا ئەو کەسەی کە دانیال بینیویەتی لە شێوەی مرۆڤ بووە. بەڵام تێبینی ئەوە بکە کە دانیال دەڵێت «ئەوەی وەک کوڕی مرۆڤ» بوو:

> لە بینینەکەی شەودا تەماشام کرد، بەسەر هەوری ئاسمانەوە یەکێکی وەک کوڕی مرۆڤ بوو هات، گەیشتە لای خودای جاویدانی و بردیانە بەردەمی. ئینجا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا، بۆ ئەوەی هەموو گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان بیپەرستن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە کە بەسەرناچێت، پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت (دانیال ٧: ١٣ - ١٤)

ئەمە بوو کە عیسا ئاماژەی پێدەکرد کاتێک بە خۆی دەگوت کوڕی مرۆڤ. ئەم ناسناوە زۆر گرنگە تەنها ئاماژە نییە بۆ دەسەڵاتی شاهانە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ لایەنی لاهوتیش. بەڵام گرنگترین شت لە مەبەستی ئێمە، جارێکی دیکە سەرنج بدەوە چۆن عیسا لە مەتا (١٧: ٢٢) هەموو ئەو ئاماژانەی بە دیاریکری پەیوەست کردووە بە زیندووبونەوە. ڕاستە لێرەدا وشەی «دەبێت»ی بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەنجامەکەی هەمان شتە. مەبەستی ئەوەیە کە «ڕێک هەروەک پێشبینییەکەی پەیمانی کۆن،

کـوڕی مـرۆڤ دەکوژرێـت و دووبـارە لـە ڕۆژی سـێیەم هەڵدەسـتێتەوە. ئەگـەر ئەمـە ڕووینـەدا، ئـەو کاتـە مـن کـوڕی مـرۆڤ نیـم. بـەڵام مـن کـوڕی مرۆڤـم، کەواتـە هەمـوو ئـەوە ڕوودەدات.»

سـێیەم جـار کـە عیسـا پێشـبینی زیندووبونـەوەی خـۆی لـە ئینجیلـی مەتـا کـرد، ڕاسـتەوخۆ ڕێـک پێـش چوونـی بـۆ ئۆرشـەلیم بـوو بـە چەنـد ڕۆژێـک بـەر لەخاچدانـی. مەتـای مزگێنیـدەر بـەم شـێوەیە تۆمـاری کـردووە:

> کاتێـک عیسـا بـەرەو ئۆرشـەلیم دەڕۆیشـت، دوازدە قوتابییەکـەی جیـا کـردەوە و بـە ڕێـگاوە پێـی فەرمـوون: «ئـەوا بۆ ئۆرشـەلیم سـەردەکەوین، کـوڕی مـرۆڤ دەدرێتـە دەسـت کاهینانـی بـاڵا و مامۆسـتایانی تـەورات، ئەوانیـش بڕیـاری مردنـی دەدەن و بـۆ گاڵتـە پێکـردن و بـە قامچـی لێدان و لەخاچـدان دەیدەنـە دەسـت ناجولەکـەکان، لـە ڕۆژی سـێیەمیش هەڵدەسـتێنرێتەوە.» (مەتـا ٢٠: ١٧ – ١٩).

لێـرەدا شـتێکی نـوێ نییـە. لێـرەدا عیسـا هەمـان مەبەسـتی هەیـە کـە لـە پێشـبینییەکەی پێشـتری ئامـاژەی پـێ دا: «ئەمـە ڕوودەدات، لەبـەر ئـەوەی مـن کـوڕی مرۆڤـم.»

دەبینیـت؟ بـەردەوام عیسـا هەسـتانەوەکەی بـە شوناسـی خـۆی بەسـتووەتەوە. ئەگـەر ئـەوە ڕوویـدا، ئـەو کاتـە ئـەو مەسـیح و پاشـا و کـوڕی مرۆڤـە. ئەگـەر ئەمـە ڕووینـەدا – وا باشـە لەبیـری بکـەن. لـەدوای هەسـتانەوەی، قوتابیەکانـی هەمـان شـتیان کـرد. وتارەکـەی پەترۆسـی نێـردراو لـە (کـرداری نێـردراوان ٢) وەک ڕۆژی ڕوونـاک ڕوونـە. بـەم شـێوەیە تۆمـار کـراوە:

> پیاوانـی ئیسرائیـل، گـوێ لـەم قسـانە بگـرن: عیسـای ناسـیرەیی پیاوێکـە بۆتـان سـەلمێنرا، بـە پەرجـوو و کاری مـەزن و نیشـانە لەلایـەن خـوداوە لایەنگری کـراوە، کـە خـودا لـە ڕێگـەی ئـەوەوە لەنێوتـان ئەنجامـی دا، وەک خۆتـان دەزانـن. ئـەم بەگوێـرەی خواسـتی بڕیارلەسـەردراو و زانینـی پێشـووی خـودا داتانـە دەسـت، بـە دەسـتی گوناهبـاران لـە خاچتـان دا و کوشـتتان. بـەڵام خـودا هەڵیسـتاندەوە و لـە ئـازاری مـردن ئـازادی کـرد، لەبـەر ئـەوەی نەدەکـرا لـە چنگیـدا بمێنێتـەوە. سـەبارەت بـە ئـەو داود گوتوویەتـی:

هەمیشە یەزدانم لەبەردەمم دەبینی،

لەبەر ئەوەی لەلای دەستەڕاستمەوەیە، ناهەژێم.

بۆیە دڵشادم و زارم خۆشی دەردەبڕێت،

تەنانەت جەستەم لە هیوادا نیشتەجێ دەبێت،

چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردوواندا بەجێناهێڵیت،

هەروەها ڕێگا نادەیت دڵسۆزەکەی تۆ لەناو گۆڕ بۆگەن بێت.

ڕێگاکانی ژیانت پێ ناساندم،

تێربوون لە شادی لە ئامادەبوونتدایە

برایـان، بـا بـە ڕاشـکاوی پێتـان بڵێـم کـە داودی باوکـمان مـرد و نێـژرا، گۆڕەکەشـی تاکـو ئەمـڕۆ لەلامانـە. ئەویـش کـە پێغەمبـەر بـوو، دەیزانـی خـودا سـوێندی خـواردووە و بەڵێنـی پێـداوە کـە لـە بـەری پشـتی ئـەو لەسـەر تەختەکـەی دادەنیشـێت. پێشـبینیی کـرد و باسـی هەسـتانەوەی مەسـیحەکەی کـرد، کـە نـە لـە جیهانـی مردووانـدا بەجێهێڵـرا و نـە جەستەشـی بۆگـەن بـوو. ئـەم عیسـایە خـودا هەڵیسـتاندەوە، ئێمـەش هەمووـمان شـایەتین بـۆی. ئینجا بۆ لای دەستەڕاسـتی خـودا بەرزکرایەوە کـە بەڵێنـی ڕۆحـی پیـرۆزی لـە باوکـەوە وەرگـرت، ئەمـەی ڕژانـد کـە ئێـوە دەیبینـن و دەیبیسـتن. داود بـۆ ئاسـمان بـەرز نەکرایـەوە، بەڵکـو خـۆی دەڵێـت:

[یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:

لە دەستەڕاستم دابنیشە

هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت.”]

بۆیـە بـا هەمـوو ماڵـی ئیسرائیـل بـە دڵنیاییـەوە بزانـن کـە ئەم عیسـایەی ئێـوە لـە خاچتـان دا، خـودا کـردی بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ (کرداری نێـردراوان ٢: ٢٢-٣٦).

دەبینـی کـە چـی دەڵێـت؟ ئەمـە مەبەسـتەکەیە: «ئـەی خەڵکینـە ئێـوە عیسـاتان کوشـت، بـەڵام خـودا لـە مـردن زینـدووی کـردەوە و هەڵیسـتاندەوە، چونکـە مەحاڵـە مـردن بەسـەریدا زاڵبێـت. بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی وەک داود گوتـی، خـودا ڕێـگا نـادات جەسـتەی مەسیحەکەی بۆگـەن ببێـت. ناکرێـت داود مەبەسـتی لـە خـۆی بووبێـت کـە باسـی مەسـیح دەکات، لەبـەر ئـەوەی ئـەو مـرد و نێـژرا و ئێمـەش ئێسـتا دەزانیـن گۆڕەکـەی لەکوێیـە. کەواتـە بێگومـان دەبێـت مەبەسـتی لـە مەسـیحێک بێـت کـە لـە داهاتـوو دێـت. باشـە، بیـری لـێ بکـەوە. خـودا ئـەو عیسـایەی هەسـتاندەوە – ئێمـەش هەمووم‌ـان شـایەتحاڵی ئـەو ڕاسـتییەین. لەبـەر ئـەوەی مەسـیحەکە هەڵدەسـتێتەوە، بۆیـە بـا هەمـوو ماڵـی ئیسرائیـل بـە دڵنیاییـەوە بزانـن کـە ئـەم عیسـایەی ئێـوە لـە خاچتـان دا، خـودا کـردی بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆ.“

ناکرێـت پەیامـی پەتـرۆس لـەوە ڕوونـتر بێـت. عیسـا لەنێـو مـردووان هەسـتێنرایەوە، لەبـەر ئـەوە عیسـا مەسـیحەکەیە، ڕێـک بـەو جـۆرەی کـە خـۆی گوتـی.

**واتای هەستانەوە چییە لە پەیمانی کۆندا؟**

هەسـتانەوەی عیسـا و دیاریکردنـی شوناسـەکەی وەک مەسـیح، چ پەیوەندییەکـی هەیـە بـە کتێبـی پیـرۆزەوە. پەیوەندییەکـی زۆری پێـوە هەیـە. پەیمانـی کـۆن فێـری کردوویـن کـە دەسـەڵاتی مەسـیح گشـتگیر و هەمـە لایەنـە و جیهانیـی و ڕەهایـە. وە دەسـت دەگرێـت بەسـەر هەمـوو لایەنەکانـی ژیـان و بووندا. بـەڵام لایەنێکـی دیارکـراو هەیە تێیدا دەسـەڵاتی دەبێـت، ئەویـش قسـەکردنە لەجیاتـی خـودای بـاوک. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئـەو لـە پێغەمبەرێـک زیاتـرە. خـودا گوتـی کـە پێغەمبەرێـک دەنێرێـت وەکـو موسـا و بەڵێنـی دا: ”وتەکانـم دەخەمـە دەمـی و ئـەوەی فەرمانـی پێـدەدەم ئـەو بۆیان پێـی دەدوێـت“ (دواوتار ١٨: ١٨). لەبـەر ئـەوە عیسـا توانـی کـە قسـەی بوێرانـە بـکات وەکـو «ڕاسـتی ڕاستیتان پـێ دەڵێـم: کوڕەکـە ناتوانێـت لـە خۆیـەوە هیـچ شـتێک بـکات ئـەوە نەبێـت کـە دەیبینێـت بـاوک دەیـکات، چونکـە هەرچـی بـاوک دەیـکات، کوڕەکـەش دەیـکات» (یۆحەنـا ٥: ١٩). ئـەو هـۆکارە وای کـرد یۆحەنـا سـەبارەت بـە عیسـا بڵێـت: «ئـەوەی خـودا ناردوویەتـی بـە

پەیامی خـودا دەدوێـت» (یۆحەنـا ٣: ٣٤). مەسـیحیش پێغەمبـەر بـوو، ئـەو کەسـەی بـە وردی کەسـایەتی خـودا و فەرمایشـتی خـودی ئاشـکرا کـرد.

بــە درککــردن بەمــە، زۆر سەرنجڕاکێشــە کــە دەبینیــن عیســا چــۆن لەڕێگــەی خزمەتەکەیـەوە لەگـەڵ پەیمانـی کۆنـدا مامەڵـەی کـرد. بـۆ نموونـە، بـا بڕوانینـە گێڕانـەوەی لۆقـا سـەبارەت بـەوەی عیسـا لەپـاش هەسـتانەوەی بـە قوتابییەکانـی گـوت:

> ئینجـا پێـی فەرمـوون: «ئـەم قسـانەم بـۆ کـردن کاتێـک لەگەڵتـان بـووم: پێویسـتە هەمـوو ئەوانـەی لـە تەوراتـی موسـا و پێغەمبـەران و زەبـووردا دەربـارەی مـن نـووسراون بێنـە دی.» (لۆقـا ٢٤: ٤٤)

زۆر جـار جولەکـەکان کورتکراوەیـان بەکاردەهێنـا بـۆ ئاماژەکـردن بۆ سـیپارەکانی پەیمانی کـۆن، لەوانــە «شــەریعەت، پێغەمبــەران، نــووسراوەکان»، یانیــش ســادەتر «شــەریعەت و پێغەمبـەران». لەبـەر ئـەوە، کاتێـک عیسـا فەرمـووی کـە پێویسـتە «شـەریعەتی موسـا و پێغەمبــەران و زەبــوورەکان» تــەواو بــکات (ســیپارەی زەبــوورەکان گەورەتریــن ســیپارەیە لەنێــو هەمــوو ســیپارەکان)، ئەمــە دانپێدانــان و پشتڕاســتکردنەوەی دەســەڵاتی تــەواوی پەیمانـی کـۆن بـوو هـەر لـە سـەرەتایەوە هەتـا کۆتایـی.

بـەڵام شـایەتیدانی عیسـا بـۆ پەیمانـی کـۆن زۆر لەمـە قووڵـتر دەبێتـەوە. تەنها پێـی وانەبوو کـە جێـی متمانەیـە، بەڵکـو فەرمـووی کـە وشـەی خودایـە. بڕوانـە ئـەم بڕگەیـە لە (مەتـا ١٩):

> هەندێـک فەریسـی هاتنـە لای بـۆ ئـەوەی تاقیـی بکەنـەوە و گوتیـان: «ئایـا دروسـتە مێـرد لەبـەر هـەر هۆیـەک بێـت ژنەکـەی تـەڵاق بـدات؟»
>
> عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «ئایـا نەتانخوێندووەتـەوە، ئـەوەی لـە سـەرەتاوە بەدیهێنـاوە [بـە نێـر و مـێ بەدیهێنـان]؟ هەروەهـا فەرمـووی: [لەبـەر ئــەوە پیــاو دایــک و باوکــی خــۆی بەجێدەهێڵێــت و بــە ژنەکەیــەوە دەنووسـێت، ئیـتر هەردووکیـان دەبنـە یـەک جەسـتە.] کەواتـە چیـتر دوو نیــن بەڵکــو یــەک جەســتەن. لەبــەر ئــەوە ئــەوەی خــودا بــە یەکــتری گەیانـدووە، بـا مـرۆڤ جیـای نەکاتـەوە» (مەتـا ١٩: ٣-٦).

باسـەکە لێـرەدا هەندێـک ڕابەرانـی ئیسرائیـل بـوون کـە پرسـیاریان لـە عیسـا دەکـرد

سەبارەت بە تێگەیشتنی ئەو لە کتێبی پیرۆز. ڕوونە کەوا ئەوان بە لایانەوە گرنگ نەبوو بەوەی کە چی دەڵێت بەڵام سەرنجیان لەسەر ئەوە بوو کە دەوری بدەنەوە و ناوبانگی بزڕێنن. شێوازی گفتوگۆکە زۆر جوان ڕۆیشتە پێش، بەڵام ئەوەی دەمەوێت سەرنجی بدەیت، وەڵامەکەی عیسایە: "لەبەر ئەوە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت" ئەوەی کە "بە ]ژن و مێرد[ بەدیهێنان». ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سیپارەی پەیدابوون، تێبینی ئەوە دەکەیت کە ئەم دەربڕینە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ خودا. بەڵکو سەرنجێکی مرۆڤانەیە لەلایەن نووسەری سیپارەی پەیدابوون لەسەر حاڵەتێکی دیاریکراو. بەڵام خاڵێک لێرەدا هەیە: عیسا تەنانەت لەو بەشانەی پەیمانی کۆن تێگەیشتبوو کە تێیدا بەڕاستی خودا خۆی قسەی نەکردووە.

دەتوانیت هەمان شت لە (مەرقۆس ١٢: ٣٦) ببینیت کاتێک عیسا ئاماژە بە زەبوورێک دەکات کە داود نووسیویەتی، بەڵام بەوە دەستیپێکرد کە گوتی: «داود خۆی بە سروشی ڕۆحی پیرۆز گوتی...» دەبینیت؟ لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، عیسا پشتگیری مەسیحبوونی خۆی کرد و دووپاتی کردەوە کە هەر وشەیەک لە پەیمانی کۆن وشەی خودایە، بەم شێوەیە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ڕاستە. فێرکردنەکانی سەبارەت بە خودا لەسەر ئەم بابەتە بنیات نابوو، هەروەها لە بانگەشە مێژووییەکانیشدا هەمان شت بەدی دەکەین. لە قۆناغێکی چوار ئینجیلەکەدا، عیسا بە وردەکارییەکی مێژووییەوە باسی خەڵک و چیرۆکەکانی نێو پەیمانی کۆن دەکات - ئادەم و حەوا، قایین و هابیل، نوح، ئیبراهیم، سەدۆم و عەمۆرا، ئیسحاق، یاقوب، موسا، وە مەن کە لە ئاسمان دابەزی لەو کاتەی لە بیابان بوون، مارە مسەکە، داود و سلێمان، شاژنی شەبا، ئیلیا و ئەلیشەع، بێوەژنەکەی سەرەفەند، نوعمان، ئیشایا، یەرمیا، زەکەریا، وە تەنانەت یونس کە ماسییەکی گەورە قوتی دا. عیسا بە وردەکارییەوە باوەڕی بە هەموو ئەوانە هەبوو، وە ئەمە شتێکی گرنگە چونکە ئەو مەسیحەکە بوو.

ئێستا هەندێک کەس ناوبەناو لەم خاڵەدا سات‌مە دەکەن و دەڵێن: «بەڵام ئایا عیسا چەند شتێکی پەیمانی کۆنی ڕاست نەکردەوە؟ ئایا پێی وا نەبوو کە هەندێک شت هەڵە بوونە یان بەگوێرەی پێویست نەبووە و بە شوێنکەوتووانی خۆی گوتووە کە باوەڕ بە شتێکی جیاواز بهێنن؟ نەخێر. بێگومان کاتی وا هەبووە کە عیسا هەندێک شتی گوتووە وەکو «بیستووتانە گوتراوە... بەڵام من پێتان دەڵێم...» کاتی

شیاومان نییە بۆ ئەوەی بە وردی لەم ڕوداوانە ڕامێنین (دەتوانیت لە پەراوێزی هەر چاپێکی کتێبی پیرۆز شرۆڤەی پێویست بدۆزیتەوە)، بەڵام ئەو بابەتەی کە پێویستە درکی پێ بکرێت ئەوەیە کە عیسا لە هەر یەکێک لەم خاڵانەدا، پەیمانی کۆنی ڕاست نەدەکردەوە، بەڵکو هەڵە و هەڵخەڵەتاندنی فەریسییەکان و هەوڵە گڵاوەکانیان بۆ فەرامۆشکردنی واتای ڕاستەقینەی پەیمانی کۆن ڕاست دەکردەوە. واتا، لەبری ڕاستکردنەوەی پەیمانی کۆن، عیسا پەیڕەوی لە دەسەڵاتە شاهانەکەی و پێغەمبەرایەتی خۆی دەکرد بۆ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی پشت ئایەتەکانی پەیمانی کۆن بڵێت - ئەمە دووپاتکردنەوەی توانای پەیمانی کۆنە لەگەڵ دەسەڵات و ڕاستییەکەی لە ژیانی گەلی جولەکەدا. بەم ڕوونکردنەوەیە دەستی کرد بە وتارە بەناوبانگەکەی لەسەر چیا: «وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پێغەمبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان» (مەتا ٥: ١٧).

لە مەبەستم تێدەگەیت؟ بێگومان هێشتا هەندێک پرسیار هەیە سەبارەت بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی کتێبی پیرۆز، وە ئەوەی کە چۆن لەمە تێبگەین و چۆن ئەمە دەگونجێت لەگەڵ ژیانی باوەڕدارانە و پەیمان و بەخشین و شتەکانی دیکە. هەروەها پەیمانی کۆن هەندێک بابەتی ناوازە لە بارەی گواستنەوە و پیرۆزکردن و دەسەڵاتەوە پێشکەش دەکات، هەروەها دەتوانیت کتێبی گەورە بخوێنیتەوە کە زانایانی باوەڕدار سەبارەت بە هەموو ئەم بابەتانە نووسیویانە. بەڵام لێرەدا باسی بابەتێکی گرنگ دەکەین. بۆچی هەموو ئەم کتێبە گەورانە بەوە دەستپێدەکەن کە پەیمانی کۆن وشەی خودایە؟ لەبەر ئەوەی عیسا، مەسیحی هەستاوە لە مردن ئەمەی گوتووە. لەبەر ئەم هۆکارە ئێمە باوەڕمان پێی هەیە.

**لە پەیمانی نوێدا هەستانەوە واتای چییە؟**

ئەی پەیمانی نوێ چی؟ بە ڕاشکاوی، بابەتەکە ڕوون نییە کاتێک باسی پەیمانی نوێ دەکەین. پاش هەموو شتێک، کاتێک عیسا لەسەر زەوی بوو، ڕەنگە بە قسە دەسەڵاتی پەیمانی نوێی دووپات کردبێتەوە، هەروەک ئەوەی سەبارەت بە پەیمانی کۆن گوتی، بەڵام ئەو کاتە هێشتا پەیمانی نوێ نەنووسرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کە بەپێی باوەڕی مەسیحییەت پەیمانی نوێ وشەی خودایە، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی عیسا وەک مەسیحی هەستاوە لەنێو مردووان،

بـەڵام بـە شـێوەیەکی تۆزێـک جیـاواز. لەبیرتـە لـە بەشـی چوارەمـی ئـەم کتێبـە چـۆن گوتمـان کـە باوەڕدارانـی سـەرەتا بـەردەوام باسـی ئەوەیـان کـردووە کـە سـیپارەکانیان بـۆ ماوەتـەوە و پێیـان دراوە، وە پێـوەری بنەڕەتـی کـە بەکاریـان هێنـاوە بـۆ بەرگریکـردن لـەم سیپارانە ئەوەیـە کـە دەسـەڵاتێکی نێردراوییێتییـان هەیـە؟ لـەو قۆناغـەدا، بـە سـادەیی تێبینـی لۆژیکیبوونـی ئـەم دڵنیابوونەوەیەمـان کـردووە وەک بابەتێکـی مێژوویـی؛ وە بێگومـان لۆژیکییـە کـە بەرزتریـن ئاسـتی دڵنیایـی هەبێـت بـەو سـیپارانەی کـەوا مـۆری ڕەزامەنـدی شـایەتحاڵەکانی لێـدراوە.

بـەڵام ئەمـە تاکـە هـۆکار یـان هۆکارەکـی سـەرەکی نییـە کـە نێردراوێتـی پێـوەری سـەرەکی کڵێسـا بووبێـت بـۆ دڵنیابوونـەوە لـە دەسـەڵاتی پەیڕەوکـراو بـۆ ئـەم سـیپارانەی پێیـان دراوە. جارێکـی دیکـە، هـۆکاری سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ دەسـەڵاتی عیسـا.

لـە (یۆحەنـا ١٦) تێبینیـت کـردووە کاتێـک عیسـا دواییـن ڕێنمایـی دەدایـە قوتابییەکانـی، بەڵێنـی دا کـە پـاش هەسـتانەوەی و بەرزبوونـەوەی بـۆ ئاسـمان، ڕۆحـی پیـرۆز دەنێرێـت بـۆ ئـەوەی فێرکردنـی زیاتریـان پـێ بگەیەنێـت کـە دەیەوێـت بیزانـن؟ بێگومـان ئەمـە دەقێکـی ناوازەیـە:

> «هێشـتا شـتی زۆرم هەیـە پێتانـی بڵێـم، بـەڵام ئێسـتا ناتوانـن بەرگـەی بگـرن. بـەڵام کاتێـک ئـەو دێـت، کـە ڕۆحـی ڕاسـتییە، ئـەو بـۆ ڕاسـتی تـەواو ڕێنماییتـان دەکات، چونکـە لـە خۆیـەوە هیـچ ناڵێـت، بەڵکـو ئـەوەی گوێـی لـێ دەبێـت دەیڵێـت و ڕایدەگەیەنێـت چـی ڕوودەدات. ئـەو شـکۆدارم دەکات، چونکـە ئەوەتـان پـێ ڕادەگەیەنێـت کـە لـە منـەوە وەریدەگرێـت. هەمـوو ئـەوەی کـە هـی باوکـە، هـی منیشـە. لەبـەر ئـەوە گوتـم، ڕۆحـی پیـرۆز لـە هـی مـن وەردەگرێـت و پێتانـی ڕادەگەیەنێـت» (یۆحەنـا ١٦: ١٢-١٥).

ئەمـە زنجیرەیەکـی سەرنجڕاکێشـە لـەو دەسـەڵاتەی عیسـای دایدەنێـت، مەگـەر نـە؟ هەمـوو شـتێک کـە دەبێـت بیڵێـت لـە باوکەوەیـە؛ هەرچـی لـە باوکـەوە وەریدەگرێـت بـە ڕۆحـی پیـرۆزی دەبەخشـێت، ئەویـش هەمـوو ئـەو شـتانە بـە نێـردراوان ڕادەگەیەنێـت. تێبینـی ئەمـە دەکەیـت؟ لێـرەدا عیسـا بـە قوتابییەکانـی دەڵێـت کـەوا فێرکردنـی زیاتـر دێـت، بـە دیاریکـراوی بـۆ ئـەوان دێـت. جێـی سـەرنجە کـە ببینیـن چـۆن نێـردراوان

خۆیـان لـە نووسـینەکانیان درکیـان بـەوە کـردووە کـە ئـەوان بـە دەسـەڵاتی ڕۆحـی پیـرۆز دەقـەکان دەنووسـن. یەکێـک لـە دەقـە زۆر گرنگـەکان لـە نامـەی دووەمـی پەترۆس، بەشـی سـێیە، کـەوا پەترۆسـی نێـردراو خوێنەرەکانـی هـان دەدات بـۆ ئـەوەی هەتـا کۆتایـی چەسـپاو و خۆڕاگـر بـن. ئینجـا دەڵێـت:

”بزانــن کــە پشــوودرێژی پەروەردگارمــان هەلێکــە بــۆ ڕزگاری، وەک پۆڵسـی بـرای خۆشەویسـتمان بەگوێـرەی ئـەو داناییـەی خـودا پێیـداوە بـۆی نووسـین. ئـەو لـە هەمـوو نامەکانیـدا لەبـارەی ئـەم شـتانەوە دواوە، ئـەوەی هەندێـک شـتی تێدایـە گرانـە بـۆ تێگەیشـتن کـە نـەزان و نەچەسـپاوەکان، وەک نـووسراوە پیرۆزەکانـی دیکـە، بـۆ لەناوچوونـی خۆیـان دەیشـێوێنن“ (دووەم پەتـرۆس ٣: ١٥-١٦).

جێـی سـەرنجە کـە پەتـرۆس ئامـاژە بـۆ ئـەوە بـکات کـە پێـی وایـە نووسـینەکانی پۆڵـس «زەحمەتـە بـۆ تێگەیشـتن». هەندێـک جـار زۆر لـە بـاوەڕداران هەمـان ئـەم هەسـتەیان هەیـە! بـەڵام پەتـرۆس دەشـڵێت کـە پۆڵـس نووسـیویەتی «بەپێـی ئـەو داناییـەی پێـی دراوە. هـەروەک لـە هەمـوو نامەکانـی وا دەکات». ئـەو داناییـەی کـە باسـی دەکات، داناییەکـی ئاسـایی نییـە، ڕەنگدانـەوەی بەڵێنـی عیسـایە بـۆ قوتابییـەکان کـە ڕۆحـی پیـرۆز دەنێرێـت بـۆ ئـەوەی ڕێنماییان بـکات بـۆ هەمـوو ڕاستییەک. وە لـە کۆتاییـدا، پەتـرۆس دەڵێـت کـە خەڵک «زانا نین و چەسـپاو نیـن»، هەندێـک جـار قسـەی پۆڵـس دەگـۆڕن بـۆ خواسـتی تایبەتـی خۆیـان هـەروەک هەمـان شـت لەگـەڵ سـیپارەکانی دیکـەش دەکـەن! ڕوونـە کـەوا پەتـرۆس نووسـینەکانی پۆڵـس لـە هەمـان ئاستی دەسـەڵاتی سـیپارەکانی پەیمانـی کـۆن دادەنێت. ئـەو دەقانـە باسـی بەدیهاتنـی ئـەو بەڵێنانـە دەکات کـە لـە ڕێـگای ڕۆحـی پیـرۆزەوە جێبەجـێ دەکات.

ئـەم زنجیرەیـەی دەسـەڵات ڕوونـی دەکاتـەوە کـە بۆچـی باوەڕدارانـی سـەرەتا پێداگرییان لەسـەر ئـەوە دەکـرد کـە دەقـە کۆکراوەکانـی پەیمانـی نـوێ بگەڕێننـەوە بـۆ نێـردراوان. بابەتەکـە هـەر ئـەوە نییـە کـە ئـەوان تەنهـا شـایەتحاڵ بوونـە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی بـە دیاریکـراوی ئـەوان ئـەم دەسـەڵاتەیان لـە عیسـای پاشـا وەرگرتـووە کـە ئـەو شـتانە فێـر کڵێسـا بکـەن کـە عیسـا ویسـتوویەتی فێریـان بـکات.

لـە بەشـی چـوارەم ئەوەمـان هەڵێنجـا کـە دەتوانیـن بـە تـەواوی دڵنیـا بیـن لـەوەی کـە سـیپارەکانی پەیمانـی نـوێ لـە ڕاسـتیدا ئـەو سـیپارانەن کـەوا ئـەم جـۆرە دەسـەڵاتەیان

هەیە. ئەگەر پێویست بکات دەتوانیت بۆی بگەڕێیتەوە و جارێکی دیکە بیخوێنیتەوە. شایانی باسە کە ئێمەی باوەڕدار بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی عیسا بۆ ژیانمان پشت بە بەڵگە مێژووییەکان نابەستین، بەڵکو پشت دەبەستین بە تێگەیشتنی ئەوەی بەشێک لە کاری ڕۆحی پیرۆز ئەوەیە کە بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییمان دەکات (یۆحەنا ١٦: ١٣)، وە لە نێویشی ڕێنماییکردن پڕۆسەی کۆکردنەوەی سیپارە پیرۆزەکان. واتا، کاتێک گەیشتیتە ئەو دەرەنجامەی کە عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە و بەو هۆیەوە پاشای گەردوونە، ئەو کاتە ئاسان دەبێت بگەیتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو دەتوانێت «ڕاستی تەواو» بێنێتە دی بەو جۆرەی کە بەڵێنی دابوو.

کەواتە سەرنج بدە. ئەگەر عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە، کەواتە ئەو مەسیحی چاوەڕوانکراو و پاشاکە و کوڕی خودایە و پێغەمبەرە. وە ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، پێویستە بە بایەخەوە گوێی لێبگرین، لەوانەش پاڵپشتی ئەو بۆ تەواوی پەیمانی کۆن بەوەی کە وشەی خودایە. نەک تەنها ئەمە، بەڵکو هەموو هۆکارێکمان هەیە بۆ ئەوەی متمانە بکەین بەوەی تەواو ئەو بەڵێنەی جێبەجێ کردووە کە داویەتی - ڕۆحی پیرۆز دەنێرێت بۆ ئەوەی ڕێنوێنی قوتابییەکانی بکات بۆ هەموو ڕاستییەک کە ویستی بۆیان ڕابگەیەنێت لە پێناوی چاکەی کڵێسا - بۆیە متمانە دەکەین بە کاری ڕۆحی پیرۆز لە ڕابەرایەتی کڵێسا بۆ درککردن بەم ڕاستییە.

لەبەر ئەوە، لە کۆتاییدا وەڵامی باوەڕدار بە مەسیح بۆ پرسیار «بۆچی متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین؟» ئەمە دەبێت: «لەبەر ئەوەی عیسا پاشای هەستاوە لەنێو مردووان پشتگیری پەیمانی کۆنی کردووە و دانی بە دەسەڵاتی پەیمانی نوێدا ناوە“. ئەمەش گریمانە نییە، بیرنەکردنەوەش نییە، وەک ئەوەی چاوت دابخەیت و هەنگاوی باوەڕ بهاوێیت، بەڵکو ئەنجامێکی بەدەستهاتووە لەسەر بنەمای چەند ڕاستییەک:

١. کتێبی پیرۆز لە لایەنی مێژووییەوە جێی متمانەیە.

٢. عیسا لەنێو مردووان هەستایەوە.

٣. ئینجا تەواوی کتێبی پیرۆز پشت بە دەسەڵاتی عیسا دەبەستێت.

لەبەر ئەم هۆکارە ئێمە باوەڕمان پێی هەیە.

لەبەر ئەم هۆکارە ئێمە متمانەمان پێی هەیە.

# وتەی کۆتایی

## پرسیاری دواتر

هـەروەک لـە سـەرەتای ئـەم کتێبـەدا گوتـم، ئەگـەر تـۆ بـاوەڕت بـە مەسـیح نییـە، هیـوادارم کـە ئـەم گفتوگۆیـە ڕێگـەی بـۆت خۆشـکردبێت تاکـو بیـر لـە کتێبـی پیـرۆز و بـاوەڕداران بکەیتـەوە بـە شـێوەیەک کـە جیاوازبێـت لـە بیرکردنـەوەی پێشـترت. هیـوادارم درکـت بـەوە کردبـێ کـە ئێمـەی بـاوەڕدار بەبـێ هـۆکار یـان لەسـەر کۆمەڵێـک گریمانـەی پێشـوەخت داڕێـژراو بـاوەڕ بەهیـچ شـتێک ناکەیـن. هیـوادارم بـەلای کەمـەوە ئێسـتا بتوانیـت بڵێیـت «ڕەنگـە لـە بـاوەڕی مەسـیحییەتدا شـتی زیاتـر هەبێـت، زیاتـر لـەوەی پێشـتر بیـرم لێـی دەکـردەوە».

هەروەهـا ئومێـدوارم لێـرەدا کۆتایـی بـە گەڕانەکـەت سـەبارەت بـە مەسـیحییەت نەهێنـی. ئەگـەر خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە تەنهـا کەمێـک متمانەکردنـت بـە کتێبـی پیـرۆزی لـەلا زیاتـر کردبێـت، هیـوادارم کاتـی پێویسـت تەرخـان بکەیـت بـۆ ئـەوەی بچیتە پرسـیاری دواتـر و گرنگـتر: کێیـە ئـەو کەسـەی کـە کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـەوە و بـەردەوام و بـە شـێوەیەکی تایبـەت باسـی دەکات؟ عیسـای مەسـیح کێیـە؟

عیسـا چـۆن باسـی خـۆی کـردووە؟ وە بۆچـی گرنگـە؟ ئـەوەی کـە لـە کۆتاییـدا بگەیـت بـەو دەرەنجامـەی کـە کتێبـی پیـرۆز ڕاسـت و دروسـتە و پشـتی پـێ دەبەسـترێت، تەنیـا ئامرازێکـە بـۆ گەیشـتن بـە شـتێکی دیکـە: دەتوانیـن متمانـە بـە عیسـا بکەیـن و بـاوەڕی پـێ بهێنیـن. پێـم وایـە یۆحەنـای نێـردراو بـە شـێوەیەکی باشـتر ئەمـە دەڵێـت:

«ئەمانـە نـووسراون تاکـو ئێـوە بـاوەڕ بهێنـن کـە عیسـا مەسـیحەکەیە، کـوڕی خودایـە، تاکـو بـە باوەڕهێنـان بـە نـاوی ئـەو ژیانتـان هەبێـت.» (یۆحەنـا ٢٠: ٣١)

**IX 9Marks**

Building Healthy Churches

# ٩نیشانەکان

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

**ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟**

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٠٣ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. دەتوانیت لەم لینکەی خوارەوەدا لیستی تەواوی ماڵپەڕی زمانە جیاوازەکان ببینیت:

**https://www.9marks.org/about/international-efforts/**

**9marks.org**

"باوەڕدارانـی ئـەم سـەردەمە، زیاتـر لـە هـەر سـەردەمێکی دیکـە، پێویسـتە بزانـن چـۆن بەرگـری لـە ڕاسـتیی "وشـەی خـودا" دەکـەن لەنێـو جیهانێکـدا کـە هەتـا دێـت دژایەتـی تێیـدا زیـاد دەکات. گیڵبـەرت لـەم کتێبـەدا بەڵگـەی بەهێـز ئاراسـتەی بـاوەڕداران و بێبـاوەڕان دەکات و پاڵپشـتی ڕاسـتگۆیی کتێبـی پیـرۆز دەکات، بـەوە بـاوەڕداران چەکـدار دەکات بـە کەرەسـتەی گرنـگ بـۆ ئـەوەی لـەم جیهانـە پـڕ لـە گومان و دوودڵییەدا چالاک بن."

**جۆش مکداوڵ، نووسەر و وتاربێژ**

"ئـەم کتێبـە پێویسـتییەکی گـەورە دابیـن دەکات لـە سـەردەمێک کـە خەڵکـی هەمـوو جـۆرە پرسـیارێک دەکـەن لەبـارەی کتێبـی پیـرۆز و ڕادەی ڕاسـتگۆییەکەی بـەر لـەوەی تەنانـەت تەماشـای بکـەن و بیخوێننـەوە. ئـەم بەرهەمـەی گرێـگ گیڵـبرت، "بۆچـی متمانـە بـە کتێبـی پیـرۆز بکـەم؟"، وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە بـە لێکۆڵینـەوە لـە کۆمەڵێـک بابـەت کـە خەڵکـی زۆر جـار دەیوروژێنـن بـۆ ئـەوەی مەزنتریـن کتێـب نەخوێننـەوە کـە کتێبـی پیـرۆزە. بـە زمانێکـی سـادە پێـمان دەڵێـت کـە بۆچـی دەتوانیـن متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین و سەرنجێکی ورد بخەینە سەر ئەوەی کە دەربارەی ژیان دەیڵێت."

**دارڵ ئێڵ. بۆک**

بەڕێوەبـەری جێبەجێکاریـی ڕێکخـراوی چالاکیـی کەلتوریـی هـاورد.
جـی. هێندرکـس؛ ، مامۆسـتای توێـژەر لـە بەشـی لێکۆڵینـەوە لـە
پەیمانی نوێ لە کۆلیژی یەزدانناسیی دالاس
قەشەی گەورەی کڵێسای ئارشە گێمایندە، هامبۆرگ، ئەڵمانیا

**گرێـگ گیڵـبرت** خاوەنـی بڕوانامـەی ماسـتەرە لـە سـاودرن باپتیسـت سـێمینەری و بڕوانامەی بەکالۆریۆسـە لـە زانکـۆی یەیـڵ. گیڵـبرت شـوانی گـەورەی کڵێسـای تێـرد ئاڤێنیـو باپتیسـتە لـە شـاری لویسـڤیڵ لـە ویلایەتـی کنتاکـی ئەمریـکا. نووسـەری هـەردوو کتێبـی "مزگێنیـی مەسـیح چییـە" و "عیسـا کێیە"یـە؛ وە کتێبێکی لەگەڵ کێڤن دییەنگ نووسیوە بە ناوی "ئەرکی کڵێسا".

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS / NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR
IX 9Marks
www.9marks.org